رووداو
RÛDAW

ژمارە (479)   دووشەممە 2017/10/30 – 8ی گەڵاڕێزان 2717   (750) دینار


## داعش خەریکە لەناودەچێ
# 3242 کوردی ئێزدی هێشتا بێسەروشوێنن

**رووداو– دهۆک**

خەریکە خۆری داعش بە تەواوی ئاوادەبێ و چارەنووسی زیاتر لە سێ هەزار کوردی ئێزدی هێشتا نادیارە.

دوایین پێگەی داعش کە ئێزدییەکان چاوەڕێ بوون، چارەنووسی زۆربەی رفێندراوانی تێدا دەربکەوێ، شاری رەققەی پایتەختی خەلافەتەکەی داعش بوو، بەڵام خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدیان لە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت: "تەنیا 20 کوردی ئێزدی لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققەدا رزگارکراون، ئەوانیش گەڕاونەتەوە نێو کەسوکاریان".

بەپێی دوایین ئامار کە لەلایەن خەیری بۆزانییەوە دراوەتە (رووداو)، لە کاتی پەلامارەکەی داعشدا بۆ سەر شنگال 6417 کوردی ئێزدی رفێندراون. تاوەکو ئێستا 3175 کەس لەو رفێنراوانە رزگارکراون و چارەنووسی 3242 رفێندراو (1535 مێ و 1707 نێر) هێشتا دیار نییە.

خەیری بۆزانی هێشتا بێ ئومێد نییە لە چارەنووسیان و دەڵێت "ئەوان لە ژیاندا ماون و براون بۆ شوێنێکی دیکە".

حوسێن کۆرۆ، بەرپرسی نووسینگەی رزگارکراوەکانی کوردی ئێزدی لە دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەوان بەردەوامن لە بەدواداچوون و رزگارکردنی رفێندراوان. کۆرۆ گوتی "زانیاریمان هەیە کە بەشێک لەوانە لەکوێن، ئێستا بەدوای رێگایەکدا دەگەڕێین رزگاریان بکەین".

6»



ئازاد جوندیانی بۆ (رووداو):

### بەغدا کەرکووک ناداتەوە تەها محێدین مەعرووفیش

5

### کورد نایەوێ بەبێ ئەمریکا گفتوگۆ لەگەڵ عێراق بکات

3

پەیمانگایەکی ئەمریکی:

### سەرکەوتنی حەشد لە کەرکووک سەری عەبادی دەخوات

7

# گۆڕان پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەردەگرێتەوە

3




### بەدڵنیاییەوە هەڤاڵ ئەبوبەکر دەبێتە پارێزگاری سلێمانی

د.ئیسماعیل نامیق

راپۆرت 6

### دوو خوشکی کوردی ئێزدی لە بولگاریا گیریان خواردووە



وزە 9

### کورد پاسوۆردی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووکی لەگەڵ خۆی بردووە

کۆمەڵایەتی 13

### دایک و باوکێک ئامادەنین منداڵە ئۆتیزمەکەیان لەخۆبگرن



ئابووری 8

### نرخی کرێی خانوو لە هەولێر بۆ نیوە دادەبەزێ





## پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان "لەسەر درێژکردنەوەی ئاگربەست ڕێککەوتوون"

**رووداو- هەولێر**

بەشێک لە میدیاکانی عێراقی لەسەر زاری سەرچاوەیەک لەنێو کۆبوونەوەکەی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان لە مووسڵ بڵاویانکردەوە، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی گەیشتوونەتە ڕێککەوتنی سەرەتایی بۆ ئەوەی ئاگربەستی نێوان هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە درێژبکەنەوە تاوەکو ئەو کاتەی دەگەنە ڕێککەوتن لەبارەی رادەستکردنەوەی دەروازەکان و گەرانەوەی پێشمەرگە بۆ سنووری ساڵی 2003. تاوەکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی ئەو ڕێککەوتنەی پشتڕاستنەکردووەتەوە و لێدوان لەو بارەوە نەدراوە. هەڵگورد حیکمەت، گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە بە رووداوی راگەیاند "ئەگەر هەر شتێک هەبێت ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە بە فەرمی راگەیێندراو بڵاودەکەینەوە".

بەرپرسێکی یەکێتی:

# ئەوەی ئێستا لە خورماتوو دەگوزەرێ لە ئەنفالی 1988 خراپترە

**رووداو- هەولێر**

جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە خورماتوو دەڵێ: ئەنفالی ساڵی 1988 باشتر بوو لەوەی لە خورماتوو گوزەرا و هێشتا دەگوزەرێ. دەپرسێت ئەگەر ڕێککەوتن کراوە، ئەو هەموو کوشت و کوشتار و داگیرکارییە چییە؟ ئەو دەڵێت هەتا حەشدی تورکمانی لە خورماتوو دەرنەکرێن، کورد ناگەڕێتەوە.

حەسەن بارام، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە خورماتوو، لە بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی رووداودا، سەبارەت بە رەوشی ئێستای خورماتوو رایگەیاند: "ئەوەی لە خورماتوو گوزەرا و هێشتا دەگوزەرێت، بریتییە لە ئەنفال، ئەنفالی ساڵی 1988 باشتر بوو لەوەی ئێستا، ئەمە جینۆساید و سڕینەوەی کورد و قڕکردنی کوردە لەو قەزایە".

ژمارەی دانیشتووانی قەزاکە 180 هەزار کەسە، بەگوتەی بارام نزیکەی 70 هەزاریان کوردن. حەسەن بارام دەڵێت "دەستدرێژی کرایە سەر وجود و ژیانی کورد لەو شارە، ئێستاش بەدەیان هەزار ڕۆڵەی ئەو شارە دەربەدەر و ئاوارە و سەرگەردانن". هەروەها دەڵێ: "حەشدی شەعبی، بە ئارەزووی خۆی ماڵ دەسووتێنێ و دەتەقێنێتەوە و تاڵان دەکات".

سەبارەت بەو زیانانەی بەر خەڵکی کورد کەوتوون لە شارۆچکەکە، لەگەڵ ژمارەی ئەو خەڵکە سڤیلانەی کوژراون، حەسەن بارام گوتی: "بەهۆی ئەوەی ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە ناو شار و ڕێگە بە میدیاکانیش نادرێت بۆ ئەوەی رووماڵی ئەو کارەساتە و کاولکارییە بکەن، ناتوانین ئاماری ورد بە دەستەوە بدەین، بەڵام بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانی ئێمە تا ئەم چرکە ساتە شەهیدەکانمان سەرووی 12 کەسە و زیاتر لە 6 کەسیش بێسەروشوێنن و لەبەردەستی عەسائیبی ئەهلی حەقدان. زیاتر لە 300 بۆ 400 ماڵ سووتێنراون و تەقێندراونەتەوە".

پێشتر بڵاوکرایەوە کە حەشدی شەعبی لە خورماتوو کشاونەتەوە، بەڵام حەسەن بارام دەڵێ "رەنگە ئەو حەشدەی لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق هاتبن، کشابێتنەوە، بەڵام ئەو حەشدە شەڕفرۆش و خوێنڕژ و تاقمە تورکمانە شیعانەی لەوێن بێگومان شار جێناهێڵن".

حەسەن بارام دەڵێت ئەوانەی شارەکەیان جێهێشتووە بە مەرج دەگەڕێنەوە "ئەگەر ئەو هێزە حەشدە تورکمانیانەی لە خورماتوون دەرنەکرێن و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرەبووی ئەو خەڵکانە نەکاتەوە کە زیانیان بەرکەوتووە، خەڵک ناڕواتەوە".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو خێزانانەی لەو شارۆچکەیە دەربەدەربوون، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە خورماتوو دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانی من بەپس لە سنووری ئیدارەی گەرمیان بە شار و شارۆچکەکانەوە ئەوەی کە تۆمار کرابێت، دەگاتە سەرووی 6500 خێزان، واتە نزیکەی 35 بۆ 36 هەزار کەس، لە چەمچەماڵیش نزیکەی 900 ماڵ و لە سلێمانیش نزیکەی 1000 خێزان هەن. بەپێی ڕێژەی کورد بێت لە خورماتوو نزیکەی 50 هەزار کەس دەربەدەربوون".

سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان هێزە کوردییەکان و حەشدی شەعبی لەو سنوورە، حەسەن بارام، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو وەکو کادیرێکی پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تا ئێستا نە بە نووسراو نە بە بیستراو نە بە دۆکیۆمێنتێت "نەمبیستووە ڕێککەوتنێک کرابێت، دەڵێن ڕێککەوتن کراوە، ئەگەر ڕێککەوتن کراوە ئەی ئەو هەموو کوشت و کوشتاری و داگیرکارییە چییە؟ ڕێککەوتن واتە دانوستاندن، ئێمە لە 40%ی خاکمان داگیرکراوە، لە شوێنێکی وەک خورماتوو کارەسات و تراژیدیا ڕوویداوە، ئایا ڕێککەوتن بەو شێوەیە دەبێت؟ ئەگەر ڕێککەوتن وابێت دەبێت ئێمە سلێمانی و هەولێر و دهۆکیش چۆڵ بکەین".



> **50** هەزار کورد لە خورماتوو ئاوارە بوون

> تاوەکو حەشدی تورکمانی لە خورماتوو بێ کورد ناگەڕێتەوە

> **400** ماڵی کورد لە خورماتوو سووتێندراون

# "ئیقباڵپوور" لەپشت ڕێکخستنی تورکمانەکانی خورماتووە

**رووداو- هەولێر**

نزیکەی دوو هەفتە بەسەر کەوتنی کەرکووکدا تێدەپەڕێت و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ململانێ کۆنەکانی نێوان تورکمانە شیعە و سوننەکانی کەرکووک دەستپێدەکاتەوە. ئێران وەکوو ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش کردوویەتی، دەیەوێت ئەو ململانێیە بۆ بەهێزکردنی دەستی خۆی لە کەرکووک بەکاربهێنێت.

بە گوێرەی راپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)، فەرماندەیەکی باڵای سوپای پاسدارانی ئێران بەناوی حاج عەلی ئیقبالپوور کە ڕۆڵێکی گەورەی لە ناوچەی کەرکووکدا گێڕاوە، جارێکی دیکە دەیەوێ دەستی باڵای لە رووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەو ناوچەیەدا هەبێت. دوو ئاوارەی دوزخورماتوو لە چەمچەماڵ بە ماڵپەڕەکەیان راگەیاندووە کە "ئیقبالپوور تورکمانەکانی ئەوێ (دوزخورماتوو) بەڕێوەدەبات". فەرماندەکەی سوپای پاسداران لەناو خەڵکی ناوچەکە بە "ئاغای ئیقباڵپوور" ناسراوە.

تورکمانەکانی کەرکووک بەسەر دوو بەرەی سوننە و شیعەدا دابەشبوون و بەو پێیەش، بەشێکیان پشت بە ئێران دەبەستن و بەشەکەی دیکەشیان پشت بە ئەنقەرە دەبەستن و تورکیا پشتگیرییان دەکات. ناکۆکیی نێوان تورکمانەکانی کەرکووک لە 2014 گەیشتبووە ئاستێک کە نەیانتوانی تەنانەت لەسەر کاندیدێک بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕێکبکەون.

بەگوێرەی (ئەلمۆنیتەر)، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش ئەو فەرماندەیەی سوپای پاسداران دەناسن، بەڵام "پێناچێت هیچکامیان ئامادەبن باسی بکەن، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە بترسن لەوەی ئێران تووڕە بێت". هەرچەندە بە رواڵەت وادیارە "ئاغای ئیقباڵپوور" دەیەوێت زۆر بەدەرەوە نەبێت، بەڵام لە ژمارەیەک وێنەی سەر لاپەڕەکانی حەشدی شەعبیدا لە پاڵ فەرماندەکانی حەشد دەرکەوتووە. لە یەکێک لە وێنەکاندا لەگەڵ مەهدی موهەندیس، فەرماندەی حەشدی شەعبی دەرکەوتووە.

سێ بەرپرسی کورد کە یەکێکیان بەرپرسێکی یەکێتییە، بۆ (ئەلمۆنیتەر)یان پشتڕاست کردووەتەوە ئەو کەسەی لەو وێنانە دەرکەوتوە ئیقباڵپوورە کە نوێنەری قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسە لە ناوچەکە. بەرپرسێکی باڵای یەکێتی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە ماڵپەڕەکەی ڕاگەیاندووە مێژووی پەیوەندییەکانی ئیقبالپوور و کورد بۆ ساڵی 1988 دەگەڕێتەوە، واتە کاتێک ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە و خێزانەکانیان بەهۆی هێرشەکانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە ناچاربوون پەنا ببەنە بەر ئێران.

بە گوتەی بەرپرسەکەی یەکێتی، ئیقباڵپوور ئەوکات وەکوو هاوئاهەنگیکار لەگەڵ پەنابەرەکان دانرا و لەو کاتەشەوە لەگەڵ هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان پەیوەندی هەیە و ئێستا بە کوردی قسە دەکات، بەڵام هێشتاش زمانی فارسی بە کوردی قسەکردنەکەیەوە دیارە.

ڕۆژی 22ی تشرینی یەکەم، ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە سعودیەوە داوای کرد میلیشیاکانی سەر بە ئێران عێراق جێبهێڵن. بەڵام هەوڵەکانی ئێران لە عێراق و بەمدواییەش لە کەرکووک ئاماژەیەکی روونن بەوەی ئێران بەو ئاسانییە نیازی جێهێشتنی عێراقی نییە.

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا پێشمەرگە و میلیشیا تورکمانە شیعەکانی دوزخورماتوو چەندین جار شەڕ و پێکدادانیان هەبووە. لەدوای ڕووداوەکانی کەرکووک و کەمڕەنگبوونەوەی وجوودی کورد لە ناوچەکە، دەستی ئێران کراوەتر دەبێ لەوەی کۆمەڵگای تورکمانی شیعەی ئەو ناوچەیە بجووڵێنێ، بەڵام وەکوو لە راپۆرتەکەی (ئەلمۆنیتەر) یشدا هاتووە، تورکمان و عەرەبە سوننەکان و کورد لە پاڵ هێزە ناوچەییەکانی وەکوو تورکیا لەو هەنگاوە بێدەنگ نابن و ئەمەش دەکرێ سەرەتای ململانێیەکی نوێ بێت لە کەرکووک.



مێژووی پەیوەندییەکانی ئیقبالپوور و کورد بۆ ساڵی 1988 دەگەڕێتەوە

چەکی دژە ـ تانکی دیکەش لەبەر دەستی پێشمەرگەیە

# پێشمەرگە بە چی تانکی ئابرامزی تەقاندەوە؟

**رووداو- هەولێر**

لە ماوەی شەش ڕۆژدا هێزەکانی پێشمەرگە دوو تانکی ئابرامزی ئەمریکییان تێکشکاند کە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کاتی پەلامارەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەکاریان هێنابوو. بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی تێکشکاندنی یەکەم تانک دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی رایانگەیاند کە پێشمەرگە چەکی میلانۆی ئەڵمانی بۆ لێدانی ئەو تانکانە بەکارهێناوە، بەڵام دواتر ئاشکرا بوو، چەکە ئەڵمانییەکە تاکە چەکی بەردەستی پێشمەرگە نییە کە دەتوانێت تانکە ئەمریکییەکە تێکبشکێنێ.

بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی (War is boring)ی ئەمریکی، تاوەکو ئێستاش زانیارییەکی ورد لەبەردەست نییە کە پێشمەرگە بە چ چەکێک لە ئابرامزەکانی داوە، بەڵام دەڵێت "یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە پێشمەرگە کەڵکی لە چەکێکی دژە تانکی چینی وەرگرتبێت بەناوی (hj-8) یان تیری سوور (Red Arrow)".

## پێشمەرگە ئەوچەکەی لەکوێ بووە؟

بەگوێرەی راپۆرتەکە، هێزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی 2014ەوە ئەو جۆرە چەکەیان پێیە، بەڵام تاوەکوو ئێستا دیار نییە پێشمەرگە ئەو چەکەی لە کوێوە بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا لە جیهاندا تەنیا 19 وڵات ئەو چەکەیان هەیە، لەوانەش سوودان، میسر، ئیمارات و پاکستان.

ساڵی 2014 ناوەندی لێکۆڵینەوە لە چەک و تەقەمەنی (ARES) لە راپۆرتێکدا گریمانەی ئەوەی کردبوو کە کورد ئەو چەکانەی لە کاتی شەڕی دژی چەکدارانی داعش دەستکەوتبێت. راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە پێدەچێت قەتەر ئەو چەکانەی لە سوودان کڕیبێت و بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سووریای ناردبێت و دواتر دەست چەکدارانی داعش کەوتبێت.

لە سۆشیال میدیادا ژمارەیەک وێنە و ڤیدیۆی پێشمەرگە بڵاوکراوەتەوە کە چەکی دژە تانکی تیری سوور لەسەر هامڤی هێزەکانی پێشمەرگە دەردەکەوێ. لە دوایین گرتەی ڤیدیۆییدا وا دەردەکەوێت کە پێشمەرگەیەک لە شەڕی پردێ ئەو چەکە بەکاردەهێنێ.

## چەکەکە چۆن کار دەکات؟

بەگوێرەی راپۆرتی ماڵپەڕە ئەمریکییەکە، بە دەگمەن روویداوە تانکێکی ئەمریکی بە چەکی چینی تێکبشکێنرێ، تێکشکاندنی ئابرامزەکەش لەلایەن پێشمەرگەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو تانکە خاڵی لاوازی هەیە، لە کاتێکدا تانکی ئابرامز بەپێچەوانەی تانکی (ئێم ـ وەن ئێس) هەڵگری تەکنەلۆژیای چالاکی پاراستنە. ئەو تەکنەلۆژیا نوێیەش خەریکە لە تانکە نوێیەکاندا دەبێتە شتێکی باو.

(HJ-8) چەکێکە کە لە ڕێگەی وایەرێکەوە دەتەقێندرێ، یەکەمجار لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە چین دروستکراوە. ئەگەر پێشمەرگە جۆری (HJ-8)ی بەکارهێنابێت، ئەوە ئەم چەکە کڵاوەیەکی 54 کیلۆیی پێوەیە کە لە دوو قۆناغدا دەتەقێتەوە و دەتوانێ هەتا چوار کیلۆمەتر مەودا ببڕێت. ئەم چەکە سیستەمی هەستیاری گەرمای هەیە کە لەسەر بۆمب هاوێژەکەوە، بۆمبەکە ئاراستە دەکات.

تاوەکو ئێستا پێشمەرگە دوو ئابرامزی ئەمریکی تێکشکاندووە، یەکەمیان لە ڕۆژی 20ی تشرینی یەکەم و لە کاتی شەڕی پردێ بوو. شەش ڕۆژ دواتر مەنسوور بارزانی، فەرماندەی لەشکری تایبەتی گوڵان بە (رووداو)ی راگەیاند کە لە شەڕی زومماریش تانکێکی دیکەی ئابرامزیان تێکشکاندووە.

ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو هێزە عێراقییەکان تانکە ئابرامزە تێکشکاوەکەی پردێیان لادا. کەمال کەرکووکی، فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک، بە (رووداو)ی راگەیاند: "عێراق دەیەوێت ئەو راستییە بشارێتەوە کە ئەوان تانکی ئابرامزیان لەدژی پێشمەرگە بەکارهێناوە، بەڵام ئێمە وێنەی تانکەکەمان هەیە".

لە شەڕەکەی پردی 20 تانک و ئۆتۆمبێلی سەربازیی حەشدی شەعبی تێکشکێنران و نزیکەی 150 چەکداری حەشدیش کوژران و بریندار بوون. لەو شەڕەدا حەوت پێشمەرگەش شەهیدبوون و ژمارەیەکیشیان برینداربوون.



حەشدی شەعبی تانکە ئابرامزە تێکشکاوەکەی پردێی دەگوازێتەوە بۆ دوویز

## عەلی قەرەداغی شەڕ حەرام دەکات



**ڕووداو – هەولێر**

د.عەلی قەرەداغی، ئەمینداری گشتیی یەکێتیی جیهانی زانایانی موسڵمان لەبارەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان فتوا دەدات و بەهەموو شێوەیەک شەڕ حەرام دەکات و دەڵێت: "هەر کەسێک بەهۆی بەرگریکردن لە خاکی خۆی بکوژرێت شەهیدە". قەرەداغی لە پەیامێکی چەند خاڵیدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکات شەڕ رابگرن و دەست بە گفتوگۆی خێرا بکەن. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە شەڕ و خوێنڕشتن سوودی نییە و ئیرادەی گەلان بە شەڕکردن ناڕووخێت. قەرەداغی سەرمەستبوون بە سەرکەوتنەکان بە رێگەخۆشکەر دادەنێت بۆ رشتنی خوێنی زیاتر لەنێو خەڵکی عێراقدا.

# گۆڕان پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەردەگرێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی لە یەکێتی وەربگرێتەوە، دوای ئەوەی بارزانی داوای کرد چیدی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی درێژ نەکەنەوە و دەسەڵاتەکانیشی بەسەر سەرۆکایەتیی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی دادوەریدا دابەش بکەن. بەرپرسێکی بزووتنەوەکە دەڵێت "ئەو پۆستە مافی خۆمانە و وەریدەگرینەوە، د.هەڤاڵ ئەبوبەکریش دەبێتە پارێزگاری سلێمانی".

بەپێی برگەی سێی ماددەی 18 لە یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009 ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بۆ دەستبەکاربوونی پارێزگار پێویستە مەرسوومێکی هەرێمی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە دەربچێت، بەڵام پێشتر بزووتنەوەی گۆڕان چەندینجار رایانگەیاند کە ویلایەتی بارزانی کۆتایی هاتووە، بۆیەش ئامادە نین دان بە مەرسوومی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بنێن بۆ دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر.

د. ئیسماعیل نامیق، رێکخەری ژووری یاسایی و ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی راگەیاند، ئامادەکاریی دەکەن بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەرگرنەوە و رێوشوێنە یاساییەکانی بۆ تەواو بکەن "ئەو پۆستە مافی یاسایی بزووتنەوەی گۆڕانە و ئەگەر کێشەی مەرسوومی هەرێمی و نایاساییبوونی پۆستەکەی بارزانی نەبووایە، دەبوو دوو ساڵی یەکەمی دوای هەڵبژاردن، هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی بێت". ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە چیدی ئەو بەربەستە لەبەردەم دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر نەماوە.

پۆستی پارێزگاری سلێمانی لەساڵی 2014 وە، ئەوەندەی سەرئێشەی سیاسی و یاسایی بەدوای خۆیدا هێناوە و ئەوەندەش کە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لە مشتومڕی دۆزینەوەی رێگاچارەدا بوون بۆ ئەوەی دەموچاوەکان لەسەر کورسی پارێزگار بگۆڕن، هێندە پارێزگارەکان نەیانپەڕژاوەتە سەر ئەوەی کاروباری خۆیان راپەڕێنن، چونکە لەوەتەی هەڵبژاردن کراوە، سێ پارێزگار دەستبەکار بوون و وا چوارەمیش بەڕێوەیە.

رێکخەری ژووری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ئەگەر هاوڕێکانی بە قسەی ئەویان بکردایە، مادام پارێزگار راستەوخۆ خەڵک هەڵیانبژاردووە، پێویستی بە مەرسووم نییە و دەبوو هەر لە زووەوە د.هەڤاڵ ئەبوبەکر دەستبەکاربووایە. ناوبراو گوتی: "ئێمە بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری ئەو پرۆستە نابین و دەبێ د.هەڤاڵ وەک پارێزگاری سلێمانی دەستبەکار ببێ، چونکە بە دەنگی زۆرینەی خەڵک هەڵبژێردراوە".

بەڵام سێ ساڵ لەمەوبەر، ئەو زۆرینەیە بەس نەبوو بۆ ئەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر ببێتە پارێزگاری سلێمانی. چونکە ئەو کات پێش ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان رێگای بکەوێتە بەردەم مەرسوومی هەرێمی بۆ دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامادە نەبوو پۆستی پارێزگاری سلێمانی رادەستی گۆڕان بکات. دوای چەندین کۆبوونەوە نەیانتوانی قەناعەت بە یەکێتی بێنن کە ئەوان براوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانین و ئەو پۆستە مافی ئەوانە، دواجار رازی بوو لەگەڵ یەکێتی رێککەوتنێکی سیاسی و ئیداری بکەن بۆ ئیدارەدانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، بە جۆرێک دوو ساڵی یەکەم پۆستی پارێزگاری سلێمانی بەدەست یەکێتییەوە بێ و پارێزگاری هەڵەبجە بەدەست گۆڕانەوە بێ، دوای دوو ساڵەکە پێچەوانەی بکەنەوە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

سەلما فاتیح، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکێتی، رەتیدەکاتەوە حیزبەکەی ناڕازی بێ بەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی بداتەوە گۆڕان. سەلما فاتیح بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە ماوەیەک پێش ئێستا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنمان کردووە و دەنگمان داوە بە هەڤاڵ ئەبووبەکر کە ببێتە پارێزگاری سلێمانی، خۆ لەو دەنگدانە پەشیمان نابینەوە".

گوتیشی: "ئەگەر سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لاریی لەوە هەبووایە، پێیدەگوتین و ئاگاداری دەکردینەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا یەکێتی هیچی لەوبارەیەوە بە ئێمە نەگوتووە".

یەکێتی پابەندی ئەو رێککەوتنە بوو کە لەگەڵ گۆڕان کردی، بۆیە دوای دوو ساڵەکە پۆستەکەی رادەستی گۆڕان کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەستبەکاربوونی پارێزگار پێویستی بە مەرسوومی هەرێمی هەبوو و دەبووایە بارزانی واژۆی دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر بکات، گۆڕان رازی نەبوو ئەو پۆستە وەربگرێ، بەڵکو رێگایەکی دیکەی دۆزییەوە، ئەویش دانانی سەردار قادر بوو لەبری پارێزگار. بەڵام ئەو پارێزگارەی گۆڕان زۆر لەسەر کارەکەی بەردەوام نەبوو، رۆژی 2017/5/3 بە نامەیەک دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لەو پۆستە راگەیاند.

پاشان قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نووسراوێکدا کە رۆژی 2017/5/9 دەرکراوە و ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە، عومەر قەلادزەیی لە جێی سەردار قادر کردە پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت.

چەند جارێک (ڕووداو) پەیوەندی بە هەڤاڵ ئەبوبەکرەوە کرد، ناوبراو رەتیکردەوە لەبارەی ئەوە قسە بکات کە ئاخۆ وەک پارێزگاری سلێمانی دەستبەکار دەبێت یان نا، هەرچەندە دووپاتیکردەوە کە ئەوە مافی بزووتنەوەی گۆڕانە و ئەویش هەڵبژێردراوی خەڵکە. بەڵام چەند سەرچاوەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان گوتیان لە سەرەتای هەفتەی داهاتووەوە یەکلایی دەکەنەوە کە ئەو پۆستە وەردەگرنەوە و هەڤاڵ ئەبوبەکر وەک پارێزگاری سلێمانی دەستبەکار دەبێ.

بەڵام سەلما فاتیح دەڵێ: "هەڤاڵ ئەبوبەکر لە 11 کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا بەشداریی نەکردووە، هەموو کۆبوونەوەیەکی کردووە بە مۆڵەت، هەرچەندە هێشتا ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییە"، گوتیشی ئەو تاوەکو 2018/6/23 پارێزگاری سلێمانی دەبێ "چونکە لەو کاتە بەدواوە تەمەنی ئەنجوومەنی پارێزگاش بەسەردەچێ، یان دەبێ پەرلەمان ماوەکەی درێژ بکاتەوە، یان دەبێ لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان هەڵبژاردنی ئەویش بکرێ".

> **بەدڵنیاییەوە هەڤاڵ ئەبوبەکر دەبێتە پارێزگاری سلێمانی**
>
> د.ئیسماعیل نامیق

> **هەڤاڵ ئەبوبەکر لە 11 کۆبوونەوەی ئەنجوومەندا بەشداریی نەکردووە**
>
> یەکێتی

# کورد نایەوێ بەبێ ئەمریکا گفتوگۆ لەگەڵ عێراق بکات

## گۆڕان:
## حەشدی شەعبی داوای دانیشتنیان لێکردین، بەڵام رەتمانکردەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراقی ناچار کرد هێرشە سەربازییەکانی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە بوەستێنێ و لەگەڵ پێشمەرگە بکەوێتە دانوستاندن، بەڵام هێشتا بەرپرسانی حەشدی شەعبی جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێ مامەڵەی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەگوێرەی ئەو بڕیارانە بێت کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەرچوون و دەبێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ سنوورەکانی پێش ساڵی 2003. سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ ئەوەی ئێستا لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا قسەی لەبارەوە دەکرێ، گەڕانەوەیە بۆ پێش 2014 نەک 2003.

نوێترین لێدوان لەو بارەیەوە، قسەکانی عوسمان غانمی، سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقە کە لە شوێنی بابەکر زێباری دانراوە و دەڵێ: "پێویستە کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ هێڵی شین بێ". واتە ئەو سنوورەی کە بە بڕیاری ژمارە 688 لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2003 دیاری کرابوو، بەڵام بەرپرسانی کورد ئەوە رەتدەکەنەوە و پێیانوایە بەرپرسانی سەربازیی بەغدا و هێزەکانی حەشدی شەعبی بەهۆی سەرکەوتنێکی کاتی مەست بوون بۆیە ئەو جۆرە لێدوانانە دەدەن.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "بەرپرسانی بەغدا خۆشیان دەزانن دۆخەکە ناگەڕێتەوە بۆ پێش 2003، بەڵام بۆیە بەو جۆرە قسە دەکەن، بۆ ئەوەی کە گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان کرا، بەهێز دەربکەون".

موسەننا ئەمین پێیوایە هەرێمی کوردستان دوو سنووری هەیە، یەکەم سنووری چوار پارێزگاکەیە و ئەوە هیچ کێشەی نییە و مەترسی لەسەر نییە "بەڵام سنووری دووەم کە سنووری ناوچە کێشە لەسەرەکانە، ئەوە دەبێتە تەوەری دانوستاندنەکان".

بەرەبەیانی رۆژی 16ی ئۆکتۆبەر سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی بە پاڵپشتی سوپای پاسدارانی ئێران پەلاماری شاری کەرکووکیان دا، لە ماوەی کەمتر لە رۆژێکدا شارەکەیان داگیر کرد، رۆژی 20ی ئۆکتۆبەر ویستیان لە پردێوە بەرەو هەولێر پێشڕەوی بکەن، بەڵام پێشمەرگە زۆر بە توندی بەرپەرچی دانەوە. پاشان چەند جارێک لە ناوچەی سحێلا بەرەو دەروازەی فیشخابوور هێرشیان کرد، بەڵام پێشمەرگە رایگرتن، دوای ئەو پەلامارانە، ئێوارەی رۆژی 27ی مانگ حەیدەر عەبادی بۆ ماوەی 24 کاژێر ئاگربەستی راگەیاند، رۆژی دواتر فەرماندە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە شاری مووسڵ کۆبوونەوە، ئەوەش وەک زەمینەسازییەک بوو تاوەکو گفتوگۆی سیاسی لە نێوان هەولێر و بەغدا دەستپێبکاتەوە. بەڵام بەرپرسانی کورد دەڵێن ئەمجارە بەبێ ئامادەبوونی لایەنی سێیەم کە ئەمریکا یان نەتەوەیەکگرتووەکانە، ناچنەوە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا.



عەرەفات کەرەم، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت ئەمریکا، فەرەنسا و نەتەوە یەکگرتووەکان و سعودیە، ئەو لایەنانە کە کورد پێی باشە لە گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئامادەبن "بەڵام بە گشتی پێمان باشە ئەمریکا ئامادەبێ، چونکە ئەگەر ئەوان ئامادە نەبن، ئێران و تورکیا دەیانەوێ ئامادەی دانیشتنەکان بن و ئەوەش بۆ ئێمە و داهاتووی ئەمریکا لە ناوچەکە باش نابێ".

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی، گەڕانەوە بۆ پێش 2003 بەدوور دەزانێ و دەڵێ "عێراق خۆشی دەزانێ ئەو لەشکرکێشییەی کردوویەتی سەرپێچیی دەستوورە و ناتوانێ هەروا بمێنێتەوە. ئەمریکا چاوەڕێی ئەوەیە شەڕ رابگیرێ بۆ ئەوەی خشتە بۆ دانوستاندن دابنرێ، چونکە ستراتیژی ترەمپ لە عێراق دەستپێدەکات کە ئەویش لاوازکردنی ئێرانە لە ناوچەکە، هەر بۆیە پەیامی توندیان داوەتە عەبادی لەوە زیاتر هەڕەشە لە کورد نەکات".

رووداوەکانی ئەمدواییە بە روونی دەریانخست کە هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان یەکدەنگ نین ئەگەرچی لەسەر هەستیارترین پرسی وەک ئەو هێرشانەش بێت کە بەغدا کردیە سەر هەرێمی کوردستان. چونکە هێشتا خوێندنەوەکان و هەڵوێستەکان بۆ چارەسەری ئەو دۆخە وەک یەک نین.

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق ئەنجامدانی گشتپرسی بە هۆکاری ئەو پێشهاتە نوێیانە دەزانێ و دەڵێت: "ئێمە لە بەغدا گوتمان ئەو ناوچانەتان بۆ چۆڵکرد کاتێک داعش هاتن؟ کە پێشمەرگەش بە خوێنی خۆی پاراستنی بۆچی هێرشتان کردنە سەری؟ بە بڕوای ئێمە جارێکی دیکە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە هەرگیز ئەمن و ئاسایش بەخۆیانەوە نابیننەوە". شیرین رەزا، بەگرنگی دەزانێ ئەمریکا بێتە نێو گفتوگۆی هەرێمی کوردستان و بەغداوە و کێشەکان چارەسەر بکرێن "ئەگەر عێراق دەستبگرێ بەسەر خاڵە سنوورییەکاندا، ئەوکات تەنیا ئەمریکا دەتوانێ وای لێبکات بکشێتەوە، چونکە ئەمڕۆ ئێران بووەتە یاریکەری سەرەکی و ئەوان لەم ناوچەیە هێزەکان دەجوڵێنن".

ئەو پەرلەمانتارەی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ لەو ماوەیەدا لە بەغدا سەرکردەکانی حەشدی شەعبی داوای دانیشتنیان لە فراکسیۆنەکەیان کردووە "بەڵام ئێمە رەتمانکردەوە لەگەڵیان دابنیشین، چونکە گوتمان ناکرێ خەڵکی ئێمەیان شەهید کردبێ و ئێمەش گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین، تەنانەت نەشمانویست بزانین دانیشتنەکە لەبارەی چییەوەیە".

بەگوتەی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا، هێشتا هیچ وادەیەک بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەنێوان هەولێر و بەغدا دیاری نەکراوە. حەیدەر عەبادی بڕیاری داوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، تا فەرمانبەری عێراقی نەنێرێتە خاڵە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، بڕیاری دەستپێکردنی گفتوگۆ نادات، بەڵام ئەمریکییەکان دەیانەوێ پێش ئەوە دەست بە دانوستاندن بکرێ.

بەختیار شاوەیس، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ سەرکردایەتیی کورد و حیزبەکان تاوەکو رۆژێک زووتر دەست بە گفتوگۆ بکەن باشترە "تەنانەت ئەگەر بەغدا داوای زۆرتر لە سڕکردنی گشتپرسیش بکات، چونکە هەر رێککەوتنێک لاوەکی بکرێ کاتی دەبێ، مادام خوێن لە نێوان هێزەکان رژاوە".

گوتیشی: باشترە لە نێوان سڕکردن و هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسیدا، چارەسەرێکی دیکە بدۆزرێتەوە".

# بارزانی..
# لە پێشمەرگایەتییەوە بۆ پێشمەرگایەتی

**روودا- هەولێر**

دوای 12 ساڵ مانەوە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، مەسعود بارزانی بە خواستی خۆی و دوور لە هیچ گوشارێک دەستبەرداری پۆستەکەی بوو، پەرلەمانی کوردستانیش بە دەنگی 70 پەرلەمانتار دەسەڵاتەکانی بەسەر دامەزراوە گشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا دابەشکرد. بارزانی لە پەیامێکدا رایگەیاند کە ئەو رازی نەبووە چیدی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی درێژ بکرێتەوە.

بەرلەوەی ئێوارەی رۆژی یەکشەممە 2017/10/29 پەرلەمانی کوردستان "پرۆژە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە گشتییەکانی هەرێم"دا بە دەنگی 70 پەرلەمانتار پەسەند بکات، فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە بارزانی لە داهاتوودا سێ ئەرک جێبەجێ دەکات: بەردەوامی لە پێشمەرگایەتی کە تەواوی کاتی خۆی بۆ سەنگەرەکان و خزمەتی پێشمەرگە و ئیرادەو مۆراڵی پێشمەرگە تەرخان دەکات. هەروەها بۆ دژایەتی و شەڕی توندڕۆیی و تیرۆر، بۆ پەرەدان بە دیموکراسی لە کوردستان و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی کوردستان.

## پەرلەمان ئاوەدان بووەوە

دوای ئەوەی روون بووەوە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2017/11/1 بەڕێوەناچێ، پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی 2017/10/24 تەمەنی خۆی بۆ ماوەی 8 مانگ درێژ کردەوە، هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری دانیشتنەکەیان نەکرد و درێژکردنەوەکەیان بە ناشەرعی لە قەڵەم دا، بەڵام لە دانیشتنەکەی رۆژی یەکشەممەدا هەردوولا بەشداربوون، ئەمەش یەکەمین بەشداریی ئەو دوو فراکسیۆنەیە لەدوای کاراکردنەوەی پەرلەمان لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی رابردوو.

لە دانیشتنەکەدا نامەیەکی بارزانی خوێندرایەوە. بارزانی لە نامەکەدا دەڵێت: "لەدوای 2017/11/1 بەردەوامبوونم لەم پۆستە رەتدەکەمەوە. نابێت یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە، یان تەمەنی سەرۆکایەتی هەرێم درێژ بکرێتەوە".

دلێر ماوەتی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: "نامەکەی کاک مەسعود هەنگاوێکی باش و جێگای دەستخۆشییە، رێگری لە بەردەم کارەکانی پەرلەمان نەهێشت، هەمواركردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بووە هۆی گەڕانەوەی سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئێستا کاتی چارەسەری کێشەکانە".

دلێر ماوەتی هەروەها گوتی: "کاک مەسعود بەو هەنگاوەی هەموو لایەکی هێمن کردەوە. پەرلەمانی دەستکراوەتر کرد کە هەنگاوەکانی خۆی بنێت لە ئامادەکردنی دەستوور و لیژنەی تایبەتمەند بۆ دروستکردنی تەوافوق لەسەر یاساکان، هەروەها بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکەین و بەپێی دەستوور چارەسەری کێشەکان بکەین".

## "ئەرکی بارزانی تەواو نەبووە"

مەحموود عوسمان، سیاسەتڤانی نزیک لە ماڵباتی بارزانی کە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە و 54 ساڵ لەمەوبەر مەسعود بارزانی ناسیوە، بە (روودا)ی گوت "بارزانی هەنگاوێکی باشی ناوە، دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو قۆناغە باشە، رۆڵی کاک مەسعودیش کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەو سەرۆکی گەورەترین حیزبی کوردستانە و خۆیشی لە گوتارەکەی گوتی کە لە ئیشوکار بەردەوام دەبێ، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ لایەنەکان، چونکە دەمێکە ئەو پۆستە کێشەی هەیە، ئێستا کە چارەسەر کراوە دەبێ لایەنەکان دابنیشن و گفتوگۆ بکەن لەسەر کێشەکانی دیکە".

## کێشەی سەرۆکایەتی

دوای دەرکردنی یاسای ژمارە یەکی ساڵی 2005ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، مەسعود بارزانی لە 2005/5/12 وەک یەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا و سوێندی یاسایی خوارد.

لە هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشدا لە 2009/7/25، مەسعود بارزانی توانی یەک ملیۆن و 266 هەزار و 397 دەنگ (رێژەی 69.60%ی دەنگەکان) بهێنێت و جارێکی دیکە بە سەرۆک هەڵبژێردرایەوە.

بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە 30ی حوزەیرانی 2013 ، ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بۆ دوو ساڵ لە پەرلەمانی کوردستان درێژکرایەوە، دواتر شاندێکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی داوایانکرد یاساکە واژۆ بکات، بەڵام بارزانی یاساکەی نە رەتکردەوە، نە واژۆی لەسەر کرد.

دوای نەگەیشتنە ئەنجامی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و نزیکبوونەوەی کۆتایی وادەی ویلایەتی مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 2015/8/20، ئەنجوومەنی شووراى هەرێمی کوردستان لە رۆژی 2015/8/17 بڕیارێکی دەرکرد کە بارزانی بە هەموو دەسەڵاتەکانییەوە تاوەکو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت، لە کارەکانی بەردەوام دەبێت.

بارزانی لە چەندین پەیام و هەڤپەیڤینی رۆژنامەوانیدا داوای کردووە لایەنەکان کەسێک دەستنیشان بکەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یاخود بە هەڵبژاردن ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە، بەڵام ناکۆکییە سیاسییەکان لە ئابی 2015 تاوەکو رۆژی پەسەندکردنی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، وای لە بارزانی کرد لە چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری و چاوپێکەوتنی رۆژنامەڤانیدا، وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە "گەورەترین هەڵە"ی ژیانی خۆی وەسف بکات و بڵێ "نەدەبوو ئەو ئەرکە وەربگرم".

## شەراکەت شکستی هێنا

کاژێر 8ی شەوی 2017/10/29 بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ڤیدیۆیی بۆ گەلی کوردستان و رای گشتی بڵاوکردەوە و رایگەیاند: "ئێمە وامانزانی دوای ساڵی 2003 دەرفەتێکی تازە رەخساوە بۆ هەموو خەڵکی عێراق کە پێکەوە بتوانین عێراقێکی فیدراڵی دیموکرات دابمەزرێنین، هەموو کەس و لایەنێک ئەرک و مافەکانی خۆی بزانێت".

بارزانی پێیوایە ئەوەی لە عێراق خەباتی لە پێناودا کراوە، بەدی نەهاتووە، بۆیە ترسی لە خوێنڕشتن هەبووە و لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ عێراقییەکان کردووە. بارزانی گوتی: "گوتمان ناتوانین شەریکی راستەقینەی یەکدی بین، با ببینە جیرانی باش و هاوکاری یەکتر، ئەوکات هەڵوێستێکی زۆر ئیجابییان پیشاندا، ئەوەی من دەیڵێم پێشی دوو بۆ سێ ساڵ بوو، تەنانەت یەکێکیان گوتی ئەگەر ئێمە هەر نەگەیشتینە رێککەوتن "فامساك بمعروف او تسريح باحسان"، کەچی هەمان ئەو کەسە ئێستا سواری تانکی ئەبرامز بووە و دێت شەڕی خەڵکی کوردستان دەکات و شەڕی پێشمەرگە دەکات".

بارزانی هێرشکردنە سەر کوردستانی لەلایەن حەشد و سوپای عێراقەوە بۆ بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو گەڕاندەوە وگوتی: "ریفراندۆمیش نەبووایە ئەوان پەلاماری کوردستانیان هەر دەدا". ئەو گوتی کە دواخستنی ئۆپەراسیۆنی حەویجەش لەدژی داعش و هێشتنەوەی بۆ دوایین قۆناغ، هەر بۆ هەمان مەرام بووە.

## "خیانەت"ـەکەی کەرکووک

بارزانی لەو پەیامەدا گوتی ئەوان پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە بەهۆی گشتپرسییەوە گوشار لەسەر کوردستان دروست بێ، بەڵام پێشبینی رووداوەکەی کەرکووکی نەکردبوو. بارزانی گوتی: "ئەوەی هەرگیز پێشبینی نەدەکرا و بە خەیاڵیشماندا نەدەهات، ئەوەبوو کە لە شەوی 15 لەسەر 16 ئەو خیانەتە گەورەیە کرا، ئەو خیانەتە نیشتمانی و نەتەوەییە کە لە کەرکووک ئەنجامدرا و کەرکووک تەسلیم کراو لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە پێشمەرگە و لە هەموو گەلی کوردستان درا".

بارزانی ئاماژەی بەوەدا کە پلانی بەرگری بۆ هەموو شوێنەکان و بەتایبەتی بۆ کەرکووک دانرابوو، چونکە وەک ئەو دەڵێت: "ئەگەر ریفراندۆمیش نەکرابا ئەو پلانە هەر هەبوو، دڵنیابن پلانیان هەبوو کە نەهێڵن ئەو دۆخەی کوردستان وەکو خۆی بمێنێت، بەڵام ئەو خیانەتە گەورەیە وایکرد کە هەم مۆراڵی پێشمەرگە دابەزێت و هەم مۆراڵی خەڵکی کوردستانیش".

بارزانی رەخنەی لە هەڵوێستی ئەمریکا گرت و بە سەرسوڕمانەوە گوتی: "ئەوانەی کە ئەمریکا بە تیرۆریست ناویان دەبات، ئەوانە سواری تانکی ئەبرامزی ئەمریکی ببن و لەبەر چاوی ئەمریکا بێن و پەلاماری خەڵکی کوردستان بدەن، ئەمریکاش تەماشا بکات!".

## ناهێڵین کەرامەتمان بشکێ

بارزانی ئاماژەی بەوەدا کە دەسەڵاتی بەغدا تووشی غرورێکی زۆر هاتوون: "چەندی هەوڵماندا شەڕ نەبێت، پێشمەرگە زۆر لە ناوچەکانی دیکەی چۆڵ کرد، تەنیا بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت، بەڵام هێزەکانی عێراق بە تایبەتی حەشد تووشی غرورێکی وا هاتن سنوورێکیان نەهێشت و هەر دەیانویست بێنە پێش و هیچ شوێنێک نەهێڵن، تاکو پێشمەرگە ناچاربوون بەرگری لە خۆیان بکەن و نەیانهێشت چیتر پێشڕەوی بکرێت".

لەبارەی هێرشەکانی سەر باشووری کوردستان و بەرگریی پێشمەرگەش، گوتی "زۆرمان پێناخۆشە خوێن بڕژێت، بەڵام ئەگەر وەک دەردەکەوێت مەبەستتان تێکدانی هەرێمی کوردستانە، مەبەستتان شکاندنی کەرامەتی خەڵکی کوردستانە، خۆسەپاندن و سەپاندنی ئیرادەیەکی ناحەقە، بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم هەزارەها رۆڵەی ئەو گەلە، پێشمەرگە قارەمانەکان، خەڵکی کوردستان ئامادەن تا دوا هەناسە بەرگری لە خۆیان و وڵاتەکەیان بکەن، ئێمە مردن هەڵدەبژێرین و ناهێڵین کەرامەتی ئێمە بشکێنن".

## لەپێشمەرگایەتییەوە بۆپێشمەرگایەتی

مەسعود بارزانی، لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، رۆڵی دیار و بەرچاوی هەیە، سەرەتا پێشمەرگەیەکی گەنج و دواتر سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارزانی بە پێشمەرگایەتی دەستیپێکرد و دوێنێش لە گوتارێکدا دوای دەستبەرداربوون لە پۆستەکەی گوتی "من هەر بە پێشمەرگە دەمێنمەوە".

بارزانی لە ساڵی 1970 یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندی دانوستاندنکاری سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بۆ بەغدا کە رێککەوتننامەی 11ـی ئاداری 1970ـی لێکەوتەوە. دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1975، لەگەڵ ئیدریس بارزانی و کۆمەڵێک کادیری گەنجی پارتی سەرکردایەتی کاتیی پارتییان دروستکرد و، سەرکردایەتی شۆڕشی گوڵانیان کرد کە لە 26ـی ئایاری 1976 هەڵگیرسا. لەمانگی 11ـی 1979 لە کۆنگرەی نۆیەمدا، دوای کۆچی دوایی مستەفا بارزانی، رێبەری شۆڕشی ئەیلول، بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.

لەدوای رووخانی حکومەتی بەعس لە عێراق، مەسعود بارزانی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەغدا بوون و لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا رۆڵی دیاریان بینی، پۆڵ بریمەر، کە ئەوکاتە لەلایەن ئەمریکاوە بە حاکمی مەدەنی عێراق دانرابوو، لە کتێبەکەیدا باس لە پێداگرییە زۆرەکانی بارزانی لەسەر مافی کورد لە دەستووردا دەکات.

لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، بارزانی سەرکردایەتی شەڕی بەرگری دژ بە داعشی کرد و ماوەیەکی زۆر لە بەرەکانی جەنگدا مایەوە، تەنانەت دیدارە سیاسییەکانیشی لە بەرەکانی شەڕدا دەکرد، تاوەکو ئەوکاتەی بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستان کۆنترۆڵ کرایەوە کە لەلایەن داعشەوە داگیرکرابوو.

بارزانی کە لە مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەردەمی کۆماری کوردستان لەدایکبووە، لەماوەی سەرۆکایەتیدا کارەکانی بە ئاراستەی دروستکردنی کۆمارێکی دیکەی کوردستانی بوو، دیارترینیان بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان بوو کە بەهۆیەوە جۆش و خرۆشی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان پەرەی سەند، سەرەڕای گوشار و هەڕەشەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و داواکاریی ئەمریکا و ئەوروپا، لە 25ـی ئەیلولدا ئەنجامدرا و رێژەی 92%ی دەنگدەران سەربەخۆییان هەڵبژارد.



> **بارزانی بەو هەنگاوەی هەمووانی ئارام کردەوە**
>
> دلێر ماوەتی

> **ڕۆڵی بارزانی کۆتایی نایەت**
>
> مەحموود عوسمان

## نامەکەی بارزانی

بەڕێز سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم

بەپێی فەرمانی هەرێمی (128) لە 12-7-2017 داوامان کردووە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم لە رۆژی (1-11-2017) ئەنجام بدرێت، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی و ئەمنی و تەکنیکی و نەبوونی کاندید، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی ئامادەکارییەکان بۆ هەردوو هەڵبژاردن هەڵپەسێردرا

لە (24/10/2017) پەرلەمانی کوردستان تەمەنی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی بۆ ماوەی دوو خولی یاسادانان درێژکراوەتەوە.

سەبارەت بەپۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لەدوای 1-11-2017 بەردەوام بوونم لەم پۆستە رەتدەکەمەوە و نابێت یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەمواربکرێتەوە یان تەمەنی سەرۆکایەتی هەرێم درێژبکرێتەوە. بۆیە پێویستە بەزووترین کات کۆببنەوە بۆ ئەوەی بۆشایی یاسای لەئەرک و دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم دروست نەبێت و ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت.

منیش وەکو مەسعود بارزانی پێشمەرگە، لەناو جەماوەری گەلەکەمان و پێشمەرگە ئازیزەکان لەخەبات و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەمان و پارێزگاریکردن لەدەستکەوتەکانی میللەتەکەمان بەردەوام دەبم.

مەسعود بارزانی
28/10/2017

ئازاد جوندیانی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ رووداو:

# بەغدا کەرکووک ناداتەوە تەها محێدین مەعرووفیش



ئازاد جوندیانی ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت لە حاڵەتی ناردنی مووچە لەلایەن عەبادییەوە، تەقینەوەی جەماوەری لە سلێمانی روودەدات، چونکە عەبادی دان بەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەراندا نانێت کە لە هەرێمی کوردستان هەیە و بەوجۆرە خەڵکێکی زۆر بێ مووچە دەبن. جوندیانی کە لە ماڵەکەی خۆی لە هەولێر وەکو چاودێرێکی سیاسی قسەی بۆ (رووداو) کرد، لەبارەی دۆخی نێوخۆی یەکێتی گوتی: "ئێران دەست لە کاروباری یەکێتی و سلێمانی وەردەدات". دەشڵێت "ستراتیژی تەسفیەکردن" لەنێو یەکێتی مەترسیدارە.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

> ئەرکی بارزانی کۆتایی نەهاتووە

> ئێران ریزەکانی یەکێتیی دووکەرت کردووە

> بەغدا دەیەوێ سنوورەکانی کوردستان تەعریب بکات

> ئەو یەکێتیانەی پێیانوایە پارتی لەژێر هەڕەشەدایە، هەڵەن

> ریفراندۆم تەنیا بە ریفراندۆم بەتاڵ دەکرێتەوە

> بەغدا ئەگەر مووچە بنێرێ تەقینەوەی جەماوەری لە سلێمانی روودەدات

> لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتم ستراتیژی تەسفیەکردنی ئەم و ئەو ترسناکە

> دەبێ بەرگری بکەین هەتا عەبادی واز لەو غرووره دەهێنێ

> ئەگەر بڕیار بێت کورد ملکەچی ئێران بێت، با دەنگ بە مالیکی بدات نەک عەبادی

> ئاشتبوونەوەی عێراق و سعودیە زرەخەونی ئەمریکایە

**رووداو: هەندێک لایەن لە باشووری کوردستان پێیانوایە گشتپرسی هۆکاری پەلامارەکەی عێراق بوو بۆ سەر کەرکووک، ئایا گشتپرسی هەڵە بوو؟**

**ئازاد جوندیانی:** نەخێر هەڵە نەبوو، پێویست بوو ئەم هەنگاوە بنێین، ئەو هەنگاوانەی ئێستا لەلایەن بەغداوە دەنرێن هەر دەکرا، یان بەشێوەیەکی دیکە بەغدا دژی کوردستان هەنگاوی دەنا. جگە لەوە ئێران، تورکیا و عێراق ناتوانن بەبێ زەبروزەنگ بە دیموکراتیانە حکومی کورد بکەن، ئەمە قسەی ئیسماعیل بێشکچییە، بۆیە ریفراندۆم بڕیارێکی راست بوو، من ئێستاش لایەنگری سەربەخۆییم، بەبێ سێ و دوو دڵنیام کورد لە ئایندەدا دەتوانێت کارتی ریفراندۆم بەکاربهێنێ.

**رووداو: بەڵام لەڕووی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هەست ناکەن حیساباتی کورد هەڵە بوو؟**

**ئازاد جوندیانی:** لای ئێمە پێشبینیکراو نەبوو. پێشبینیم دەکرد چەند وڵاتێک پشتیوانیی کوردستان بکەن، ئەگەر بمانتوانیبایە دوای ریفراندۆم یەکگرتووییەک لە نێو کورد دروست بکەین، ریفراندۆم دەبووە دیفاکتۆ و وڵاتان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد.

**رووداو: ئەوەی لە کەرکووک روویدا پێشبینیکراو بوو؟**

**ئازاد جوندیانی:** ئەو بابەتە بۆ مێژوو جێدەهێڵم، بە گشتی کورد یەکگرتوو نەبوو، هەندێک لایەن ویستیان فێڵ لە لایەنەکانی دیکە بکەن. ئێستا ئێمە لە بەردەم قۆناغێکی هەستیارداین. حەمەساڵح دیلان شیعرێکی جوانی هەیە دەڵێ "نەک شووشە شکا وا رەز دەسووتێ"، بۆیە پێم باشە واز لە رووداوەکانی کەرکووک بهێنین. با بیین ئێمە چارەسەری رەزەکە بکەین. نابێ پاساو بۆ عەبادی بهێنینەوە و خەریکی تاوانبارکردنی یەکدی بین. ئێمە رووبەڕووی رژێمێکی دیکتاتۆریی مەزهەبی دەبینەوە.

**رووداو: چی بکەین بۆ ئەوەی رەزەکە و دەستکەوتەکانی کورد نەسووتێن؟**

**ئازاد جوندیانی:** دەبێ یەکڕیز بین، ئەگەرچی گەشبین نیم بەو یەکڕیزییە، بەڵام نابێت دەستبەرداری ببین.

**رووداو: بۆچی گەشبین نیت؟**

**ئازاد جوندیانی:** بەرژەوەندیی دژبەیەک لە کوردستان هەیە. لەبەر ئەوەی خوێندنەوە بۆ رووداوەکان جیاوازە، هەندێک لایەن ئێستاش بڕوایان بەوە هەیە کورد بەشێک بمێنێتەوە لە عێراق یان عێراق ببێتە دەوڵەتی هاووڵاتی و کورد لەسەر بنەمای پێکهاتە نەژی، بەڵکو وەکو هاووڵاتییەکی ئاسایی بێت، بۆیە بەرژەوەندیی حیزبەکان بەر یەک دەکەوێت و زۆر وڵاتیش ئیش لەسەر ئەوە دەکات.

**رووداو: دوای کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکووک لەلایەن حەشد و سوپای عێراق، پلانی (B)ی بەغدا بۆ کەرکووک و ئەو ناوچە کوردستانییانە چی دەبێت؟**

**ئازاد جوندیانی:** پلانی A و B بەغدا بۆ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان یەک شتە، ئەویش گۆڕینی واقیعی کوردە لەو ناوچانە، بۆ نموونە دەڵێن بەغدا بەڕێوەبەری تاپۆی کەرکووکی گۆڕیوە، ئەمە لەپێناوی دەستکاریکردنی بەڵگەنامە و نووسراوەکانی تاپۆیە بۆ دروستکردنی ناکۆکیی موڵکداری لە نێوان کورد و عەرەب، بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە کێشەی نەتەوەوە بکاتە کێشەی تاکەکەس، بە سیناریۆی جیاواز کورد لە دادگا زەوی و خانووەکەی بدۆڕێنێ. دەیانەوێ بڵێن کەرکووک هی کورد نییە وەکو قسەکەی تارق عەزیز کە بە مام جەلالی گوتبوو: "ئێوە یەک حەقتان لە کەرکووک هەیە: کە بەوێدا تێپەڕین بۆی بگرین".

**رووداو: کشانەوەی بەشێک لە هێزی پێشمەرگە لەلایەن هەندێک فەرماندەی یەکێتی چۆن دەبینی؟**

**ئازاد جوندیانی:** لە هەر شوێنێک بەرگری نەکرابێت هەڵە بووە، هەڵەیەکی سادە نییە، قەرەبووکردنەوەی ئاسان نییە، بەڵکو دەبێت بە خوێن قەرەبوو بکرێتەوە. کشانەوە و بەرگری نەکردنم پێ هەڵە بوو.

**رووداو: ئەمریکا بۆچی گڵۆپی سەوزی بۆ بەغدا هەڵکرد تا پەلاماری ئەو ناوچانە بدات؟**

**ئازاد جوندیانی:** بەداخەوە ئەمریکا بە گیانی تۆڵەکردنەوە و عەشایری مامەڵە دەکات، لەبەر ئەوەیە کە کورد بە قسەی ئەمریکای نەکردووە. هەڵەی ستراتیژی ئەوەیە کە پێمانوابێت بەرژەوەندیی ئەمریکا لەگەڵ کورد یەکدەگرێتەوە، لە کاتێکدا بەرژەوەندیی ئەمریکا لەگەڵ عێراق یەکدەگرێتەوە. ئەمریکا دەیەوێ هاوپەیمانییەک لە ناوچەکە دژی ئێران دروستبکات، بۆیە عێراقی لەگەڵ سعودیە ئاشتکردەوە، بە قەناعەتی خۆم ئەو ئاشتبوونەوەیە کارتۆنییە، چونکە مومکین نییە وڵاتێک زۆرینەی شیعە بێت، دژی وڵاتێکی دیکە بکەوێتە ناکۆکی کە وڵاتێکی بە فەرمی شیعیە، ئەوە زرەخەونی ئەمریکایە.

**رووداو: هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا، ئایا لە رووی دەستوورییەوە ئەو مافەی هەیە؟**

**ئازاد جوندیانی:** عێراق هەموو شتێک بەرامبەر کوردستان دەکات، بەڵام بە پێچەوانەی دەستوور. هەر لە ئیبراهیم خەلیلەوە تاوەکو خوسرەوی لە خانەقین هەموو پاسەوانی سنوور و فەرمانبەری دەوڵەتی فیدراڵین، مەبەستی بەغدا لە رادەستکردن ئەوەیە ئەو فەرمانگانە بە عەرەب بکرێت، لەنێو عەرەبیش بە شیعە بکرێن، کێشەکە ئەوەیە بەغدا دیارە ئەو هاووڵاتییە کوردانە بە عێراقی نازانێت کە لەسەر سنوورەکان دامەزراون، بە کورتییەکەی بەغدا دەیەوێ سنووری کوردستان تەعریب بکات. بۆیە دەبێ بەرگریی بکەین هەتا عەبادی واز لە غرووره دێنێ.

**رووداو: حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیازی کردووە ئەنجامی گشتپرسی سڕ بکرێ، بەڵام بەغدا داوای هەڵوەشاندنەوە دەکات، پێتوایە گشتپرسی هەڵبوەشێتەوە؟**

**ئازاد جوندیانی:** ریفراندۆم تەنیا بە ریفراندۆم بەتاڵ دەکرێتەوە، ئەنجوومەنی سیاسی یان حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ریفراندۆم بەتاڵ بکاتەوە، من یەکێک لەوانەم ئیعتراف بەو بڕیارە ناکەم، ریفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسیی راستەوخۆ بووە و خەڵک دەنگی خۆی داوە و کۆتایی هاتووە. هەندێک دەڵێن ئەوە لەدەسەڵاتی دادگای فیدراڵیی عێراقە هەڵیوەشێنێتەوە، لە کاتێکدا ئەو دادگایە بە سیاسی کراوە و ئەهلیەتی لەژێر گوماندایە، بێلایەن نییە.

**رووداو: کورد وا بە ئاسانی دەچێتەوە نێو پرۆسەی سیاسی لە بەغدا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە 2018؟**

**ئازاد جوندیانی:** پێموایە کورد نابێت لە بنیاتنانەوەی عێراقدا بەشدار و کارا نەبێت، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەمریکا دەیەوێ عەبادی دەربچێتەوە لە کاتێکدا ئەو پیاوە لاوازترین کەسی نێو شیعەکانە، لەبەرامبەر حەشدی شەعبی هەیە کە لەڕووی شکڵییەوە سەر بە عەبادییە، بەڵام فەرمان لە عەبادی وەرناگرێت، تەنیا لەو کاتە نەبێت کە عەبادی دەڵێ بڕۆن کورد بکوژن، ئامادەن فەرمانەکە جێبەجێ بکەن، ئەمەش لە گوێڕایەڵی نییە، بەڵکو ستراتیژی حەشدی شەعبی شەڕکردنە لەگەڵ کورد.

**رووداو: ئەمریکا گوشار لە کورد دەکات کە لە هەڵبژاردنی داهاتوو عەبادی بکاتەوە سەرۆکوەزیران؟**

**ئازاد جوندیانی:** من دەنگ بە عەبادی نادەم، ئەگەر بڕیار بێت کورد ملکەچی ئێران بێت، با دەنگ بە مالیکی و عامری بدات، چونکە ئێران ئەوانەی دەوێت، نەک عەبادی.

**رووداو: ئێران و تورکیا لێکتێکەیشتنیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە، ئەم دژایەتییە تا کوێ دەڕوات؟**

**ئازاد جوندیانی:** ئێران و تورکیا لە زۆر بواردا ناکۆکن، سەت رێککەوتنیش بکەن هەر ناکۆکن و دواتر هەر دژایەتی یەکدی دەکەن، جگە لەوە عێراق بە دەست شیعەیە، ئێستا بە نێوەندگیری ئەمریکا لە سعودیە نزیکبووەتەوە لە دژی ئێران، بەڵام دواجار هەر دەچێتەوە بەرەی ئێران.

**رووداو: با بگەڕێینەوە سەر یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد، بەو حاڵەی یەکێتی کە هاوبەشێکی سەرەکیی پارتییە لە حوکمڕانی، پێتوایە یەکخستنەوە ئاسان بێت؟**

**ئازاد جوندیانی:** یەکێتی جگە لە کۆکبوون و کارکردن لەگەڵ پارتی هیچ دەرفەتێکی لەبەردەم نییە، بۆیە پارتی دەبێ فاکتەرەکانی نزیکبوونەوە و کارکردن لەگەڵ یەکێتی دابین بکات.

**رووداو: پارتی مامەڵە لەگەڵ کام باڵ و کەسی نێو یەکێتی بکات؟**

**ئازاد جوندیانی:** ئەوە ئیشی پارتی نییە. کێ بەناوی یەکێتی دانوستاندن و گفتوگۆی کرد، پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

**رووداو: بەیاننامەکەی فەرماندەیی پێشمەرگەی کوردستانت خوێندەوە کە باسی بە جێهێشتنی کاک کۆسرەت لە بەرەکانی شەڕ دەکات لە کاتێکدا ئەو پیاوە جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتییە و بە هەموو پێوەرێک دوای مام جەلال ئەو کەسی یەکەمە؟**

**ئازاد جوندیانی:** جارێکی دیکەش ئەگەر شەڕ رووبداتەوە کاک کۆسرەت بەجێدەهێڵن، من نامەوێ زۆر قسە لەسەر یەکێتی بکەم، چونکە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم و ئێستا وازم هێناوە، بەڵام هەندێک لە سەرکردایەتیی یەکێتی ئەگەر وا بیر بکەنەوە کە پارتی لەژێر هەڕەشەدایە، هەڵەیان کردووە. پێش پارتی هەڕەشە لەسەر یەکێتی هەیە، لانیکەم پارتی یەک دەستە.

**رووداو: ئێران هەڕەشەیە لەسەر یەکێتی؟**

**ئازاد جوندیانی:** هەر بەتەنیا ئێران هەڕەشە نییە، ئێران سەفی یەکێتی شەق کردووە، ئێستا کۆمەڵێک هێز لە زۆنی سلێمانی قورساییان هەیە کە یەکێتی پێیوایە ئەو ناوچەیە هی ئەوە، بۆیە بڕوا ناکەم سەرکردایەتی یەکێتی خوێندنەوەیان بۆ ئەو دۆخە نەبێت.

**رووداو: ئەگەر یەکێتی کۆنگرە بکات و کێشە نێوخۆییەکان بە لایەکدا بکەوێت، بۆ پارتی ئاسان نییە مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حەقیقی یەکێتی بکات؟**

**ئازاد جوندیانی:** یەکدەستی یەکێتی پێش ئەوەی سوودی بۆ حیزبەکان هەبێت، سوودی بۆ خۆیان هەیە، دەبێ هانیان بدەین کە یەکدەست بن، ئەو هەڕەشانەی لەسەر خودی یەکێتی و کوردستان هەیە دووربخرێنەوە. من ئەگەر لە نێو یەکێتی مابامەوە، لایەنگری ئامادەکردنی مانیفێستی یەکخستنەوە دەبووم، نەک پەرشوبڵاوی.

**رووداو: ئەو گرووپەی رێککەوتنی لەگەڵ بەغدا و تاران لەسەر پرسی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەر کرد، پێتوایە ئەم گرووپە بتوانن کاک کۆسرەت و باڵەکانی دیکە دەربپەڕێنن و یەکێتی بۆ یەک باڵ یەکلایی بکەنەوە؟**

**ئازاد جوندیانی:** چوار ساڵ پێش ئێستا لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتم ستراتیژی تەسفیەکردنی ئەم و ئەو لەنێو یەکێتی ترسناکە، بە ناخۆشحاڵییەوە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا ئەو ستراتیژە گەیشتووەتە ئاستی مەترسیدار، مەبەستم تەسفییەی سیاسییە.

**رووداو: یەکێک لەو رەخنانەی لە پارتی دەگیرێت، ئەوەیە کە مامەڵەی لەگەڵ ناوەندی بڕیار نەکرد و دەسەڵات هەر لەلای باڵی گشتی مایەوە و زۆربەی سەرکردەکانی باڵی ناوەندی بڕیار یان چوونە دەرەوە، یان دوورخرانەوە؟**

**ئازاد جوندیانی:** هەر کاتێک دەنگم بە برادەرانی پارتی گەیشتبێت، هانمداون نەبنە لایەنگری هیچ باڵێکی نێو یەکێتی، بەڵکو دەبێ یەکێتی خۆی ساغ بکاتەوە، ئێمە ناتوانین لە جیاتی کەس بڵێین فلان کەس یەکێتی نییە. هەرچی ناوەندی بڕیارە، لەگەڵ لەدایکبوونی، فاکتەرەکانی مەرگی خۆی هەڵگرتبوو، ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت ئێران زۆر دەست لە کاروباری یەکێتی و زۆنی سلێمانی وەردەدات، ئەمەش ئەو فاکتەرانەی هێناوەتە ئارا.

**رووداو: پرۆژەی هەرێمی سلێمانی، هەڵەبجە و کەرکووک جێبەجێ دەکرێ؟**

**ئازاد جوندیانی:** جارێ پێش هەموو شتێک کەرکووک مەخە نێو ئەو هەرێمە، چونکە بەغدا کەرکووک ناداتەوە هیچ کوردێک. ئەگەر تەها مێحدین مەعرووفیش بێتەوە کەرکووکی نادرێتێ. هەرچی بە هەرێمکردنی ئەو زۆنەیە، کاک مەسعود لە پەیامەکەیدا بە روونی دوو ئیدارەیی رەتکردەوە، بەشێک لە حیزبەکانی سلێمانیش تێگەیشتن و دژی دوو ئیدارەیی وەستانەوە. بە هەرێمکردنی سلێمانی هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو کوردستان، پاشان بۆ سەر حیزبەکانی دیکەش بە تایبەتی گۆڕان، ئەگەرچی لایەنگری بەهەرێمکردنی سلێمانی زۆرن و نووسینەکانیان دەخوێنینەوە. بەڵام لە ئاستی میللی لە سلێمانی پێشوازی لە دوو هەرێمی و چەند هەرێمی نەکرا کە بەبۆچوونی خۆم خراپترین بژارەیە بۆ کورد.

**رووداو: عەبادی گوتی میکانیزمێک دەدۆزینەوە بۆ ناردنی مووچەی فەرمانبەران، خۆی ئەمە چەند کەرتکردنی کوردستان نییە؟**

**ئازاد جوندیانی:** باش بوو ئەو پرسیارەت کرد، پێموایە زۆنی سلێمانی بە پلەی یەکەم لە کاتی ناردنی مووچە دەتەقێتەوە، چونکە عەبادی بە روونی گوتوویەتی ئیعتراف بەو هەموو فەرمانبەرەی کوردستان ناکەن، بەشی ئەوەندە مووچە دەنێرن کە خۆیان بڕوایان پێی هەیە. ئیدارەی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەبێ بۆ خەڵکی روون بکەنەوە کێن ئەوانەی دەردەکرێن و مووچەیان نەهاتووە و بەغدا بە فەرمانبەریان دانانێ، بۆیە پێموایە ئەو کاتە گەورەترین تەقینەوەی جەماوەری روودەدات.

**رووداو: دوای سڕکردنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پێتوایە ئەرکی بارزانی کۆتایی هاتووە؟**

**ئازاد جوندیانی:** ئاسان نییە بە شەو و رۆژێک پۆستەکەی کاک مەسعود چۆڵ بکرێت، بەتایبەتی کە خاوەن کەسایەتییەکی کاریزمیە جا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەسەر سێ ناوەندی بڕیاردان ئەگەر هاوئاهەنگییان لە نێواندا نەبێت، دەبنە سێ دەوڵەت. ئەرکی کاک مەسعود کۆتایی نەهاتووە، دەمەوێ ئەو پرسیارەی تۆ بقۆزمەوە، رەنگە زۆربەی ئەو شتانەی لە بەغدا و شوێنەکانی دیکە دژی کوردستان دەکرێ، بۆ ئەوە بێت کورد لە کەسایەتیی کاریزمایی وەکو کاک مەسعود بێبەش بێت. دوای وەفاتی کاک نەوشیروان و مام جەلال کە خاوەن کەسایەتی و کاریزما بوون و دەیانتوانی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن، تەنیا کاک مەسعود مابووەوە، بەرپرسیارێتی لەئەستۆ گرتن، تەنیا لەسەر سەرکەوتن نییە، بەڵکو لە شکستیش هەیە، بە تایبەتی ئەمجارە کورد بە رێگای دیموکراتی شکستی نەهێناوە، بەڵکو بەغدا هێرشی کردووە و سوپای بەکارهێناوە. من نازانم بەدیلەکانی کاک مەسعود کێن، بەڵام پێموایە هەموو هەوڵێکی ئەمریکا و وڵاتانی دەوروپشتمان بۆ ئەوەیە بەدوای کەسێکدا بگەڕێن حاکمیەت و بڕیاری بەدەست بێت و بە ئاسانی بۆ ئەوان بڵێ بەڵێ.

## 1000 خێزان لە شنگال ئاوارەبوون

**ڕووداو- شنگال**

پەیامنێری (ڕووداو) لە دەڤەری شنگال ڕایگەیاند زیاتر لە هەزار خێزان لە شنگالەوە بەهۆی هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر ناوچەکانیان ئاوارە بوون و ڕوویان لە کەمپەکانی پارێزگای دهۆک کردووە. ئاوارەکانی شنگال دەڵێن، ئامادەنین لە ژێردەستی حەشدی شەعبیدا بژین و جارێکی دیکە ببنە ئامانجی هێرشەکانی ئەو گرووپە شیعیە. سەرەڕای ئەوەش حەشدی شەعبی ڕێگەی نێوان شنگال و دهۆکی گرتووە و کەس ناتوانێت بچێتە نێو شارەکە، بەوهۆیەشەوە هاوکاری ڕێکخراوەکان ناگاتە خەڵکی شنگال کە تاوەکو ئێستا لەژێردەسەڵاتی حەشدی شەعبیدا ماونەتەوە. ڕۆژی 2017/10/17، حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان بەبێ شەڕ چوونە نێو شنگال و هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە.





### داعش خەریکە لەناودەچێ

# 3242 کوردی ئێزدی هێشتا بێسەروشوێنن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لەگەڵ دەستپێکردنی هەر ئۆپەراسیۆنێک لە دژی چەکدارانی داعش، ئیدی خەولە بەدیار شاشەی تەلەفزیۆنەوە دادەنیشێ و چاوەڕێیە هەواڵی تازە لەبارەی چارەنووسی ئەو کوردە ئێزدیانە ببیستێ کە لەلایەن داعشەوە ڕفێندران. خەولە درک بە ئازاری ئەوانە دەکات کە هێشتا لە دەستی داعشدا ماون، چونکە خۆی یەکێک بووە لە ڕفێندراوان.

بەڵام خەریکە خۆری داعش بە تەواوی ئاوادەبێ و چارەنووسی زیاتر لە سێ هەزار کوردی ئێزدی هێشتا نادیارە. ئەوانە لە ڕۆژی 14ی ئابی 2104ـەوە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندراون. دوایین پێگەی داعش کە ئێزدییەکان چاوەڕێ بوون، چارەنووسی زۆربەی ڕفێندراوانی تێدا دەربکەوێ، شاری ڕەققەی پایتەختی خەلافەتەکەی داعش بوو، بەڵام خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدیان لە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت: "تەنیا 20 کوردی ئێزدی لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققەدا ڕزگارکراون، ئەوانیش گەڕاونەتەوە نێو کەسوکاریان".

ئەو ئێزدیانەی لەدوای پەلامارەکەی داعشەوە بۆ سەر شنگال کەوتنە دەست چەکدارانی ڕێکخراوەکە، سەرەتا لەنێو شنگال کۆکرانەوە، پاشان ژن و پیاو و منداڵەکان لە یەکدی جیاکراونەتەوە. دواتر زۆربەی ژن و منداڵەکان گواسترانەوە بۆ تەلعەفەر و لەوێ بەسەر چەکدارانی داعشدا دابەشکران، بەشێکی زۆر لەو ئافرەتانە برابوونە شاری ڕەققە و دێرەزوور. بە گوتەی فەرماندەیەکی ئافرەتی هێزەکانی سووریای دیموکرات، لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ڕەققەدا دەیان کەس لەو ئافرەتانە دۆزراونەتەوە و ئازادکراون.

بەپێی دوایین ئامار کە لەلایەن خەیری بۆزانییەوە دراوەتە (ڕووداو)، لە کاتی پەلامارەکەی داعشدا بۆ سەر شنگال 6417 کوردی ئێزدی ڕفێندران کە 3547 کەسیان لە ڕەگەزی مێ بوون و 2870 کەسیش لە ڕەگەزی نێر.

بە ماوەیەکی کەم دوای پەلامارەکە، هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوەکان دەستی پێکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە ڕزگارکردنی ڕفێندراوەکانی کردەوە. بەپێی ئامارەکەی خەیری بۆزانی، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا 3175 کەس لەو ڕفێنراوانە ڕزگارکراون (1124 ئافرەت، 335 پیاو، 889 منداڵی کچ و 827 منداڵی کوڕ". بەڵام داعش خەریکە بە تەواوی لە سووریا و عێراق کۆتایی دێ و چارەنووسی 3242 ڕفێندراو (1535 مێ و 1707) نێر دیار نییە. خەیری بۆزانی هێشتا بێ ئومێد نییە لە چارەنووسیان و دەڵێت "ئەوان لە ژیاندا ماون و براون بۆ شوێنێکی دیکە".

"زۆربەی کات چاوم لەسەر تەلەفزیۆنە، بۆ ئەوەی بزانم داعش لە کوێ ماون، کوێ ڕزگار کراوە، چاوەڕێم لەگەڵ نەمانی ئەوان، چارەنووسی خێزانەکەی منیش ئاشکرا ببێ". ئەمە قسەی خەولە خدرە کە هێشتا چەند ئەندامێکی خێزانەکەی لە دەستی داعشدا ماون.

خەولە کە خۆی یەکێک بووە لەوانەی لەلایەن داعشەوە ڕفێندرابوو، نزیکەی دوو ساڵ و نیو لە تەمەنی لە سایەی دەسەڵاتی داعشدا بەهەدەر چووە، ئەو ئێستا لە کەمپی شاریا دەژی و دەڵێت: "من باش لە ئازاری ژێردەستەیی دەگەم، لەبەرچاومە کەسوکارەکەم تووشی چ زەحمەتییەک بوون".

دوو خوشک و دایک و برایەکی خەولە، لەو ڕۆژەوەی لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون، هیچ سۆراخێکیان نییە. ئەگەرچی ڕووبەرێکی کەم لە خاکی سووریا و عێراق لەژێر دەستی داعشدا ماوە، بەڵام خەولە هێشتا بێ ئومێد نەبووە و دەڵێت "تا یەک ڕۆژ لە ژیانم مابێ، بێ ئومێد نابم لە گەڕانەوەی ئەوان".

کەم خێزانی ئێزدی هەن ئەندامێکی خێزانەکەیان نەڕفێندرابێ، عەبدوڵڵا شرێم، تاوەکو ئێستا چەندین کوردی ئێزدی ڕزگار کردووە، بەتایبەتی لەوانەی کە براون بۆ سووریا. ئەو لە ئەزموونی خۆیەوە دەڵێت: "هەر شوێنێک کە بزانن هێرشی دەکرێتە سەر، چۆڵی دەکەن و ڕفێنراوەکانیش دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی سەلامەتتر. ئەو ئێزدیانەی لە ژیاندا ماون، داعش بردوونی بۆ دێرەزوور و ئەو ناوچانەی هێشتا لەژێر دەستیدا ماون".

عەبدوڵڵا کە هەندێک کەس بە قاچاخچی ناوی دەبەن، لەو باوەڕەدا نییە سەرجەمی ئەو 3242 کەسە ڕفێندراوەی چارەنووسیان دیار نییە، لە ژیاندا مابن. ئەو دەڵێت: "بەشێک لەوانە لەلایەن داعشەوە کوژراون، هەندێکیان بە تایبەتی مێرمنداڵ و پیاوەکان براون بۆ شەڕەکان و کوژراون، هەندێکیش بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان کوژراون".

عەبدوڵڵا زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو ڕفێندراوانەی لە ژیاندا ماون ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "بەشێکیان براون بۆ تورکیا، بەشێکیشیان براون بۆ دیمەشق و شارەکانی دیکە، ئەوانەی چوونەتە تورکیا ژمارەیان نزیکەی 100 منداڵ دەبێ، لە ڕێگەی ئەو خێزانە تورکمانانەوە بووە کە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەر چوونەتە تورکیا. ئەوانەی سووریاش لە کاتی هێرشەکانی سوپای سووریا بۆ سەر داعش کەوتوونەتە دەست سوپا و گواستراونەتەوە بۆ دیمەشق و شوێنەکانی دیکە".

حوسێن کۆرۆ، بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکراوەکانی کوردی ئێزدی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەوان بەردەوامن لە بەدواداچوون و ڕزگارکردنی ڕفێندراوان. کۆرۆ گوتی "زانیاریمان هەیە کە بەشێک لەوانە لەکوێن، ئێستا بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێین ڕزگاریان بکەین".

گوتیشی: "دوای نەمانی داعشیش ئێمە بەردەوام دەبین لە گەڕان لەدوای ڕفێندراوەکان".

> نیوەی ئەوانەی بێسەروشوێنن کوژراون
>
> ڕزگارکەرێکی ئێزدیان

> لە ئۆپەراسیۆنی ڕەققەدا 20 ئێزدی ڕزگارکران
>
> خەیری بۆزانی



**6417** ژمارەی ڕفێندراوان: کەس
- 3547 مێ
- 2870 نێر

**3175** ژمارەی ڕزگاربووان: کەس
- 1124 ئافرەت
- 335 پیاو
- 889 منداڵی کچ
- 827 منداڵی کوڕ

**3242** ژمارەی ئەوانەی ماون:
- 1535 مێ
- 1707 پیاو

### داوا دەکەن دیپۆرت بکرێنەوە

# دوو خوشکی کوردی ئێزدی لە بولگاریا گیریان خواردووە

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو — سۆفیا**

مونا لەودیو شیشەکانی زیندانی لۆبۆمێزەوە، لەگەڵ زۆزکی خوشکی، بەبێ سەبرییەوە چاوەڕێی بیستنی هەواڵێکە لە بەرپرسانی گرتووخانەکەوە کە ئاخۆ کەی دیپۆرتیان دەکەنەوە؟ ئەو دوو خوشکە چوار مانگە چاوەڕێن، بەڵام حکومەتی بولگاریا نە دیپۆرتیان دەکاتەوە، نە ئازادیشیان دەکات.

مونا و زۆزک، دوو خوشکی کوردی ئێزدی دەڤەری شێخانن، لەسەر داوای شێرزادی برایان، کەسوکار و زێدی خۆیان بەرەو ئەورووپا بەجێهێشت. شێرزاد لەناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی 2015 گەیشتە ئەڵمانیا، دوای دوو مانگ، خۆی رادەستی پۆلیسی ئەڵمانی کرد، بەهۆی ئێزدیبوونیەوە مافی مانەوەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ پێدرا. پاشان داوای لە باوک و دایک و دوو خوشکەکەی کرد بگەنە لای.

خەجێی دایکیان و سەلامی باوکیان، بەهۆی هەڵکشانی تەمەنیانەوە نەیانویست ڕێگەی هەندەران بگرنەبەر، بەڵکو دەیانەوێ لە زێدی خۆیان بژین، بەڵام مونای تەمەن 23 ساڵ و زۆزکی تەمەن 25 ساڵ، لەسەر داوای شێرزادی برایان، ڕێگەی هەندەران دەگرنەبەر و دایک و باوکیان بەتەنیا لە کوردستان جێدەهێڵن.

مونا کە دەموچاوێکی خالاوی و پرچێکی ڕەنگ خورمایی هەیە، لە نێو زیندانی لۆبۆمێز سەرگوزشتەی سەفەرکردنەکەیان بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە مانگی تەممووزی 2016 لەگەڵ زۆزکی خوشکم لەڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو تورکیا گەشتمان کرد، 14 ڕۆژ لە تورکیا ماینەوە، لەوێ لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێککەوتین بمانبات بۆ بولگاریا، سێ شەو و سێ ڕۆژ لە جەنگەڵستانێک لەسەر سنووری بولگاریا ماینەوە، تاوەکوو سەیارەی قاچاخچی هات و بەرەو سۆفیای پایتەختی بولگاریا ڕۆیشتین".

کاژێر 10ی شەو، دوو ئۆتۆمبێل لە جۆری بی ئێم دەبلیو، لە سنووری بولگاریاوە 15 کۆچبەر بەرەو سۆفیا دەبەن کە مونا و زۆزک دوو لەو کۆچبەرانە بوون. دواتر کۆچبەرەکان، ڕادەستی قەرەجەکانی بولگاریا دەکرێن و لەنێو ژوورێکی بچووک دادەنرێن، چاوەڕێی ڕێبەر دەکەن بۆ ئەوەی بیانبات بۆ ڕۆمانیا.

مونا، بەئەندازەی دایکێکی ئێزدی دڵ بەخەمە کە کچەکانی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندرابن، ئەو ماندوو و هیلاکە، هیلاکترە لە کۆچبەرانی دیکە، چونکە زۆزکی خوشکی نەخۆشیی شەکرەی هەیە و پێویستە ڕۆژانە سێ بۆ چوار جار دەرزی ئەنسۆلینی لێبدات، بۆ ئەوەی تەندروستیی خراپتر نەبێ.

وەک باسی دەکەن، سێ شەو و سێ ڕۆژ لەنێو ژوورێکی تاریکی قەرەجەکان دەمێننەوە، تەنیا بەشی ئەوە خواردنیان پێدراوە لە برسان نەمرن، لەچاوەڕوانیی زەنگی مۆبایل و ڕێنوێنی قاچاخچیدان. کاتژمێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی سێیەم، قاچاخچی مونا و زۆزک ئاگادار دەکاتەوە کە خۆیان ئامادە بکەن و شەو بەرەو ڕۆمانیا بەڕێدەکەون. دوای چوار کاژێر چاوەڕوانی، تەکسییەک بەدوایاندا دێ کە بە گوتەی ئەوان شوفێرەکەی بە عەرەبی قسەی کردووە. دوو خوشکە ئێزدییەکە و شەش کوردی دیکە دەباتە سەر سنووری ڕۆمانیا، لەوێ لەگەڵ ژمارەیەک کۆچبەری قاچاخچیی دیکە یەکدەگرن و دەبنە 28 کەس، لەوێوە بەپێ وەڕێدەکەون، لەدوای کاژێر و نیوێک لەلایەن پۆلیسی سنووری بولگاریاوە دەستگیر دەکرێن و بەرەو پۆلیس ستەیشن و لەدواتردا بۆ زیندانی "بۆسمۆس"یان دەگوازنەوە.

نەخۆشیی شەکرە تاقەتی لە زۆزک بڕیوە، ڕەنگی پێ نەهێشتووە، زۆر بە کەمی قسە دەکات، جەستەی تەواو لاواز کردووە. جارجار چاوەکانی دەئاوسێ و فرمێسکی خۆی بۆ ناگیرێ، بەناچاری چاویلکەکەی لادەدات و بە پەنجەی، چاوە بچووکە پڕ ئاوەکانی دەسڕێ. خوشکە بچووکەکەی بەردەوام لە پاڵیدایە و دڵنەوایی دەداتەوە.

مونا و زۆزک، 15 ڕۆژ لە زیندانی بۆسمۆس دەمێننەوە، دوای ئەوەی پەنجەمۆریان وەردەگیرێ، ئازاد دەکرێن. لەبەرئەوەی پەنجەمۆریان پێدەکرێ، بڕیار دەدەن لە بولگاریا داوای مافی پەنابەری بکەن، چونکە قەناعەتیان وابوو دەزگای کۆچی ئەو وڵاتە ڕەچاوی باری تەندروستیی زۆزک دەکات و مافی مانەوەیان دەداتێ، بەڵام دوای شەش مانگ چاوەڕوانی، حکومەتی بولگاریا بە نەخێر وەڵامی داواکارییەکەیان دەداتەوە و بڕیاری ڕەفز و تەردیان بۆ دەردەکات، بۆیە دوای 10 ڕۆژ جارێکی دیکە دەستگیر دەکرێنەوە. ماوەی بیست ڕۆژ لە زیندانی "خاسخۆفۆ"یان دادەنێن. دواتر بەرەو زیندانی لۆبۆمێزیان دەگوازنەوە و نزیکەی چوار مانگە لەو زیندانەن.

مونا و زۆزک، ڕووبەڕووی زۆر ناخۆشی و نەهامەتی دەبنەوە، بەتایبەت لەکاتی نانخواردن، چونکە زۆزک لەبەر نەخۆشییەکەی نابێ هەموو جۆرە خواردنێک بخوات. دەستەی بەڕێوەبەری زیندانیش، جیاوازی لەنێوان زۆزک و بەندکراوانی دیکە ناکەن و ڕێگەش نادەن خۆیان خواردن ئامادە بکەن.

مونا و زۆزک، چوار مانگ زیاترە لە زیندانی لۆبۆمێزن و هیچ ئامێرێکی پێوەندیکردنیان لەلا نییە، لەبەرئەوە بەکرێ مۆبایل وەردەگرن و بۆ هەر قسەکردنێک، دەبێ دوو یۆرۆ بدەنە خاوەنی مۆبایلەکە.

ئەوان لە ماوەی ئەو چوار مانگە چەندینجار داوایان کردووە دیپۆرتی کوردستانیان بکەنەوە، دواجار حکومەت داواکارییەکەی قبوڵکردن.

ڕۆژی 2017/8/24 مونا و زۆزک بە دڵێکی خۆشەوە زیندانیان جێهێشت، چونکە لەلایەن ئیدارەی زیندانەکەوە ئاگادار کرابوونەوە کە دیپۆرتی کوردستان دەکرێنەوە. ئەوان ئەو ڕۆژە بە ئۆتۆمبێلێکی سەرداخراو لە زیندانەوە گواسترانەوە بۆ باڵیۆزخانەی عێراق لە سۆفیا، لەوێ پاسپۆرتی کاتییان بۆ کرا بۆ ئەوەی پێی بگەڕێنەوە کوردستان. کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ ڕێکارە یاساییەکان جێبەجێ دەکەن و دەگەڕێندرێنەوە زیندانی لۆبۆمێز ، بەڵام ئەوان لەو ڕۆژەوە هەر لە زیندانن و چاوەڕێن دیپۆرت بکرێنەوە.



پاش کەوتنی کەرکووک

# قەیرانە راستەقینەکە لە بەغدا دەبێت نەک هەولێر

لێکۆڵەرێکی پەیمانگەی برۆکینگزی ئەمریکی:

دوایین قسە کورد دەیکات نەک عێراق

هیچ حکومەتێک لە بەغدا بەبێ کورد دروست ناکرێ



"سەرکەوتنی حەشدی شەعبی لە کەرکووک رێ بۆ کەوتنی عەبادی خۆش دەکات" (فۆتۆ: AFP)

**رووداو- هەولێر**

لە سێ ساڵی رابردوودا، شەڕی دژی داعش هەموو ململانێ نێوخۆییەکانی عێراقی داپۆشیبوو، لەوانەش ناکۆکیی هەولێر و بەغدا. هێرشەکەی کەرکووک یەکەم دەرکەوتنەوەی ململانێ و ناکۆکییە کۆنەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی ناوەندی بوو کە تێیدا میلیشیایەکی تایفی رۆڵی سەرەکی بینی، بەڵام وەکوو لە رووداوەکانی پشتی پەردەی هێرشەکەی کەرکووکدا دەردەکەوێت، ململانێکان تەنیا لە نێوان کورد و حەشد یان سوننە و حەشددا کورت نابێتەوە، چونکە حەشد چاوی لەسەر بەغدایە.

## هێرشەکەی کەرکووک و ململانێی حەشد و عەبادی

بەپێی یاسا، حەشدی شەعبی وەکوو هەموو هێزە چەکدارەکانی دیکەی عێراق لە ژێر فەرمانی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراقدان، بەڵام رووداوەکانی پێش هێرشەکەی کەرکووک دەریدەخەن پەیوەندیی حەشد و حکومەت زۆر لەوە ئاڵۆزترە. سەرچاوەیەک لە وەزارەتی بەرگریی عێراق بە گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی راگەیاندووە، لە کاتێکدا هێزەکانی حەشد خەریکی جووڵاندنی هێز بوون بەرەو سنوورەکانی کەرکووک، عەبادی بیری لەوە دەکردەوە بە هاوکاریی ئێران و تورکیا گوشاری دیکە لەسەر هەولێر دروستبکات، لەوانەش داخستنی سنووری ئاسمانی و دەروازە سنوورییەکان.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، لە واقیعدا تورکیا ئامادە نەبوو رێگە لە گواستنەوەی نەوتی کوردستان بگرێت، ئەمەش لەلایەکەوە عەبادیی نیگەران کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە بیانووی دابووە دەست حەشد بۆ ئەوەی گوشار لەسەر عەبادی زیاتر بکات و رێگەیەکی سیاسی و سەربازی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، یان رێگە بدات حەشد کێشەکە یەکلایی بکاتەوە.

شەڕی دژی داعش و دواتریش شەڕی کەرکووک متمانەیەکی زۆری بە هێزەکانی حەشد داوە، ئێستاش دەیانەوێت ئەو قوربانییەی داویانە، وەکوو سەرمایەیەک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە بەغدا بەکاربهێنن. حکومەتەکەی عەبادی ئێستا شانازی بەو دەستکەوتانە دەکات کە حەشدی شەعبی بۆ حکومەتەکەی ئەویان دەستەبەر کردووە، بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چۆن لە نێوان راگرتنی دڵی هێزە جیاجیاکانی حەشد و پاراستنی سەروەریی یاسا لە عێراق هاوسەنگی رادەگرێ.

## قەیرانی درێژخایەن لە بەغدایە نەک هەولێر

کەوتنی کەرکووک و بێدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر رووداوەکانی یەک مانگی دوای گشتپرسی، زۆربەی شارەزایانی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە هەرێمی کوردستان و پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان بۆ ماوەی دەیان ساڵی دی دواکەوتووە، بەڵام رەنج عەلائەدین، توێژەر لە پەیمانگای بروکینگز، پێیوایە "لە بنەڕەتدا ئەوە عێراقە کە بەهۆی دامەزراوە لاوازەکانی یان رووخاوەکانی، شەڕی تایفی و هەڕەشەی بەردەوامی گروپە جیهادییەکان رووبەڕووی قەیرانی وجود دەبێتەوە".

هەرزوو ئەمریکا رایگەیاند کە لە شەڕی کەرکووکدا بێلایەن دەبێت، بەڵام هیچکات ئیدانەی هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی بە هاوکاریی سوپای قودسی ئێران نەکرد. تێڕوانینی گشتی بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا ئەوەیە کە واشنتن دەیەوێت لە ئێستاوە تاوەکوو هەڵبژاردنەکانی 2018 پشتگیریی خۆی بۆ عەبادی دەربڕێ، بۆ ئەوەی بە دەستێکی بەهێزەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات. رەنج عەلائەدین ئەمە بە "لۆژیکێکی هەڵە" دەزانێ.

بەبۆچوونی لێکۆڵەرە کوردەکە، بەشداریکردنی چەکدارانی حەشد لە هێرشەکەی کەرکووکدا "ئاماژەیە بۆ ئەوەی متمانە بە هێزەکانی عێراق (واتە سوپا و پۆلیس) نەبوو کە بتوانن کەرکووک بگرنەوە. ئەمەش لە درێژخایەندا مەترسی دروست دەکات"، بۆیە دەڵێت: "سەرکەوتنەکەی کەرکووک رێ خۆش دەکات بۆ کەوتنی عەبادی، لە کاتێکدا ئەو سەرکەوتنە هێزێکی زیاتری بە حەشد بەخشی".

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق، لە چەند مانگی داهاتوودا ململانێی سەخت لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی عێراق و سەرچاوە سیاسی و ئابوورییەکانی دەستپێدەکات. رەنج عەلائەدین پێشبینی دەکات جگە لە گوشارەکانی مالیکی، لایەنگرانی موقتەدا سەدریش گوشارێکی زۆر لەسەر عەبادی و حکومەتەکەی دروستبکەن. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا سەدرییەکان چەندینجار گردبوونەوەی جەماوەریی سەتان هەزار کەسییان رێکخستووە و ناوچەی سەوزیان بڕیوە.

لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، حکومەتەکانی عێراق لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی و هاوبەشێتی دامەزراون. ئەم جۆرە لە حکومەتیش لە رێگەی دانوستاندنی نێوان پێکهاتە ئەتنیکی و تایفییە جیاجیاکانەوە پێکدێت. بە بۆچوونی لێکۆڵەرەکەی بروکیگنز، ئەم جۆرە سیستەمە کاتێک یەکڕیزیی نیشتمانی لە وڵاتەکەدا نەبێت، ئاکامەکەی هەر بنبەستی سیاسی دەبێ".

لەو سیستەمەدا کورد پێگەیەکی بەهێزی هەبووە، لە ماوەی نزیکەی 15 ساڵی رابردوودا هیچ حکومەتێک لە عێراق بەبێ کورد پێکنەهاتووە، یەکەم و دووەم سەرۆککۆماری عێراق کورد بوون، وەزارەتی گرنگی وەکوو کاروباری دەرەوە و دارایی بەدەست کوردەوە بوون. بۆیە رەنج عەلائەدین پێیوایە لە دوای کەوتنی کەرکووکیش، حکومەتی عێراق ناتوانێت دەرگای بەشداری لە حکومەتی هاوپەیمانی لە کورد دابخات "چونکە ئەمە کارەساتبار دەبێت بۆ عێراق، عەرەبە سوننە و شیعەکانی عێراق، تەنانەت تورکیا، ئەمریکا و زۆربەی کۆمەڵگای عەرەبیش قەبووڵی ناکەن. دەترسن ئەو هەنگاوە لە بەرژەوەندی ئەو پێکهاتانەی عێراق بێت کە ئێران پشتگیرییان دەکات. ئەمەش مەشروعییەتی دەوڵەتی عێراق دەخاتە مەترسییەوە".

بەغدا، تاران و ئەنقەرە لەدژی گشتپرسییەکەی کوردستان یەکیانگرت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەو سێ وڵاتە تاوەکو کوێ دەتوانن یەکدەنگ بمێننەوە؟ هەر ئێستا تورکیا و ئێران لە عێراق پشتگیری لە دوو هێزی دژبەیەک دەکەن. بەغدا و ئەنقەرەش لەسەر مانەوەی هێزەکانی تورکیا لە باشیک ناکۆکن. بۆیە رەنج عەلائەدین پێیوایە "فاکتەرێکی ئەوتۆ لەئارادا نییە بۆ ئەوەی لە درێژخایەنیشدا تورکیا، ئێران و عێراق بە یەکدەنگی بهێڵێتەوە".

## کێ لە قەیراندایە؟

ئێستا بەغدا وەکوو لایەنی سەرکەوتووی ململانێکان دیارە. رەنج عەلائەدین پێیوایە "جارێ زووە بۆ ئەوەی بەغدا جەژن بگێڕێ". لەبەر ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆیان دەردەکەوێت کۆمەڵێک تەحەدای گەورە لەو ناوچانەدا روویان تێدەکات کە پێشتر "نەک هەر نەیانتوانیبوو کۆنترۆڵی بکەن، بەڵکو نەیاندەتوانی حوکمیشی بکەن و سەقامگیریی تێدا بپارێزن".

لێکۆڵەرە کوردەکەی پەیمانگای بروکینگز جەخت دەکاتەوە لەوەی "ئەو لایەنەی تووشی کێشەی مانەوە بووە عێراقە نەک کوردستان، (چونکە) ئەوە عێراقە کە بەسەر چەندین ناوەندی دەسەڵات و هێزدا دابەش بووە، رووبەڕووی ناڕەزایەتی عەرەبە سوننەکان دەبێتەوە کە دەکرێت جارێکی دیکە رێ بۆ سەرهەڵدانەوەی گروپی وەکو داعش خۆشبکەنەوە، ئەوە حکومەتی عێراقە کە نە متمانە و نە مەشروعیەتی پێویستی نییە بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکات". سەرەڕای کێشەکانی ئێستای نێوان بەغدا و هەولێر و سەرەڕای پاشەکشێی هێزە کوردییەکان لە پارێزگای کەرکووک، عەلائەدین پێیوایە "دوایین قسە کورد دەیکات، نەک عێراق".

# ئێران لە نزیکبوونەوەی عێراق و سعودیە نیگەرانە

**رووداو- هەولێر**

دوای نزیکەی سێ دەیە لە ساردوسڕی، حکومەتی عێراق و سعودیە جارێکی دیکە هەوڵی گەرمکردنی پەیوەندییەکانیان دەدەن، ئەمجارەیان ئەمریکا لە چەقی هەوڵەکاندایە، بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا دەڵێن پەیوەندییە ئابوورییەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رۆڵی سەرەکی لەو گۆڕانکارییەدا بینیوە، بەڵام ئەستەمە حکومەتی عێراق بتوانێت لە نێوان ئەجێندای دژە- ئێرانیی ئیدارەی ئەمریکا و سعودیە و پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەدا باڵانس رابگرێت.

> ئێران لەوە دەترسێ کە پەیوەندیی نێوان ریاز و بەغدا نەک هەر عەرەبی سوننەی عێراق بەهێز دەکاتەوە، بەڵکو دووبەرەکی دەخاتە ناو ماڵی شیعەش

هەفتەی رابردوو، شا سەلمان، پاشای سعودیە و حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، بە نێوبژیوانی رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە چوارچێوەی "ئەنجوومەنی هاوئاهەنگیی سعودیە و عێراق" کۆبوونەوە. تاوەکوو دوو ساڵ لەمەوبەریش ریاز هەموو هەوڵەکانی ئیدارەی پێشووی ئەمریکای بۆ نزیکبوونەوە لە بەغدا رەتدەکردەوە. لەبەر ئەوەی سعودییەکان بەهۆی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەنناوە متمانەیان بە ئەمریکا نەمابوو.

بەڵام هەر کام لەو دوو وڵاتە دوو ئامانجی جیاوازیان لەم هەنگاوە تازەیە هەیە، سعودیە دەیەوێت رێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی فراوانخوازیی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەو ئامانجەش دەیەوێت بەرەی وڵاتانی عەرەبی گەورەتر بکات. لەلایەکی دیکەوە عێراق کە بەهۆی سێ ساڵ شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوتەوە ئابوورییەکەی ئیفلیج بووە، چاوی لەسەر هاوکاری و پارەی وڵاتانی دراوسێیە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە لە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا یارمەتی بدەن و لەلایەکی دیکەشەوە پەرە بە کەرتی نەوت و غازی بدەن.

ماریا فانتاپی، لێکۆڵەر لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، دەڵێت: "ناسیۆنالیزمی عەرەبی" و زەقکردنەوەی "شوناسی عەرەبی" لەبری شوناسی مەزهەبی، لە چەقی هەوڵەکانی محەممەد بن سەلماندایە بۆ ئەوەی لە حکومەتی عێراق نزیک ببێتەوە، بەبۆچوونی فانتاپی، ئەمە ئەو فاکتەرەیە کە عەبادیش پشتیوانی لێدەکات، لەبەر ئەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەیەوێت خۆی وەکوو سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی عەرەب دەربخات، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە هەڵبژاردنی لەپێشە.

## هەوڵەکانی تیلەرسن

کێنێس پۆڵاک، شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەرپرسی پێشووی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا، دەڵێت: "تیلەرسن هەوڵێکی زۆری دا تاوەکوو قەناعەت بە سعودییەکان بکات کە سیاسەتی ئەو چەند ساڵەیان بەرامبەر عێراق هەڵە بووە".

بەرپرسێکی دێرینی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وێڕای پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونی پۆڵاک، بە گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی راگەیاندووە "ئەمە شتێکە کە ئێمە ماوەیەکی زۆرە هەوڵی بۆ دەدەین، بەڵام تیلەرسن هەوڵێکی بەردەوامی بۆ ئەمە هەبوو. سعودییەکان متمانەیەکی زیاتریان بە ئیدارەی ترەمپە کە ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران بیکات".

تیلەرسن ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گشتیی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی بووە، بۆیەش ناسیاوی و پەیوەندیی تاکەکەسی باشی لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی کەنداو هەیە. وەکوو بەرپرسە لەمێژینەکەی وەزارەتی دەرەوە دەڵێت: "تیلەرسن پێویستی بەوە نەبوو کاتێکی زۆر بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی کەنداو تەرخان بکات، چونکە پەیوەندییەکان پێشتر هەبوون". بەم حاڵەشەوە هەوڵەکانی تیلەرسن ماوەی 10 مانگی ویستووە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی لوتکەی ریازی لێ سەوز ببێت.

لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا تیلەرسن دیدارێکی لەگەڵ ستافی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە مەکسیک هەڵوەشاندەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە عادل جوبەیر، وەزیری دەرەوەی سعودیەوە بکات و داوای لێبکات سەردانی بەغدا بکات. هەمان مانگ جوبەیر گەیشتە بەغدا. لە میانەی کۆبوونەوەی لوتکەی گرووپی 20 لە هامبورگیش، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای لە هاوتا سعودیەکەی کردبوو درێژە بە هەوڵەکانی نزیکبوونەوە لە عێراق بدەن.

## ئێران نیگەرانە

سەردانی تیلەرسن بۆ سعودیە تەنیا بۆ لێکنزیککردنەوەی ریاز و بەغدا نەبوو، بەڵکو پلاتفۆرمێکیش بوو بۆ هۆشداریدان بە میلیشیاکانی سەر بە ئێران. تیلەرسن لە کۆنفرانسێکی میدیایی هاوبەش لەگەڵ جوبەیر رایگەیاند: "میلیشیا ئێرانییەکان کە ئێستا لە عێراقن، لەگەڵ نزیکبوونەوەی تەواوبوونی شەڕی داعش دەبێ بچنەوە ماڵ".

بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە (واشنتن پۆست)ی راگەیاندووە مەبەست لەو میلیشیایانە حەشدی شەعبی و سوپای قودسن. لێدوانەکەی تیلەرسن کاردانەوەی توندی ئێران و فەرماندەکانی میلیشیا شیعەکان و تەنانەت حکومەتی عێراقیشی لێکەوتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن، ئێران لە نزیکبوونەوەی عێراق و سعودیە نیگەرانە، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەو لێکنزیکبوونەوەیە دەشێت کاریگەری و نفوزی تاران لە بەغدا کەمبکاتەوە. بەشێک لە نیگەرانییەکانی ئێران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان ریاز و بەغدا نەک هەر جارێکی دیکە کۆمەڵگای عەرەبی سوننەی عێراق بەهێز دەکات، بەڵکو دووبەرەکی لەناو ماڵی شیعەشدا دێنێتە ئاراوە.

بڕیارە مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت، بۆیەش سەردانەکەی عەبادی بۆ سعودیە لەپاڵ دەستکەوتە داراییەکانی دەکرێت کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسیشی بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق هەبێت، چونکە عەبادی پێویستی بە پشتگیری وڵاتانی سوننە و بەتایبەتیش سعودیەیە بۆ ئەوەی سەرنجی سوننەکانی عێراق بۆ لای خۆی رابکێشێ، یان هەر هیچ نەبێت رێگەیان لێبگرێت لەوەی هەڵوێستی توندیان بەرامبەر عەبادی هەبێت.

راپۆرتەکەی پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "لەبەر ئەوەی رەوشی سیاسی و ئەمنی عێراق لەرزۆکە، پێناچێت عەبادی بتوانێت هەنگاوی جیدی بۆ کۆنترۆڵکردنی کاریگەری و نفووزی ئێرانییەکان لە عێراق بنێت"، چونکە هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە درزی گەورە لە ناو ماڵی شیعەدا دروستدەکات.

عەبادی دەزانێت دروستبوونی ناکۆکی لە ناو ماڵی شیعەدا دەکرێت شەڕی نێوخۆیی نێوان ئەو میلیشیا جیاجیایانەی لێبکەوێتەوە کە ئێستا هەموویان لەژێر چەتری حەشدی شەعبیدا کۆبوونەتەوە و هەرکامیان سەر بە هێزێکی جیاوازی شیعەن. تاوەکوو ئێستا عەبادی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لە کۆنترۆڵکردنی هێزە سیاسی و سەربازییە شیعەکانی دیکەدا بەدەستنەهێناوە کە زۆربەیان سەر بە ئێرانن و وەکوو هێزی گوشار لە عێراق بەکاریان دەهێنێ. سعودیەش دەیەوێت ئەو دەستە کورت بکاتەوە.



(فۆتۆ: AFP)

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (479) – دووشەممە 2017/10/30





## بەغدا داوای لیستی قەرزی گەنمی جوتیارانی کوردستان دەکات

**ڕووداو– هەولێر**

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشـتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسـازیی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند حکومەتی عێراق داوای لە بەڕێوەبەرانی سایلۆکانی هەرێمی کوردستان کردووە لیستی قەرزی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستانیان بۆ رەوانە بکەن، ئەوانیش لیسـتەکانیان رەوانەکردووە". گوتیشـی "دیارە مەبەستیانە پارەی گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستان بدەن، بۆیە داوای لیستیان کردووە". نەوزاد ئەدهەم بڕی ئەو قەرزەی جوتیارانی کوردستانی ئاشکرا کرد کە لەلای بەغدایە و گوتی "قەرزەکان هی چوار ساڵن (2014-2017) سەرجەم قەرزەکانیش گەیشتوونەتە 736 ملیار دینار".

## ئاوارەکان دەگەڕێنەوە

# نرخی کرێی خانوو لە هەولێر بۆ نیوە دادەبەزێ



ئەو جموجۆڵەی ئێستا هەیە زیاتر گۆڕینی خانووی کرێیە و کرێچییەکان بەدوای خانووی هەرزانتردا دەگەڕێن (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو — هەولێر**

کەم کۆڵانی هەولێر هەیە، لەسەر دیواری خانوویەک لافیتەیەکی بەکرێدانی خانوو هەڵنەواسرابێ. خاوەن نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو دەڵێن، بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکانەوە ژمارەیەکی زۆر خانووی کرێ بەتاڵ بوون، بەو هۆیەشەوە کرێی خانوو نزیکەی 50 % دابەزیوە.

بورهان مەلا سدیق، خاوەنی نووسینگەی سیروان بۆ کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو لە شاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی گەڕانەوەی بەشێک لە ئاوارە عەرەبەکان، کرێی خانوو لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری هەولێر بەراورد بە دوو ساڵی رابردوو نزیکەی 50 % دابەزیوە، خانووی کرێش زۆر بوون".

> **خاوەن نووسینگەیەک:**
> پێشتر خەڵک واستەی دەکرد بۆ دەستکەوتنی خانووی کرێ

بورهان مەلا سدیق، نموونە بەکرێی خانووی 100 و 125 مەتریی دوونهۆمی دێنێتەوە و دەڵێت: "پێشتر کرێ مانگانەی ئەو جۆرە خانووانە لە نێوان 500-600 هەزار دینار بوو، لەبەر ئاوارەی عەرەب بەرنەدەکەوت، بەڵام ئێستا بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارەکانەوە، کرێی مانگانەیان بۆ 300-350 هەزار دینار دابەزیوە".

بەگوتەی ئەو خاوەن نووسینگەیە، دابەزینی نرخ و زیادبوونی خانووی کرێ لەزۆربەی گەڕەکەکانی شاری هەولێر دوای ئەوە هات کە سەرۆکوەزیرانی عێراق هۆشداری دایە ئاوارەکان ئەگەر نەگەڕێنەوە زێدی خۆیان مووچەکانیان دەبڕدرێ.

بورهان مەلا سدیق دەڵێت " خەڵک توانای دارایی لاواز بووە، بۆیە زوو زوو خانووەکان چۆڵ دەکەن و بەدوای خانووی هەرزانتردا دەگەڕێن، ئەو جموجۆڵەی ئێستا هەیە زیاتر گۆڕینی خانووی کرێیە و کرێچییەکان بەدوای خانووی هەرزانتردا دەگەڕێن".

ئەو شوێنەی نووسینگەی بورهانی لێیە، 54 نووسینگەی تێدایە، بەڵام بورهان دەڵێت بەهۆی بێ بازاڕییەوە، تەنیا 10 نووسینگەیەک ڕۆژانە دەرگای نووسینگەکانیان دەکەنەوە. بورهان مەلا سدیق گوتی: "زیاتر لەدوو مانگە کلیلی 20 خانووی کرێم لایە، کەس ئامادە نییە بە نیوەی نرخی پێشوویان بچێتە ناوی، لە کاتێکدا پێشتر خەڵک واستەی دەکرد بۆ دەستکەوتنی خانووی کرێ".

پێشتر بەهۆی ئاوارەکانەوە نرخی کرێی خانوو بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو، بەڵام بەپێی ئەو نرخانەی لە ڕێگەی نووسینگەکانی بە کرێدانی خانوو لە گەڕەکەکانی 159ی گوڵان، برایەتی، هەولێری نوێ، هەڤاڵان، فەرمانبەران، زانکۆ، ڕۆشنبیری، ژیان، مەنتکاوە، 121ی گوڵان دەست ڕووداو کەوتووە، نرخی کرێی مانگانەی خانوویەکی 100 تاوەکو 125 مەتری لەنێوان 300 بۆ 350 هەزار دیناردایە و بە دەگمەن دەگاتە 400 هەزار دینار.

سەباح وەلی، خاوەنی نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو لە سنووری گەڕەکی پێنجی حەسارۆک، دەڵێت: "لە سەرجەم گەڕەک و کۆمەڵگە و شارەکان کرێی خانوو تاوەکو 50 % دابەزیوە، هۆکارەکەشی لاوازبوونی توانای دارایی خەڵک و زیادبوونی خانووی کرێیە، ئەویش بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان".

سەباح باسی دوێنێ و ئەمڕۆ دەکات و دەڵێت: "پێشتر ڕۆژی وا هەبوو 20 کەس بۆ خانووی کرێ تەلەفونی دەکرد، جگە لەوانەی سەردانی نووسینگەیان دەکرد، بەڵام ئێستا زیاتر لە دوو مانگە 15 خانووی کرێم لایە، کرێکەشیان هەرزانە، کەس نایەوێ".

جگە لە خانووی کرێ، دوکان و باڵەخانە و پێشانگاش بۆ کرێ زۆر بوون، کرێشیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بەڵام کەس نایەوێ. سەباح دەڵێت: "شوێنی پێشانگام لایە، هەشت مانگە چۆڵە و کەس داوای ناکات".

بە گوتەی سەباح، زۆربەی خاوەن نووسینگەکان بەهۆی بێ بازاڕییەوە ڕوویان لە پیشەی دیکە کردووە : "کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو وەک پێشتر قازانجی نەماوە، بۆیە بەشێکی زۆر لە خاوەن نووسینگەکان ئیشی دیکە دەکەن".

کۆمپانیای عەقاراتی حاجی سەلام، 18 نووسینگەی لە پارێزگای هەولێر هەیە و مانگانە بەدواداچوون بۆ دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی خانوو و باڵەخانە و زەوی کشتوکاڵی و ڤیلا دەکات و ڕاپۆرت لەسەر بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نرخەکان دەدات. لە ڕاپۆرتی ئەم کۆمپانیایەدا هاتووە کە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ بەراورد بەشەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، تەنیا نرخی شوقە بە ڕێژەی 0.8 % زیادی کردووە، بەپێچەوانەوە نرخەکانی خانووی نیشتەجێبوون بە ڕێژەی 1.2 %، نرخی زەوی کشتوکاڵی بە ڕێژەی 13.6 % و زەوی بە ڕێژەی 5 %، زەوی بازرگانی بە ڕێژەی 5.7 % و کرێی خانوو بە ڕێژەی 11.8 % و کرێی شوقە بە ڕێژەی 14 % دابەزیوە، بەشێوەیەکی گشتیش نرخەکان لەساڵی 2013 بەراورد بە 2017 بە ڕێژەی 50 % دابەزیون.

> **خاوەن نووسینگەیەک:**
> دوو مانگە کلیلی 20 خانووی کرێم لایە کەس لێیان ناپرسێ

حاجی سەلام فەقێ کەریم، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای عەقاراتی حاجی سەلام بە (ڕووداو)ی گوت: "تاوەکو ناوەڕاستی ئەم مانگە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانوو و باڵەخانە زۆر ئاسایی بوو، بەڵام دوای هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە بەتەواوی وەستاوە".

گوتیشی: "لەو گەڕەگ و کۆمەڵگایانەی دەکەونە دەرەوەی شار، نرخ زۆر دابەزیوە. بۆ نموونە شارەکانی وەک زەیتون، زێڕین، ئاشتی یەک، بەشی زۆریان بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکانەوە چۆڵ بوون، بەڵام لە گەڕەکە نزیکەکانی شار بەتایبەت ئەوانەی خزمەتگوزارییان باشە، نرخ زۆر دانەبەزیوە".

### کرێچیی کورد پێویستی بە کەفیلە

گرفتی خاوەن نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی تەنیا بێ بازاڕی نییە، بەڵکو لەگەڵ کرێچییەکانیشە. سەباح وەلی کە خاوەنی نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوییە، دەڵێت: "هەموو خاوەن نووسینگەکان بەبێ کەفیل خانوو دەدەنە کرێچیی عەرەب، چونکە هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن بەئاسانی خانووەکەی پێ چۆڵ بکەن، بەڵام بۆ کرێچیی کورد بەتایبەتیش مووچەخۆران، ئەگەر کەفیلیان نەبێت یان نەیناسین، خانوویان نادەینێ، چونکە کرێ دوادەخەن، ئەگەر خاوەنی خانووش پێویستی بە خانووەکە بێ بە ئاسانی چۆڵی ناکەن".

گوتیشی: "زۆرجار پەنامان بردووەتە بەر دادگا تاوەکو کرێچیمان لە خانوو دەرکردووە، یان کرێچی هەیە کرێی حەوت مانگی خواردووە".

# بازاڕی ڕێستورانتەکان بە ڕێژەی 75% کەمی کردووە



لە هەرێمی کوردستان، 1787 چێشتخانە، ڕێستۆرانت و کافتریا لە هەرێمی کوردستان هەن (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانی کوردستان، دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی، گەمارۆی سەر ئاسمانی کوردستان، پەلاماری حەشدی شەعبی و گەڕانەوەی ئاوارەی عەرەب، بازاڕی چێشتخانە و ڕێستورانتەکان بە ڕێژەی 75 % دابەزیوە.

بەپێی ئاماری دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، 1787 چێشتخانە، ڕێستۆرانت و کافتریا لە هەرێمی کوردستان هەن کە 768 گەشتیارین، لەم ژمارەیەش پشکی شێر بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە کە 324 چێشتخانە و ڕێستۆرانتی گەشتیاریی هەیە.

زیرەک بیا ئێلیا، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی قەیرانی دارایی و وەستانی گەشتە ئاسمانییەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان و هێرشەکانی حەشدی شەعبی، فرۆشی چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکان بەڕێژەی 75 % دابەزیوە".

لە دوای 2014 ـەوە ئەوە دووەم گورزە بەر ڕێستورانت و چێشتخانە و هوتێلەکانی هەرێمی کوردستان دەکەوێ، پێشتریش بەهۆی هێرشەکانی داعش 98 هوتێل و ڕێستورانت لە شاری هەولێر داخران، بەڵام زیرەک بیا دەڵێت "دوای هەماهەنگیی گرووپە گەشتیارییەکان و ئاسانکارییەکانی بازگەکان، جوڵەیەکی گەشتیاری پەیدابوو، ژمارەیەکیان کەوتنەوە کار، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەدوای ئەنجامدانی گشتپرسی تووشی هەرێمی کوردستان بوو، فرۆشی چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکان دووبارە دابەزی و چەندین ڕێستورانت داخراون". بە گوتەی زیرەک، بێ بازاڕییەکە بە پلە یەک ڕووی لە چێشتخانە گەشتیارییەکان کردووە بە جۆرێک چێشتخانەی وا هەیە بازاڕی بە ڕێژەی 90 % دابەزیوە.

زیرەک بیا، نموونە بە ڕێستورانتێکی بەناوبانگی شاری هەولێر دێنێتەوە و دەڵێت: "پێشتر ڕۆژانە 800 میوانی هەبوو، ئێستا لە 100 میوان تێناپەڕێ، بەو هۆیەوە بەرەورووی زیانێکی زۆر بووەتەوە".

هەرچەندە ناوبانگ و کواڵیتی و خزمەتگوزاری، ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕاکێشانی میوان بۆ چێشتخانەکان هەیە، بەڵام دیارە کە گەشتیار و داهات کەمبووەوە ناوبانگ و کواڵیتی و خزمەتگوزارییەکانیش پارە ناکەن.

شڤان حەسەن، بەڕێوەبەری گشتیی چێشتخانە و ڕێستۆرانتی باوکی شەهاب ستی، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی ناوبانگی چێشتخانەکەمان و میوانی تایبەت و شاندی بیانی و ئاوارەکان، قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی مووچە زۆر کاری تێنەکردین، بەراورد بەپێشتر موشتەریمان بەڕێژەی 20 % کەمی کردبوو، بەڵام دوای وەستانی گەشتە ئاسمانییەکان و گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکان و هێرشی حەشدی شەعبی، فرۆشمان بەڕێژەی 50 % دابەزی. ئێستاش بەراورد بە پێشتر بەڕێژەی 70 % دابەزیوە".

بەهۆی ئەو بێ بازاڕییەوە، شڤان ناچار بووە دەوام و کاتی کارکردنی کارمەند و کرێکارەکانی بەڕێژەی 30 % کەمبکاتەوە، بەڵام دەڵێت تاوەکو ئێستا هیچیانی لەکار دوورنەخستووەتەوە.

شڤان حەسەن دەڵێت: "قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری لەسەر داوای میوانەکانمان بۆ جۆری خۆراکەکان هەبوو، بۆ نموونە پێشتر میوانمان هەبوو مێزی بە چەند خۆراکێک دەڕازاندەوە. دواتریش داوای میوە و شیرنەمەنی و ئایسکرێمی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەم جۆرە داواکاریانە زۆر کەم بووە".

جگە لە چێشتخانە و ڕێستۆرانتە گەشتیارییەکان، بازاڕی چێشتخانە میللییەکانیش لاواز بووە. ماڵی دایکم کە یەکێکە لە چێشتخانە کولتوورییەکانی شاری هەولێر و دوو ساڵ و نیوە کراوەتەوە، پشکۆ شێخ عەلی، بەڕێوەبەری چێشتخانەکە دەڵێت: "هیچ کات وەک ئێستا چێشتخانەکەمان بێ بازاڕ و چۆڵ نەبووە، قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و بێکاری، کاریگەری زۆری لەسەر دابەزینی فرۆشی چێشتخانەکان هەبوو، هەندێ مانگ قازانجێکی وامان نەدەکرد، هەندێ مانگیش زەرەرمان دەکرد، بەڵام دوای وەستانی گەشتە ئاسمانییەکان و هێرشی حەشدی شەعبی بازاڕمان بەجارێک وەستا و فرۆشمان بەراورد بەساڵی ڕابردوو 80 % کەمی کردووە".

ئەم چێشتخانەیە 30 جۆر خۆراک پێشکەشی میوانەکانی دەکات و 80 %ی خۆراکەکانیشی کوردەوارین، نرخی خۆراکەکانیش لەنێوان 2 بۆ 10 هەزار دینارداییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات مێزەکانیان چۆڵە.

پشکۆ شێخ عەلی دەڵێت "توانای دارایی خەڵک بۆ کڕین زۆر لاواز بووە، ئەوانەی پارەشیان هەیە، بەهۆی ئەم بارودۆخەوە دڵیان خۆش نییە و ئارەزووی ئەوە ناکەن لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکانیان بۆ ناخواردن بچنە دەرەوە، بۆیە بازاڕمان زۆر لاواز بووە".

ئەوەی پشکۆ عەلی و هاوپیشەکانی نیگەران کردووە، زیادبوونی نرخی کارەبا و باج و ڕسوماتی ساڵانەی چێشتخانەکانە، بەجۆرێک هەندێ چێشتخانە ناتوانن باج و کرێی کارەبا بدەن.

پشکۆ شێخ عەلی دەڵێت: "بەهۆی بێ بازاڕییەوە یەک لەسەر سێی کرێکارەکانمان کەم کردووەتەوە، بەڵام هێشتا نەمانتوانیوە قەرەبووی زیانەکان بکەینەوە. ئەوەی زۆر نیگەرانی کردووین زیادبوونی نرخی کارەبا و باج و ڕسوماتی ساڵانەیە کە لەوانەیە بەو فرۆشەی ئێستامان نەتوانین فریای بکەوین".

لەو چەند ساڵەی دواییدا خەریک بوو خواردنی گۆشتی ماسی لە نێو خەڵکدا دەبووە نەریت، بەو هۆیەشەوە چەندین چێشتخانەی تایبەت بە برژاندنی ماسی کرانەوە، بەڵام ئەوانیش ئێستا بازاڕیان کز بووە.

شکار حازم، خاوەنی چێشتخانەی شکار بۆ فرۆشتنی ماسی برژاو دەڵێ: "سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەراورد بە پێشتر فرۆشمان تەنیا 35 % کەمی کردبوو، چونکە هاتنی ئاوارە عەرەبەکان بەهۆی شەڕی داعشەوە تاڕادەیەک هاوسەنگییەکەی ڕاگرتبوو، بەڵام دوای گەڕانەوەی ئاوارەکان و هێرشی حەشدی شەعبی، بەتایبەت لەدوو هەفتەی ڕابردوودا، فرۆشمان زۆر کەمی کردووە".

### 50 ڕێستورانت لە هەولێر داخراون

سەرەڕای قەیرانی دارایی، لەدوو ساڵی ڕابردوودا هەشت چێشتخانەی تازە لەهەرێمی کوردستان کراونەتەوە، بەڵام بەگوتەی زیرەک بیا ئێلیا، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و ڕێستوڕانتەکانی کوردستان دەڵێت "بەهۆی کەمی میوانەوە تەنیا لە هەولێر زیاتر لە 50 چێشتخانە و ڕێستۆرانتی هەڵگری ئەستێرە داخراون".

گوتیشی "بازاڕی مێوانخانە و چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکان زۆر دابەزیوە، زۆربەیان لەسەر زەرەر دەڕۆن، بۆیە داوا لە دەستەی گەشتوگوزار و حکومەت دەکەین پێداچوونەوە بە وەرگرتنی باج و ڕسومات و کرێی کارەبادا بکات، ئەگەرنا بارودۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام بێ، زۆربەی چێشتخانە و ڕێستۆڕانتەکان دادەخرێن".

بەغدا داوا دەکات بگەڕێنەوە

# کورد پاسوۆردی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووکی لەگەڵ خۆی بردووە


کارگرووپ رازی نییە بچێتەوە کەرکووک و داوای گەرەنتی ئەمنی دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ گەیشتنی سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی بە دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووک، زەنگی ئاگادارکردنەوە دەستیان بە لێدان کرد و ئەندازیار و کرێکارە کورد و بیانییەکان لە بنکە نەوتییەکان هەڵاتن. پاش ماوەیەکی کورت ئەندازیارە عێراقییەکان گەیشتنە سەر دامەزراوەکان، زەنگەکە زەنگی لەکارکەوتنی بیرە نەوتەکان بوو، بۆیە ناچار بوون کێڵگەکان دابخەن. ئێستا ئەم ئەندازیارانە پێویستیان بە شارەزایی و زانیارییەکانی کوردە بۆ ئەوەی کێڵگەکان بخەنەوە کار.

بە گوێرەی راپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی، ستافی نەوتی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە رۆژی 17ی تشرینی یەکەم هاتبوونە نێو کێڵگەکانی بای حەسەن و ئاڤانا. لە دوای هێرشەکانی داعش لە 2014، ئەوە یەکەمجار بوو ستافی کۆمپانیای نەوتی باکوور پێیان بکەوێتە نێو ئەو دوو کێڵگەیە.

ئەندازیارێکی کۆمپانیای نەوتی باکوور کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێت: "پاش هەڵاتنی کارمەندانی کورد چووینە ناو دامەزراوە نەوتییەکان و بینیمان پوت و بەدلەکانیان لەسەر زەوی فرێداون. پێدەچوو ئەوان یەکسەر ئەو جلانەیان لەبەر خۆیان داکەندبێت و رایانکردبێ".

ئەندازیارە عێراقییەکە دەشڵێت: "دوای ئەوە زانیمان هەندێک لە کەرەستە سەرەکییەکان دیارنەماون و ژووری کۆنترۆڵیش زەنگی هۆشداری لێدەدات، بڕیارمان دا یەکسەر ئۆپەرەیشنی کێڵگە بوەستێنین".

هێرشەکانی سەر کەرکووک رۆژی 16ی ئەم مانگە دەستیان پێکرد، لەو هێرشانەدا هێزەکانی حەشدی شەعبی بە هاوکاریی فەرماندەکانی سوپای قودسی

> ئەندازیارە عێراقییەکان پێویستیان بە ڕێنوێنیی ئەندازیارە کوردەکانە تاوەکوو بتوانن بای حەسەن و ئاڤانا بخەنەوە کار

ئێران بەشدارییەکی کارایان هەبوو. بە گوتەی بەرپرسێکی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەوە هۆکاری راکردنی ستافی دامەزراوە نەوتییەکان بووە.

بەرپرسەکە دەڵێت: "هیچ کەس حەزی نەدەکرد گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، بۆیەش شوێنەکەیان چۆڵ کرد، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە گێڕانەوەی جیاواز لەبارەی رەفتاری حەشد بە خێرایی بڵاودەبوونەوە".

دوای زیاتر لە هەفتەیەک، ئەندازیارە عێراقییەکان نەیانتوانی کەرتی نەوتی کەرکووک بخەنەوە کار، چونکە نەیاندەزانی چۆن کار بەو کەرەستانە بکەن کە رۆژانە 270 هەزار بەرمیل نەوتی لە هەردوو کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤانا دەردەکرد. هێرشەکانی سەر کەرکووک دەرهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستانی نیوەیی کردووە و هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی تورکیاوە بە رێژەی 66% دابەزیوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە هەناردەی نەوتی کوردستان بە (ڕۆیتەرز)ی راگەیاند، لە ماوەی یەک هەفتەی یەکەمی دوای هێرشەکاندا 200 ملیۆن دۆلار زیانی دارایی بە هەرێمی کوردستان گەیشتووە.

بەرپرسانی نەوتی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان راگەیاندووە کە هەفتەیەکی دیکەشی دەوێت بۆ ئەوەی هەناردەی نەوت لە کێڵگەکانی کەرکووکەوە بەشێوەیەکی ئاسایی دەستپێبکاتەوە، هەڵبەت ئەمەش بەو مەرجەی ئەندازیارەکانی لایەنی کوردی ئامادە بن هاوکاریی ئەندازیارە عێراقییەکان بکەن.

هەفتەی رابردوو بەرپرسانی کۆمپانیای نەوتی باکوور داوایان لە ئەندازیارانی کار گرووپ کردبوو کرێکار و فەرمانبەرەکانیان رەوانەی کێڵگەکان بکەنەوە، چونکە ئەندازیارە عێراقییەکان پێویستیان بە رێنوێنیی ئەندازیارە کوردەکانە تاوەکوو بتوانن بای حەسەن و ئاڤانا بخەنەوە کار.

شارەزایی تاکە فاکتەری بانگهێشتکردنەوەی ئەندازیار و فەرمانبەرە کوردەکان نییە، بەڵکو بەشێک لە ئامێرەکانی دامەزراوەکان پاسوۆردیان لەسەرە و بەبێ ئەو پاسوۆردانە ئامێرەکانی سەر کێڵگەکان ناکەونە کار. وەکوو ئەندازیارێکی عێراقی دەڵێت: "دامەزراوەکانی نەوتی کەرکووک وەکوو سندوقێکی کلۆمدراون و پاسوۆردی دامەزراوەکان تەنیا لای ستافەکەی ئەوانە (واتە ستافە کوردییەکە)".

کار گرووپ تاوەکوو ئێستا رازی نەبووە بچێتەوە کێڵگەکان و داوای گەرەنتیی ئەمنی دەکات.

کەرکووک یەکێک لە کۆنترین و بەناوبانگترین ناوچە نەوتییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراستە. ماوەی 90 ساڵە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە. کێڵگەکانی کەرکووک تاوەکوو ساڵی 2014 لەژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکاندا بوون، بەڵام لەگەڵ هێرشەکانی داعش، هێزە عێراقییەکان رایانکرد و هێزی پێشمەرگە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە و رێگری لە پێشڕەویی زیاتری چەکدارانی داعش، هێزیان رەوانەی ناوچەکە کرد.

کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە، ئاستی هەرناردەی نەوتی هەرێمی کوردستانیشی بەرز کردەوە، لە هەمانکاتدا ژمارەیەک کۆمپانیای نێودەوڵەتیی نەوتیش دەستیان بە وەبەرهێنان و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی ئەو ناوچانە کرد. سەرچاوەیەک لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان بە (ڕۆیتەرز)ی گوت: "جارێ دەبێ بزانین ئەگەر کێڵگەکان کەوتنەوە کار هەرکام لە لایەنەکان چییان دەستدەکەوێت. تاوەکوو ئێستا چۆنێتی دابەشکردنی داهاتی ئەو کێڵگانە دیار نییە".

پێش گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوول، حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوتی لە رێگەی تورکیاوە رەوانەی بەندەری جەیهان دەکرد، کە ئەمەش جۆرێک لە سەربەخۆیی دارایی بە هەرێمی کوردستان دابوو. بە گوێرەی رێککەوتنێکی بەغدا و هەولێر، لەو 600 هەزار بەرمیل نەوتە، 540 هەزاری بەناوی هەرێمی کوردستانەوە هەناردە دەکرا و 60 هەزار بەرمیلیشی بەناوی کۆمپانیای نەوتی باکوور رەوانەی بازاڕەکان دەکرا.

**بەسرا لەجێی کەرکووک**

عێراق دووەم گەورەترین هەناردەکاری نەوتی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکارانی نەوت (ئۆپێک) ـەو رۆژانە چوار ملیۆن و 470 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێ کە زۆربەی لە کێڵگەکانی بەسرە لە باشووری عێراق بەرهەم دێت. عێراق 14%ی کۆی نەوتی ئۆپێک بەرهەم دەهێنێ، بۆیەش دروستبوونی کێشە لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر بازاڕەکانی نەوتی جیهان دەبێ. لە دوای پەلاماردانی کەرکووک لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبییەوە و وەستانی کاری کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک. حکومەتی عێراق بڕیاری داوە هەناردەی نەوتی باشوور بە بڕی 200 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبکاتەوە.

# نرخی نەوت، ناسەقامگیریی وڵاتانی خاوەن نەوت دەقۆزێتەوە


یادگار سدیق

ئەنجامدانی گشتپرسی لە باشووری کوردستان کە ناسەقامگیریی ناوچە کێشەلەسەرەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، ستراتیژی نوێی ترەمپ بەرامبەر ئێران، خراپیی بارودۆخی بەشێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، دروستبوونی درز لە کەرتی وزەی چەند وڵاتێک، سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، بووە پاڵپشتییەکی گرنگ بۆ بازاڕی نەوت کە نرخی بەرمیلێکی لە 60 دۆلار نزیک کردەوە، ئەوەش بەرزترین نرخە لە دوو ساڵی رابردوودا.

بارودۆخی ئابووری و سیاسی بەشێک لە بەرهەمهێنەرانی نەوت، بازاڕی وزەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، وەبەرهێنەران چاویان لەسەر رەوشی کوردستان، عێراق، فەنزوێلا، ئێران، لیبیا و نەیجیریایە، چونکە رەوشی ئابووری و سیاسییان راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بازاڕی نەوت دەبێ.

## کوردستان و عێراق

سەرەڕای ململانێی کۆمپانیا زلهێزەکانی جیهان بۆ دەستڕاگەیشتن بە کوردستان، بەڵام عێراق توانی بیانووی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان بقۆزێتەوە و بە هاوکاریی میلیشیاکان و پاڵپشتیی ئێران دەست بەسەر ئەو نەوتەدا بگرێ کە کورد لە کەرکووک مامەڵەی پێوە دەکرد. کێڵگەکانی بای حەسەن و ئاڤانا پێشتر راستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکران، دەستبەسەرداگرتنیان لەلایەن عێراقەوە کاریگەری کردە سەر بازاڕی نەوت، چونکە رۆژانە 350 هەزار بەرمیل نەوت لەو دوو کێڵگەیەوە رەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرا.

بەغدا بەڵێنی دابوو لە ماوەی 24 کاژێردا هەناردەی نەوتی ئەو کێڵگەیە ئاسایی دەکاتەوە، بەڵام نەیتوانی، بۆیە ئاستی هەناردەکردنی لە کێڵگەکانی بەسرە بەبڕی 200 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد کرد، بەڵام ئەوە کاریگەری نەبوو، نرخی نەوت هەر بە بەرزی مایەوە. پێش پەلامارەکانی بەغدا بۆ سەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، نرخی نەوت لە ئاستەکانی 56 دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرا، بەڵام دوای پەلامارەکە، بەرزبووەوە بۆ 58 دۆلار، بەهۆی درێژەکێشانی راگرتنی نزیکەی 60%ی هەناردەی نەوتی کوردستان، نرخی نەوت گەیشتە ئاستەکانی 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە بە پشتگوێخستنی کوردستان لەلایەن عێراقەوە، بۆ کەرتی وزەی ئەو وڵاتە ئاسان نییە، چونکە بۆ عێراق قورسە وا بە سانایی رێگایەک بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بدۆزێتەوە، چونکە بۆڕیی نەوتی کەرکووک — جەیهان لەکارکەوتووە و نۆژەنکردنەوەشی کاتی دەوێ، بێجگە لەوەش ڕێڕەوەکانی کۆتایی بۆڕییەکە هەر بە خاکی هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێ.

لەلایەکی دیکەوە، تەسلیمکردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێم کە بەناوی سەپاندنی دەستوور داوای دەکات، کارێکی ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیرانە نییە، چونکە لە دەستووردا بە تایبەتی لە ماددەکانی 111 و 112دا ئەو پرسە یەکلایی کراوەتەوە و بەتەنیا حکومەتی بەغدا مافی بەڕێوەبردنی کەرتی وزەی نییە، بەڵکو حکومەتی هەرێمیش دەتوانێت کۆنترۆڵی نەوت و گازی ژێر دەسەڵاتی خۆی بکات. راگەیاندنی چەند گرێبەستێکی کۆمپانیای رۆسنێفت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەرمەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبیدا، مانای سەرکەوتنی هێزی نەرمی وزەی کوردستان دەگەیەنێ، هەر چەندە ناوەڕۆکی گرێبەستەکان ئاشکرا نەکراوە و نازانرێ چ ئامانجێکیان لەپشتە. هەر چۆنێک بێت نەوتی کوردستان تاوەکو ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کە رەنگە کاتێکی زۆری بوێت، کاریگەری لەسەر بازاڕی وزە دەبێت.

## فەنزوێلا:

حکومەتی فەنزوێلا بەرەوڕووی قەیرانی سیاسی و ئابووری بووەتەوە، ئەو وڵاتە خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوتە کە بە 301 ملیار بەرمیل نەوت دەخەمڵێندرێ، بەڵام لە بازاڕی وزەدا ژمارەیەکی بچووکە.

حکومەتی فەنزوێلا بە قەیرانێکی قووڵی ئابووریدا تێدەپەڕێ، ئێستا دەیەوێ بە راکێشانی سەرمایەی بیانی ئەو قەیرانە تێپەڕێنێ، بەڵام قەرزی زیاتری لەسەر کەڵەکە دەبێ. جگە لەوەش تێچووی بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل نەوت لە فەنزوێلا 27.62 دۆلارە، سزاکانی ئەمریکاش لەولاوە بوەستن، بە تایبەتی سنووردارکردنی کاری کۆمپانیاکانی نەوت و گاز. بەگوێرەی راپۆرتی مانگانەی ئۆپێک، لە ئەیلولی ئەمساڵ بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو وڵاتە دابەزیوە بۆ یەک ملیۆن و 890 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، لە کاتێکدا لەسەرەتای ئەمساڵ دوو ملیۆن بەرمیل بوو. پێشبینی دەکرێ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی فەنزوێلا لەوەش کەمتر ببێتەوە، ئەوەش بە قازانجی بازاڕی وزە تەواو دەبێ.

## لیبیا و نەیجیریا

لیبیا و نەیجیریا خەریکە دەگەڕێنەوە بۆ بازاڕی وزە، ئەو دوو وڵاتە کە هەردووکیان ئەندامی ئۆپێکن، بەهۆی ناکۆکییە نێوخۆییەکانیان پابەند نەکران بە رێککەوتننامەکەی ئۆپێک کە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2016 واژۆ کرا بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بە بڕی 1.8 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. هەرچەندە ئەو دوو وڵاتە ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرز کردووەتەوە، بەڵام رەنگە لەوە زیاتر نەتوانن، بە تایبەتی لیبیا کە پێش شەڕ ئاستی بەرهەمهێنانی 1.6 ملیۆن بەرمیل بووە و ئێستا گەیشتووەتە یەک ملیۆن بەرمیل، چونکە کۆسپەکانی بەردەم کەرتی وزە لەو وڵاتە هێشتا هەر ماون. سەبارەت بە نەیجیریاش چەکدارە جوداخوازەکان دووبارە دەستیان کردووەتەوە بە هەڕەشە، پێشبینی دووبارە گرژی و ئاڵۆزی دەکرێت لەو وڵاتە کە ئەمەش نادڵنیاییەک دەداتە کەرتی وزەی ئەو وڵاتە.

## ئێران

رێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران کە بە رێککەوتنی وڵاتانی (1+5)یش ناسراوە، ئاهێکی بەبەر کەرتی وزەی ئەو وڵاتەدا هێنایەوە کە پێشتر بەهۆی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا و ئەورووپاوە داتەپیبوو، بەڵام ستراتیژە نوێیەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جارێکی دیکە کەرتی وزەی ئێرانی خستەوە ژێر هەڕەشە. ئەگەر کۆنگرێسی ئەمریکا رێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران هەڵبوەشێنێتەوە، یان بە شێوەیەک هەمواری بکات کە زیاتر دەست و پێی ئێران ببەستێ، ئەوە کۆمپانیا بیانییەکان ئامادە نین ریسک بە سەرمایەکانیان بکەن و لە کەرتی وزەی ئێران دەکشێنەوە. ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەبێ.

ناسەقامگیری و تەنگەژە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر ئەو کاڵایە، پێشتر کڕیارەکانی بازاڕ نەوت ترسیان لەوە هەبوو وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک رێککەوتننامەکەی نێوانیان درێژ نەکەنەوە کە لە ئاداری 2018 کۆتایی دێ، بەڵام پشتگیرییە بەردەوامەکانی سعودیە، بەتایبەتی لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا بۆ درێژکردنەوەی رێککەوتننامەکە و هەروەها پاڵپشتیی رووسیا، تارادەیەک دڵنیایی دایە وەبەرهێنەرانی بازاڕی وزە. بۆیە درێژکردنەوەی رێککەوتننامەکە و ئەو قەیرانانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان، بۆ دەمێکی درێژ نرخی نەوت بە بەرزی دەهێڵنەوە.





## سپۆنسەری زۆیا، هاوژینەکەیەتی

**رووداو – هەولێر**

خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان زۆیا رایدەگەیەنێت، کە لە کاری هونەری بە پاڵپشتی هاوژینەکەی بەردەوام دەبێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا کلیپێکی گۆرانی بڵاودەکاتەوە. زۆیا کە هاوژینەکەشی هونەرمەندە و ژەنیاری ئامێری کەمانچەیە دەڵێت، بە پاڵپشتی ئەو بەردەوام دەبم، ئەو لە کارەکانم هاوکاریم دەکات و زۆر جار ئاوازی گۆرانییەکانم ئەو دایدەنێت، یان لە کارەکان میوزیک دەژەنێ. زۆیا دەشڵێت "خۆشەویستی و هونەر خاڵی هوبەشی بەهێزمانە و بەیەکەوە ژیانێکی سادەمان لە ئەڵمانیا هەیە، خەریکی ژیان و منداڵەکان و کاری هونەرین، لە ماوەی رابردووشدا بۆ ئامادەکردنی گۆرانییەکی نیشتمانی لە کوردستان بووین".



### دێژین جەمیل، خانمە ئەکتەری کوردی ئێزدی بۆ (رووداو):

# شانازی بە ناسناوی تاکە ئەکتەری کوردی ئێزدی دەکەم

ناسناوی یەکەم خانمە ئەکتەری کوردی ئێزدی وەرگرتووە، بەڵام خۆی دڵنیا نییە لەوەی لە هەموو جیهاندا تەنیا ئەو کچە ئەکتەری کوردی ئێزدی بێت و دەڵێت رەنگە ئەکتەری دیکەش هەبن لە وڵاتانی دیکە بژین، بەڵام دڵنیایە لەوەی لە باشووری کوردستان تاکە کچی کوردی ئێزدییە کاری نواندن بکات.

دێژین جەمیل کە تەنیا دوو هەفتەیە زەماوەندی لەگەڵ کورێک بەناوی هیوا شەمۆ کردووە، دەڵێت هاوژینەکەی بەڵێنی پێداوە لە کاری هونەریدا پاڵپشتی بێت. دوایین دەرکەوتنی ئەم خانمە ئەکتەرە لە فیلمی "خەونی پێش مردن" بوو لە دەرهێنانی "فیکری بەرۆژی". ئەم فیلمە خەڵاتی باشترین فیلمی بینەری لە پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆک بەدەستهێنا.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**رووداو . هەولێر**

**رووداو: یەکەم ئەزموونی دەرکەوتنت لە فیلمی سینەمایی چۆن بوو؟**

**دێژین جەمیل:** لە فیلمی حەج حەجیک بوو کە مانۆ خەلیل-ی سینەماکاری رۆژئاوای کوردستان دەرهێنەری بوو، دەتوانم بڵێم لە یەکەم ئەزموونمدا وەکو ئەکتەر سەرکەوتوو بووم، هەر ئەو کاتە بەڵێنم بەخۆمدا و گوتم کە دەرکەوتنم لە فیلمە سینەماییەکان بەردەوام دەبێت.

**رووداو: بەر لەوەی ببیتە ئەکتەر پیشەشکار بوویت، چۆن هاتیتە نێو بواری سینەما؟**

**دێژین جەمیل:** هەمیشە ئەو خەونەم هەبوو کە ببمە ئەکتەر، دواتر لەسەر داوای دەرهێنەر مانۆ خەلیل هاتمە نێو بواری سینەما و لەو بوارەشدا بەردەوام دەبم.

**رووداو: دەگوترێت تۆ تاکە خانمی کوردی ئێزدیت کە ئەکتەر بیت؟**

**دێژین جەمیل:** هونەرمەندانی بواری سینەما و نواندن ئەو ناسناوەیان پێداوم، بەڵام خۆم لەوە دڵنیانیم، رەنگە کچی دیکەی ئێزیدی هەبن لە وڵاتانی دەرەوە بژین و ئەکتەر بن، بەڵام دڵنیام لەوەی کە لە باشووری کوردستان من تاکە ئەکتەری کچم کە ئێزدی بم. دەستپێکردنی ئەمە بۆ من ئاسان نەبوو، بەڵام شانازی پێوەدەکەم.

**رووداو: کچی دیکەی ئێزدی هەن وەک تۆ ئەو حەزەیان هەبێ؟**

**دێژین جەمیل:** کچانی ئێزدی زۆرن کە حەز دەکەن لە فیلمە سینەماییەکاندا دەربکەون و ئەکتەر بن، ئێستا کچان بەربەرستی زۆریان لەڕێ نییە، کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە رێزی لە ئافرەت و تواناکانی گرتووە، بۆیە من هیوا دەخوازم کە کار بۆ هێنانە پێشەوەی کچانی کوردی ئێزدی بکرێت.

**رووداو: لە چەند رۆژی رابردوودا وێنەی ئاهەنگی هاوژینیت بڵاوبووەوە، رای هاوژینەکەت لەسەر کارەکانت چییە؟**

**دێژین جەمیل:** هیوا هاوژینی منە، زۆرم خۆشدەوێت، ئەو بەڵێنی پێداوم کە لە کارە هونەرییەکانمدا هاوکاریم بکات، دڵنیاشم بەڵێنەکەی دەباتە سەر و رێگر نابێت لەوەی من وەک ئەکتەری سینەمایی لە کارەکانمدا بەردەوام بم.

> ئێزدییەکان چیرۆکی زۆریان هەن بۆ باسکردن

**رووداو: بۆچی لە فیلمەکاندا هەمیشە رۆڵی کەسێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی دەبینی؟**

**دێژین جەمیل:** ئەمە هەڵبژاردەی دەرهێنەرەکانە، ئەگەرچی من ئەزموونم وەک ئەکتەر و دەرکەوتنم لە فیلمی سینەماییدا ئەزموونێکی کورت و تازەیە، بەڵام هەمیشە سینەما رەنگدانەوەی کۆمەڵگە دەبێت، وەک دەشزانن بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێمە لەم ساڵانەی دواییدا وا دەخوازێت کە فیلمەکان فیلمی تا رادەیەک تراژیدی بن، رۆڵی کەسایەتی نێو فیلمە تراژیدییەکانیش هەمیشە رۆڵێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی دەبێت.

**رووداو: لە رابردوودا یەکەم فیلمی تۆ جگە لە فێستیڤاڵە کوردییەکان، لە سینەماکانی ئەورووپاش نمایش کرا، جیاوازیی بینەری فیلم لە کوردستان و ئەورووپا چی بوو؟**

**دێژین جەمیل:** بێگومان لەوێ جیاوازی زۆرە، رێزی زۆریش بۆ سینەماکاران و دەرهێنەران هەیە، لەوێ فیلم و سینەما قیمەتی خۆی هەیە، بەداخەوە لە کوردستان ئەگەرچی ئێستا هەوڵێکی جدی و باش هەیە بۆ کاری سینەمایی، بەڵام تا ئێستاش سینەما لای خەڵک نەبووەتە کولتوور، فیلمی باش هەیە و بابەتەکانیش باشن، لە ئەورووپا هۆڵی سینەما بۆ فیلمی کوردی پڕ دەبێت، لە کوردستانیش کەس ناچێتە دیاری.

> لە ئەورووپا هۆڵی سینەما بۆ فیلمی کوردی پڕ دەبێت، لێرەش کەس ناچێتە دیاری

**رووداو: هیچ کار و پڕۆژەت بۆ خەڵکی شنگال هەبووە؟**

**دێژین جەمیل:** بەهەماهەنگی لەگەڵ چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتی کارم کردووە بۆ ئەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ خەڵکی شنگال کۆبکەمەوە، بەتایبەتی بۆ منداڵان و لەم کارەشمدا سەرکەوتوو بوومە.



### گۆنول دیلان بخوازی قازانج دەکەی

### گۆنول دیلان، کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان بۆ (رووداو):

# لە منداڵییەوە بوومەتە دڵداری ساز

### سالێک پێشکەشکار بووم

**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ساڵی 1991 لە ئامەد لە دایکبووە و لە ئیستەنبوڵ گەورە بووە، هەر لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە دەستی داوەتە ئامێری ساز. گۆنول دیلان، کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان، ناوێکی دیاری باکووری کوردستانە، ئەو توانیویەتی لە بواری گۆرانی و سینەمادا جێی خۆی بکاتەوە. گۆنول کوردی باکوورە و بە تورکی گۆرانی دەڵێ، بەڵام بەنیازە ئەلبوومێکی گۆرانی بە زمانی کوردی بڵاوبکاتەوە.

ئەو زۆر شەیدای ئامێری سازە و ژەنینی ئەو ئامێرە خەونی منداڵیەتی و لەگەڵیدا گەورە بووە، بەڵام ویستوویەتی بەشێوەیەکی ئەکادیمی فێری ژەنینی ئەو ئامێرە ببێ. گۆنول دەڵێت: "لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە خۆشەویستیم لەگەڵ ساز پەیدا کردووە، هەمیشە ساز لەگەڵم بووە، هەر بۆیە کاتێک گەورە بووم، چوومە بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، لەوێ بە ئەکادیمیانە خۆم فێری ژەنینی ساز کرد".

خەونەکانی گۆنول دیلان هەر تەنیا ژەنینی ساز نەبووە، بەڵکو سترانیش خەونی لەمێژینەی بووە، لە کۆنسێرت و ئاهەنگەکاندا لەتەک ژەنینی ئامێری ساز گۆرانیشی دەگوت، ئەمەش وایکرد رۆژ دوای رۆژ ناوبانگ دەربکات. دواتر بڕیاری دا ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکاتەوە، بەڵام ناوی ئەلبوومەکەی هێندە سەرنجڕاکێش بوو، دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

> ئەلبوومێکی گۆرانی بە کوردی بڵاودەکەمەوە

"ئەوەی من بخوازێت قازانج دەکات" ئەمە ناوی ئەلبوومەکەی گۆنول بوو، ئەو لەبارەی ئەم ئەلبوومە دەڵێت: "ساڵی 2008 یەکەم ئەلبوومی گۆرانیم بڵاوکردەوە کە لە 14 تراک پێکهاتبوو، ئەوکات دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ژمارەیەکی زۆری لێ فرۆشرا، ئێستاش بەشێوەی ئۆنلاین هەوادارانم دەیکڕن".

### روو لە سینەما دەکات

خەونەکانی گۆنول لێرە کۆتاییان نەهات، خولیای دونیای سینەما و دراما وای کرد روو بکاتە خوێندنی بەشی شانۆ و سینەما لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، گۆنول دەڵێت: "لەساڵی 2009 بەشداری یەکەمین فیلمی سینەماییم لە ئیستەنبوڵ کرد، بەهۆی سەرکەوتنم لە یەکەمین کاری سینەمایی، هەر هەمان ساڵ بەشداریم لە فیلمێکی دیکە کرد"..

پاش بڵاوبوونەوەی فیلمەکانی گۆنول، دەرهێنەرانی دراما لە باکووری کوردستان چاویان بڕیە ئەم کچە هونەرمەندە، داوایان لێکرد لە درامایەکی کوردی لە ئامەد بەشداری بکات، گۆنولیش یەک و دووی لێ ناکات و بەشداری دەکات، لەوبارەیەوە دەڵێت: "لە ماوەی دوو ساڵدا بەشداریم لە درامایەکی کوردی بەناوی ژان کرد کە رۆڵی سەرەکیم لەگەڵ بەردان ماردینی هونەرمەندی باکووری کوردستان بینی، ئەو درامایە لە یەکێک لە کەناڵە بەناوبانگەکانی تورکیا بۆ ماوەی دوو ساڵ نمایش کرا و بینەرێکی یەکجار زۆری هەبوو".

کارەساتی شنگال و کۆچی کوردی ئێزدی، لەو درامایەی گۆنول دیلان کە بەناوی ژان بووە، رەنگدانەوەی هەبوو، گۆنول دیلان لەبارەی ئەم مژارە دەڵێت: "بەشێک لە درامای ژان باسی لە نەهامەتی و کارەساتی شنگال و کۆچکردنی کوردی ئێزدی بۆ باکووری کوردستان دەکرد، ئەمەش رەنگدانەوەی بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستانە، هەڵبەتە ئەمەش وای کرد بینەرێکی زۆری هەبێت و زیندوویەتی بە چیرۆکی درامایەکە بدات".

> کارەساتی شنگال، درامای "ژان"ی پڕبینەر کرد

دوای بڵاوبوونەوەی درامای ژان، گۆنول دیلان زیاتر لە نێو خەڵکدا ناسرا، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی شارەزابوون لە میوزیک و گۆرانی کوردی، لەلایەن یەکێک لە کەناڵە کوردییەکانی باکووری کوردستانەوە داوای لێ کرا بەرنامەیەکی رۆژانە پێشکەش بکات، گۆنول دیلان دەڵێت: "وەکو پێشکەشکار لە یەکێک لە کەناڵە کوردییەکانی باکوور بۆ ماوەی یەک ساڵ کارم کرد، بەرنامەیەکی رۆژانەی هونەریم پێشکەش کرد، لە نێو بەرنامەکەشدا چەند گۆرانییەکم بەشێوازی لایف پێشکەش دەکرد، ئێستاش لە تۆڕی یوتیوب هەیە و رۆژانە خەڵک سەیری دەکەن".

> لە نمایشێکی جلوبەرگدا یەکەم بووم

لە بواری نمایشی جلوبەرگیشدا گۆنول کاری کردووە، لە یەکێک لە نمایشەکاندا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، لەوبارەیەوە دەڵێت: "لە فێستیڤاڵێکدا لە ئەورووپا بەشداریم لە نمایشی جلوبەرگدا کرد، توانیم پلەی یەکەم لە نێو هەموو مۆدێلەکان بەدەست بێنم، بۆیە لە چەندین ریکلامی بازرگانیش کارم کردووە و لە کەناڵەکان بڵاوکراوەتەوە".

### دەیکاتە کوردی

گۆنول زیاتر بە تورکی بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئێستا کار بۆ ئەلبوومێکی گۆرانی بە زمانی کوردی دەکات. ئەو گوتی "ماوەیەکە بە چڕی سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانی کوردیم کە لە 5 تراک پێکهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کار بۆ وێنەگرتنی نوێترین ڤیدیۆکلیپی گۆرانی دەکەم کە لە باکووری کوردستان کاری وێنەگرتنی بۆ دەکرێت".


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب


Life
NATUREL SPRING WATER
17 L
UBHOLD

## بە شاجوانی هزر ناوی دەبەن

# باریکان کار بۆ گۆڕینی هزری ژن و پیاوی کورد دەکات



باریکان ئیسماعیل:

هەر پیاوێکی ژنکوژ دەستی ژنێکی لەپشتە

دیمەن بورهان
رووداو — هەولێر

دایکی لە خەونی کڕینی پێڵاوێکی جوان رایچڵەکاند کاتێک پێیگوت "چاوەڕێی دەستی من مەبە تا دەست لە باوکت پان بکەمەوە، گەورە بەو بە قەڵەمەکەت چیت پێ خۆش بوو بیکڕە، ژن بە قەڵەم دەتوانێت ئازاد بێت و خاوەن سەرمایەی خۆی بێت". ئەم رستەیە ژیانی باریکانی گۆڕی بۆ ئەو خاتوونەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هەزاران کوڕ و کچ گوێ لە ئامۆژگاری و ئەزموونەکانی دەگرن و هەندێکیان بە شاجوانی هزر ناوی دەبەن.

باریکان ئیسماعیل، کچێکی تەمەن 30 ساڵانە و ماوەی سێ مانگە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەزمانێکی سادە قسە بۆ خەڵک دەکات، ئەو نایەوێت پیاو بە پیاوسالار و ژن بە مافخوراو ببینین. ئەو دەڵێت: "پێویستە ئەم فکرە کۆنە لاببەین و مرۆڤایەتی بەگوێی یەکتردا بچرپێنین".

باریکان لەدایکبووی شارۆچکەی سۆرانە، لە تەمەنی 11 ساڵی لەگەڵ خێزانەکەی روو لە ئەورووپا دەکەن و لە دانیمارک دەگیرسێنەوە. دوای تەواوکردنی بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆیەکی دانیمارک، دەست دەکات بە برەودان بەتوانا فکرییەکانی و وەک خۆی دەڵێت: "هەڵبژاردنی ئەو بەشە بۆ ناسینی خود و دەوروبەرم بوو، تا لەنێوان دوو کۆمەڵگای جیاوازدا ون نەبم و بتوانم خۆم بم". باریکان بەمەشەوە ناوەستێت، دووبارە لە بەشی بزنسی زانکۆی هارڤارد لە ئەمریکا دەخوێنێ و بڕوانامەی ماستەر وەردەگرێ. ئەو دەڵێت:

"زۆر زەحمەتیم بینی تا بتوانم بە پێنووسەکەم بگەم بە گیرفانی خۆم و ببم بە ژنێک لەدوای سووتان، لەناو خۆڵەمێشی خۆم هەستمەوە سەرپێ و بڵێم بەردەوامم، چونکە ناڕەحەتی و مەینەتم زۆر بینیوە".

باریکان کۆرسی راوێژکاری گەشەکردنی کەسایەتی تەواو کردووە، وەکوو قسەکەرێک ماوەی دوو ساڵە خەریکی کۆڕ و سیمینارە لە دەرەوەی وڵات. ئەو ئاواتی ئەوەیە بێتەوە کوردستان لە زانکۆ و هۆڵەکاندا سیمینار بۆ گەنجان بکات و پێیان بڵێت ژیان تەنیا لێبوردەیی و کۆڵنەدانی پێویستە، ئەو داوا لە رێکخراوەکانی ژنان و پیاوان دەکات لەکاتی کێشەکاندا لەبری چارەسەر، گێژاوی نوێ دروست نەکەن، بەڵکو بەشێوەیەک کاربکەن لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەردوولا لەبەرچاو بگرن، بۆ ئەوەی وەک ئەو دەڵێت: "کێشە بە کێشە چارەسەر نەبێت".

باریکان دەیەوێت فکری تاوانلێکراو بگۆڕێت کە بەهەمانشێوەی ئەو تاوانەی بەرامبەری کراوە، دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە، چونکە ژیان لێبوردەیی لێمان دەوێت. باریکان دەڵێت: "عاشقی پیاوم، پیاو لە ژیانی مندا رۆڵی سەرەکی هەیە و پشتوپەنایە، جا چ هاوژینەکەم چ باوکم یاخود براکانم بن. باوکم باشترین مامۆستا بووە بۆ ناسینی پیاو لای من. جا بە کردەوەی باش و هەڵەشییەوە، بۆیە هەرگیز نامەوێت دژی پیاو کاربکەم و خەڵکی هانبدەم رق بەکاربهێنن، دڵنیام دڕندەیی و ژنکوژی پیاوێک دەستی ژنێکی لەپشتە، جا ئەو هەنگاوە بە وشە و قسە و قسەڵۆک بێت یاخود دایک بێت و پەروەردەکەری ئەو پیاوە بێت. نە پیاو نە ژن سروشتیان بەوشێوەیە نییە، تەنیا کۆمەڵە هۆکارێک هەن پێویستە چارەسەر بکرێن لە کەسەکاندا، ئەویش بە لێبوردەیی و خۆشەویستی و کۆڵنەدان".

باریکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە سادەیی دەردەکەوێت و هیچ ماکیاژێک ناکات. ئەو پێیوایە "ئەگەر خۆت روخساری خۆتت پێ قبوڵ نەبێت، بەرامبەر و خەڵک چۆن پێیان قبوڵ دەبێت".

ئەو کاتێک قسە بۆ هەوادارانی دەکات دەڵێت: "قسە بۆ گوێیەکان دەکەم نەوەک چاوەکان".

وەک خۆی دەڵێت رۆژانە 12 کاژێر کاردەکات، بەڵام ئەو پارەیەی دەستی دەکەوێ لە چیدا خەرجی دەکات؟ باریکان دەڵێت: "پێم گوناهە پارە لە مۆدە و ماکیاج خەرج بکەم، بەڵکو بۆ برەودان بە تواناکانم و خوێندنی زیاتر لە زانکۆی باشتر خەرجی دەکەم". لەبارەی جلوبەرگەکانیشی، دەڵێت: "ئەو جلوبەرگانەی لە لایڤەکاندا لەبەرمدا دەبینرێ، هیچیان تەمەنیان لە شەش حەوت ساڵ کەمتر نییە و شتێک دەکڕم کە سوودی لێ ببینم، نەوەک مۆدە و شتی رۆژ".

باریکان سەبارەت بە وتەکانی کە هەندێک خەڵک رەخنەی ئەوەی لێدەگرن قسەی خۆی نییە و قسەی نێو کتێبەکانە، دەڵێت: "هەرچی لە زارم دێتەدەر ئەزموونی خۆمە. ژیان و ئەو کتێبانەی دەیانخوێنمەوە رەنگدانەوەیان لەسەر هزر و ناخم هەیە. من وشە نافرۆشم، بەڵکو دەمەوێت لەڕێگەی وشەوە کۆمەڵگا جوانتر بکەین".

لەبارەی خەونی کڕینی پێڵاوی جوان، باریکان دەڵێت: "ئێستا پێچەوانە بیردەکەمەوە. لەبری ئەوەی کە خەونی کڕینی پێڵاوی جوانم هەبێت، پێڵاوی باش دەکڕم تاوەکوو بە جوانی هەنگاو بنێم".

> خەونی کڕینی پێڵاوی جوانم فڕێداوە و پێڵاوی باش دەکڕم تا بە جوانی هەنگاو بنێم

## ئیمان زەنگەنە، خانمە فۆتۆگرافەری کورد بۆ (رووداو):

# ژنان بە فۆتۆگرافەری کچ ئاسوودەترن



دیمەن بورهان
رووداو — هەولێر

بە فۆتۆکانی رۆژ بەرۆژ ژمارەی هەوادارانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەکات، تا دێت زیاتر دەناسرێ، ئیمان خەریکە حەز و خولیاکەی قاڵبێکی بازرگانی وەردەگرێ و خەڵک بۆ ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری و لەدایکبوون و یەکترناسین بانگی دەکەن، فۆتۆیان بۆ بگرێ.

ئیمان زەنگەنە، کچە فۆتۆگرافەرێکی کوردە، تەمەنی 19 ساڵە، بەڵام کارەکانی پیرتر لە تەمەنی دەردەکەوێ و بە سەرنجدان لە فۆتۆکانی وا هەست دەکەی کەسێکی قاڵبووی نێو کارەکەیەتی و ساڵانێک ئەزموونی لەو کارەدا هەیە.

فۆتۆ خەونی منداڵی ئیمان بووە، بۆیە دوای بینینی رێکلامێک بۆ کۆرسی فێربوونی فوتۆ لە کەناڵێکی لۆکاڵیدا، بەخێرایی خۆی ناونووس دەکات و یەکەم هەنگاو دەستپێدەکات. وەک خۆی دەڵێت "سێ ساڵ پێش ئێستا بە کارکردن بۆ منداڵانی ئاوارە دەستم پێکرد".

ئیمان بەر لەوەی ببێتە فۆتۆگرافەر، یاریزانی تۆپی دەست بووە، وەک خۆی دەڵێت چەندین ناسناوی تاکەکەسی و بە کۆمەڵی بە دەستهێناوە. ئیمان گوتی "تەمەنم 14 ساڵ بوو، پەیوەندیم بە یانەی تۆپی دەستی ئافرەتانی هەولێر کرد، چەندینجار لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق مەدالیای برۆنزم بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا، هەروەها یانەکەم چەندین نازناوی لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا بەدەستهێناوە".

ئیمان هەرچەندە قوتابیی قۆناغی دووەمی بەشی کۆمپیوتەرە لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر، بەڵام بەشێک لە کاتەکانی خۆی بۆ وەرزش و فۆتۆ تەرخانکردووە. ئیمان دەڵێت "هەفتانە چوار رۆژم بۆ مەشق و راهێنانی وەرزش تەرخان کردووە" سەرەڕای ئەوەش بەردەوام کامێراکەی هاوڕێیەتی، شەوانە بەشداری ئاهەنگی بووکگواستننەوە و بۆنە تایبەتە خێزانییەکان دەکات.

ئیمان دەڵێت "ژنان و کچان زۆر بە کارەکانم ئاسوودەن. ئەوان پێم دەڵێن بەدڵی خۆمان دەتوانین بەو مۆدێلانە وێنە بگرین کە دڵمان دەیخوازێت، سەرەڕای ئەوەش هەندێک خێزانی داخراو هەن کە رێگە بە کچ و خێزانەکانیان نادەن لەلای فۆتۆگرافەری پیاو وێنەی مۆدێل بگرن، بۆیە داوا لە من دەکەن فۆتۆیان بۆ بگرم"

ئیمان شەیدای سروشتە، زوو زوو بە کامێراکەیەوە دەچێتە نێو سروشتی کوردستان. ئەو دەڵێت "سەردەمێک دێت فۆتۆ دەبێت بە زمانی دووەمی دایک، هەرچەند راگرتنی چرکەیەکی زەمەنە. بەڵام ئەوە وێنەکانە دەتوانێت جیهانێک بهەژێنن و وێنەکانن تراژیدیاکانی کورد دەنووسنەوە".

ئیمان باس لە چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی کارەکانی دەکات و دەڵێت "لە کوردستان کۆرسی پرۆفیشناڵ زۆر کەمە، بۆیە من لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە توانیومە برەو بە کارەکەم بکەم، هەر لەو رێگەیەوە پەیوەندیم لەگەڵ ژمارەیەک فۆتۆگرافەری رووسی و هەنگاری دروستکردووە، سوود لە ئەزموونەکانیان وەردەگرم".

کەمن ئەو کچانەی لە کوردستان هەمان پیشەی ئیمانیان هەڵبژاردووە، ئەوەش ئەو کچە فۆتۆگرافەرەی نیگەران کردووە. ئیمان دەڵێت "کچی فۆتۆگرافەرمان لە کوردستان زۆر کەمن، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، حەزدەکەم زۆر بین و لە کێبڕکێی باشترین بین".

ئەو پشتگیری دایکی و خێزانەکەی بەرز دەنرخێنێ و دەڵێت "هەرچەندە سەرەتا لە قسەی خەڵک دەترسان، بەڵام بەهۆی ئەوەی متمانەی زۆریان بە من هەبوو، پشتگیریان کردم".

ئەگەرچی ئیمان سەرەتا وەکو حەزێک رووی لەو کارە کردووە، بەڵام ئێستا خەریکە کارەکەی قاڵبێکی بازرگانی وەردەگرێ و دەبێتە خاوەن داهاتی خۆی. ئیمان گوتی "خۆشحاڵم لەم سەرەتایەی تەمەنمدا بتوانم خاوەن دارایی خۆم بم و لەهەمانکاتدا فۆتۆ و وەرزش لەیەک هزردا کۆبکەمەوە".

دەربارەی نرخی وێنە و ڤیدیۆکانیشی دەڵێت "نرخی کارەکانم وەک هەمان نرخی فۆتۆگرافەرە کوڕەکانە، بەڵام بۆ قوتابیان و کەسانی کەمدەرامەت داشکاندن دەکەم، چونکە ئەوەندەی دڵخۆش دەبم بە ئاسوودەبوونی بەرامبەرەکەم و بە کارەکەم، ئەوەندە پەیوەست نیم بە لایەنە ماددییەکەوە".

ئیمان باس لەوە دەکات رۆژانە بەهۆی بینینی کارەکانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی و ئاهەنگە خێزانییەکان بانگهێشتکردنی بۆ کارکردن روولەزیادبوونە، بەڵام هێشتا لە کۆمەڵگای کوردیدا بڕوابوون بە کاری ژن پتەو نەبووە کە ئەویش وەک پیاوێک دەتوانێت جوانترین کارییان بۆ بکات. ئیمان دەڵێت دەڵێت "ئەگەرچی لە بەشێکی زۆری ئاهەنگەکانی هاوسەرگیریدا داوای فۆتۆگرافەری ژن دەکەن، بەڵام هەندێک لە پیاوان و کۆمەڵگاش پێیان سەیرە کچێک بتوانێت کاری فۆتۆ لە ئاهەنگدا بکات". ئیمان دەشڵێت زۆرجار لە کاتی کارکردندا گوێی لە توانجی پیاوانیش دەبێ، بەڵام ئەو توانجانە لەبری ئەوەی ساردی بکەنەوە، زیاتر گوڕوتینی پێدەدەن.ئیمان دەیەوێ لە یەککاتدا هاوتەریب گرنگی بە فۆتۆ و وەرزش بدات و ئامادە نییە دەستبەرداری هیچیان ببێ. ئیمان دەڵێت "وەرزش و فۆتۆم وەک قژێک کردووە بە کەزی و هەرگیز لەیەکیان جیاناکەمەوە".

> خێزانە داخراوەکان داوای فۆتۆ مۆدێلم لێدەکەن

> بۆ ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری داوای فۆتۆگرافەری ژن دەکەن



## لە سلێمانی گەنجێک دەکوژرێ

**روودلو – سلێمانی**

گەنجێکی دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی تەقەی لێکرا و کوژرا، پۆلیسیش ڕایگەیاند دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی کە لە پەیجەکەیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویان کردووەتەوە "پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 2017/10/28 گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ، لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی بە گوللە کوژرا". پۆلیس دەڵێت "دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی و تیمە فریاگوزارییەکانی دیکە، تەرمەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری لە شاری سلێمانی کرا و لێکۆڵینەوەی وردیش لەبارەی ڕوداوەکەوە دەستپێکردووە" بە گوتەی پۆلیس ئەو گەنجە ناوی (ە.س.ن) ە و لە دایکبووی 1994ە و بە گوللە کوژراوە.

# دایک و باوکێک ئامادەنین منداڵە ئۆتیزمەکەیان لەخۆبگرن



هیچ سەنتەرێکی ئۆتیزم لە کوردستان ئامادە نییە بەڵێن لەلای خۆی بهێڵێتەوە

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

بەڵێن شەعبان، تەمەن شەش ساڵان، تەنیا قوربانی و گرفتاری چارەنووسی خۆی نییە کە تووشبووی ئۆتیزمە، بەڵکو بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە بووەتە کێشەیەکی گەورەی نێوان دایک و باوکیشی کە لەیەکدی جیابوونەتەوە و هیچیان ئامادەنین بەخێوی بکەن.

خونچە ڕەسوڵ، دایکی بەڵێن، ماوەی پێنج مانگە لە شەعبان خدری هاوژینی جیابووەتەوە. ئەوان تەنیا خاوەنی بەڵێنن، ئەو بە (رووداو)ی گوت "من ناتوانم منداڵێکی ئاوا بەخێو بکەم، چونکە زۆر زەحمەتە و بە شەو بە ڕۆژ وەستانی نییە، بەخێوکردنی منداڵ ئەرکی باوکە، من جیابوومەتەوە و پەیوەندیم بە ئەوانەوە نەماوە".

خونچە کە لە قسەکانیدا دیاربوو بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە دووبارە باوەش بۆ منداڵە نەخۆشەکەی بکاتەوە و بەخێوی بکات، گوتی: "هۆکاری جیابوونەوەی من و باوکی بەڵێن، لەلایەک پەیوەندی بە خراپیی هەڵسوکەوتی باوکییەوە هەبوو، بەشێکی دیکەشی بەهۆی ئەو منداڵەوە بوو. بەپێی یاساش منداڵەکە دراوەتەوە بە باوکی و ئەرکی بەخێوکردن و لەئەستۆگرتنی هەر لەسەر ئەوە، بۆیە من ئامادەنیم جارێکی دیکە ئەو منداڵە لەخۆبگرمەوە".

> یان خۆم دەکوژم یان منداڵەکەم فڕێدەدەمە سەر شەقام
>
> باوکی بەڵێن

بەڵام شەعبان خدر، باوکی بەڵێن، هاوار دەکات و دەڵێت: "تووشی نەخۆشیی دەروونی بووم، تێکچووم، پێویستە حکومەت ئەو منداڵەم لێوەربگرێت، یان موسڵمانێک بیگرێتە خۆی".

شەعبان ئێستا بەدیار منداڵە نەخۆشەکەیەوە دانیشتووە و دەڵێت: "خۆم و منداڵەکەم بەتەنیا دەژین، دەبێت بەردەوام بەدیارییەوە دابنیشم و خولەکێکیش ناتوانم بەجێی بهێڵم، بەهۆی بەڵێنەوە ناتوانم هیچ کارێک بکەم، دەبێت بەردەوام چاودێری بکەم".

شەعبان، سەرەڕای خراپبوونی باری دەروونی، باری داراییشی خراپە، لەکاتی ژەمەکاندا دەچێتە لای چەند خاوەن چێشتخانەیەک تاوەکوو پارووە نانێکی بدەنێ و بیداتە منداڵەکەی، بۆیە ئەوەندە بێزارە دەڵێت "توانام نەماوە و ناتوانم چیدی بەخێوی بکەم، ئەگەر حکومەت یاخود کەسێک منداڵەکەم لێوەرنەگرێت، ناچارم خۆم بکوژم یان منداڵەکەم فڕێ بدەمە سەر شەقام".

سەرەڕای بوونی چەند سەنتەرێکی ئۆتیزمی ئەهلی و حکومی و خێرخوازی لە کوردستان، بەڵام وەک باوکی بەڵێن دەڵێت: "هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین و شوێنێک نییە بۆ منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم کە لەلایەن خێزانەکانیانەوە بەخێونەکرێن، تا بیانگرنەخۆ".

هەمزە مەغدید، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە (رووداو)ی گوت "لە هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک سەنتەری ئۆتیزمی حکومیمان هەیە، بەڵام منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم تەنیا تا کاژێر یەکی پاش نیوەڕۆ دەتوانن لەوێدا ڕاهێنانیان پێبکرێت و چاودێری بکرێن".

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەشڵێت: "خانەی بێسەرپەرشتانمان هەیە کە شوێنی مانەوەی منداڵانی بێسەرپەرشتە، بەڵام ئەم خانانە بۆ ئەو منداڵانەن کە تەندروستییان باشە و نەخۆشییان نییە، ناتوانرێت منداڵی تووشبووی ئۆتیزم لەوێ بهێڵدرێنەوە. حکومەت لە پرۆژەیدا بوو شوێنێک بۆ تووشبووانی ئۆتیزم دابین بکات، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەکە ڕاگیرا".

کەمال جەباری، سەرۆکی ئۆتیزمی کوردستان سەبارەت بە وەرگرتنی بەڵێن لە سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم، گوتی "سەرەڕای سەنتەری ئۆتیزمی حکومی و ئەهلی لە هەولێر، سەنتەری خێرخوازیی هانامان هەیە کە ئامادەییان دەربڕیوە بۆ بەخێوکردنی بەڵێن و ڕاهێنانی پێویست پێی، بەڵام هیچ جێگەیەکمان نییە بۆ مانەوەی لەو سەنتەرە".

ئێستا بەڵێن چاوەڕێی پڕکردنەوەی بەڵێننامەی باوکی و ئەو کەسە خێرخوازەیە کە دەیگرێتە خۆی، هەرچەندە چەند خێرخوازێک ئامادەن هاوکاریی ماددی باوکی بەڵێن بکەن، بەڵام شەعبان زۆر باری دەروونیی هیلاکە و دەیەوێت کەسێک هەبێت لەخۆی بگرێت و بەخێوی بکات.

### (رووداو) فریای بەڵێن کەوت

دوای ئەوەی تۆڕی میدیایی (رووداو) لەڕێگەی بەرنامەی "بەرپرسیار"ـەوە ئەم کەیسەی وروژاند، چەند کەسێکی خێرخواز و چەند کۆمپانیایەک هاوکاریی ماددیان پێشکەشی بەڵێن و باوکی کرد. تەنانەت مووچەی مانگانەشی بۆ بڕدرایەوە. هەروەها چەند سەنتەرێکی ئۆتیزمی ئەهلیش ئامادەییان دەربڕی بۆ ئەوەی بەبێ بەرامبەر ڕاهێنان بە بەڵێن بکەن و فێری خوێندنیشی بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە، چەندین خێزان پەیوەندییان کردووە و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە تا منداڵەکە لەئەستۆ بگرن. بەڵام پێویستە ئەم پرۆسەیە لەڕێگەی یاساوە ئەنجام بدرێت.



ژیلەمۆ عەبدولقادر
موقەدەمی مافپەروەر

## لەسەر بەخێوکردنی دایکیان شەڕیانە

ڕەنگە بەم ناونیشانەی سەرەوە خەیاڵت بۆ ئەوە بچێ کە شەڕی نێوان دوو برایە بۆ دەربڕینی ئەوپەڕی ئەمەکداری و وەفاداری بۆ دایک و باوکیان، بەڵام ئەو خەیاڵە تەنیا بۆ یەکێکیان ڕاستە، بۆ ئەوەی دیکەیان شتێکی دیکەیە.

لەم ماوەیەی ڕابردوودا ئافرەتێکی بەساڵاچوو سەردانی کردین، سەرەتا گومانت بۆ ئەوە دەچوو کە ڕەنگە ئافرەتێکی بێکەس بێ، یان کەسوکارەکەی لێی بێزار بن و ئامادە نەبن دەرگای لێ بکەنەوە، بەڵام دواتر زانیمان کە کوڕەکانی شەڕیانە لەسەر ئەوەی دایکیان ببەن بۆ لای خۆیان.

ئەو ئافرەتە گێڕایەوە: "خاوەنی دوو کوڕم، یەکێکیان تا بڵێی خراپە، ئەوەی دیکەیان تا بڵێی باشە. هێشتا هاوژینەکەم هەر لە ژیاندا مابوو کوڕە گەورەکەم تەشقەڵەی پێدەکرد، هەندێک زەویمان هەبوو بە کرێمان دابوو، ئەو داوای دەکرد بەشی لەو کرێیە بدەینێ، یان زەوییەکەیان بفرۆشین و بەشە میراتی بدەینێ، لە کاتێکدا هیچ پێویستی بەو پارەیە نەبوو. کوڕە بچووکەکەشمان بە پێچەوانەی گەورەکە بیری دەکردەوە، قەت داوای دینارێکی لێنەکردووین. هاوژینەکەم تەواو بێزار بووبوو بە دەست کوڕە گەورەکەمەوە، بۆیە سکاڵای لەسەر تۆمار کرد و پۆلیس دەستگیری کرد، ئیدی وازی هێنا. مێردەکەم دەیزانی کوڕە گەورەکەمان نیازی خراپە، بۆیە بەرلەوەی بمرێ، هەرچی موڵک و ماڵی هەیبوو، لەسەر منی تاپۆ کرد. ئێستا لەوەتەی باوکیان مردووە، کوڕە گەورەکەم واز لە من ناهێنێ، چاوی لەو میراتەیە کە لە باوکی بەجێماوە، دەیەوێ من لەلای ئەو بم، هەر کاتێک من مردم دەست بەسەر میراتەکەدا بگرێ و برا بچووکەکەی لێ بێبەش بکات. کوڕە بچووکەکەم حەز دەکات من لەلای ئەو بم، منیش حەز دەکەم بچمە لای ئەو، چونکە هیچ متمانەم بە کوڕە گەورەکەم نییە، بەڵام کوڕە بچووکەکەم لە ترسی براکەی ناوێرێ بە ئاشکرا داوا بکات بچمە لای ئەو".

داواکاریی ئەو ئافرەتە بەساڵاچووە ئەوە بوو کە ئێمە بانگی کوڕەکانی بکەین و لەوێ ئەو بڵێت کە حەز دەکات بچێتە لای کوڕە بچووکەکەی. بانگی هەردوو کوڕەکەمان کرد، لەوێ ئافرەتەکە گوتی من حەز دەکەم لەلای کوڕە بچووکەکەم بمێنمەوە، هەر کاتێکیش مردم، بەپێی یاسا و شەریعەت میراتی باوکتان لە نێوان خۆتان دابەش بکەن. هەرچەندە کوڕە گەورەکەی زۆری پێ ناخۆش بوو کە گوێی لەو قسانەی دایکی بوو، بەڵام ناچار بوو بە داواکەی دایکی ڕازی بێ. دایکیشی بەڵێنی پێدا بە جارێک پشتی تێنەکات و جاروبار سەردانی ئەویش بکات.

بەپێی یاسا و شەریعەت، منداڵ دەبێتە میراتگری دایک و باوکی، هەندێک لە دایکان و باوکان بە تایبەتی ئەوانەی بەساڵدا دەچن و سەروەت و سامانیان زۆرە، هەر ئەو کاتەی لە ژیاندا ماون، میرات بەسەر منداڵەکانیاندا دابەش دەکەن، بۆ ئەوەی لە دوای خۆیان منداڵەکانیان نەبێتە کێشەیان لەسەر میرات. بەڵام هەندێکیان حەز ناکەن ئەوە بکەن، چونکە پێیانوایە کە باسی میرات بکرێ، مەرگی ئەوان نزیک بووەتەوە، یاخود پیربوون. بۆیە ئەو باوکانەی کە هەست دەکەن دوای خۆیان میراتەکەیان دەبێتە کێشە بۆ منداڵەکانیان، حەق وایە پێش ئەوەی بمرن ئەو پرسە لەگەڵ منداڵەکانیان یەکلایی بکەنەوە.

### لە چوار وانە کەوتبوو

# قوتابییەکی 13 ساڵان خۆی دەکوژێ



**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ، قوتابییەکی تەمەن 13 ساڵان دوای دەرنەچوونی لە چەند وانەیەک، لە ژوورەکەی خۆیدا، خۆی کوشت. گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردەش دەڵێت: "خۆکوشتنی قوتابیان ساڵانە لە دوو بۆ سێ حاڵەت تێناپەڕێت".

ئەو ڕۆژە (ب.س)ی تەمەن 13 ساڵان بەتەنیا لە ماڵەوە دەبێت، ئەمە دەکات بە دەرفەتێک و بە چەکەکەی باوکی سێ گوللە لەخۆی دەدات و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. (س.م) کە باوکی (ب)یە، بە (رووداو)ی گوت: "کوڕەکەم پۆلی حەوتی بنەڕەتی بوو، بەڵام لە چوار وانەدا کەوتبوو، قوتابییەکی زیرەک نەبوو، پێشتریش لە پۆلی چواری بنەڕەتی دەرنەچووبوو، بەڵام کوڕێکی زۆر بێدەنگ و باش بوو، کێشەشی لەگەڵ کەس نەبوو. تەنانەت لەگەڵ ئێمەش. ئێمەی زۆر خۆشدەویست و ئێمەش ئەومان زۆر خۆشدەویست. بە کەوتنی لە وانەکانیدا زۆر بێتاقەت ببوو، بۆیە دڵخۆشیم دایەوە و پێمگوت ئەمساڵ نا ساڵێکی دیکە هەوڵ بدە، دەردەچیت".

باوکی (ب) لەبارەی ڕووداوەکەوە دەڵێت: "ئەو ڕۆژە من و دایکی لە ماڵەوە نەبووین، (ب) بەتەنیا لە ماڵەوە بوو، پێدەچێت ئەو دەرفەتەی قۆستبێتەوە و ئەو تفەنگەی منی دۆزیبووەوە کە چەند ساڵێک بوو لە ماڵەوە هەڵمگرتبوو".

دراوسێیەکی (س) پەیوەندیی پێوە دەکات و هەواڵی خۆکوشتنی کوڕەکەی پێ ڕادەگەیەنێ. (س) گوتی "بەپەلە گەڕامەوە ماڵەوە، کوڕەکەمم بینی کە لە ژوورەکەی خۆیدا لەسەر زەوی کەوتبوو. تفەنگەکەش لەلای دەستی ڕاستی کەوتبوو، دیاربوو سێ گوللەی بەژێری ملی خۆیەوە نابوو".

دەشڵێت: "ئێستاش باوەڕ ناکەم چۆن کارێکی لەم شێوەیەی کردووە، چونکە هیچ کاتێک هەستمان نەکردووە تەنانەت بیریش لە کارێکی وا بکاتەوە".

باوکی (ب) دڵنیایە کە خۆکوشتنی کوڕەکەی پەیوەندی بە خوێندنەکەیەوە بووە: "کوڕەکەم هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئێمە و کەسیش نەبوو، تەنانەت کێشەی دەروونیشی نەبووە، دڵیشی زۆر بە خوێندنەکەی خۆش بوو، بۆیە گومانم نییە بەهۆی دەرنەچوونەوە خۆی کوشتبێت".

باوکی (ب) دەشڵێت: "گومانم لە هیچ کەسێک نییە، بۆیە سکاڵام لەسەر کەس تۆمار نەکردووە و دڵنیام خۆی بەهۆی نەزانییەوە دەستی داوەتە ئەم چەکە و ئەم کارەساتەی بەسەر خۆی و ئێمەش هێناوە، بۆیە تەنیا چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیسین لەسەر ڕووداوەکە".

عەمید عادل حەمەساڵح، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارۆچکەی چەمچەماڵ بە (رووداو)ی گوت: "ڕۆژی 2017/10/2 ئاگادار کراینەوە لە ڕووداوێکی خوکوشتن لە ناحیەی شۆڕش. دوای چوونی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە، دەرکەوت مێرمنداڵێکی تەمەن 13 ساڵان کە قوتابی قۆناغی حەوتی بنەڕەتی بووە، دوای وەرگرتنی نمرەکانی و کەوتنی لە چەند وانەیەکدا، لە ژوورەکەیدا لە ماڵی خۆیان بە سێ گوللە خۆی کوشتووە".

دەشڵێت: "تیمەکانی بەڵگەی تاوان دوای لێکۆڵینەوە تەرمەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کردووە، گوتەی کەسوکارەکەشی وەرگیراوە. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ڕووداوەکە خۆکوشتن بووە و چاوەڕێی بڕیاری دادوەرین".

سامان سیوەیلی، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، لەبارەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی قوتابیان و خوێندکاران بەهۆی دەرنەچوونەوە بە (رووداو)ی گوت: "بەداخەوە جارجارە گوێمان لەو هەواڵانە دەبێ کە قوتابی بەهۆی دەرنەچوونی لە وانەکان پەنای بردووەتە بەر خۆکوشتن یان هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام حاڵەتەکانی خوکوشتنی قوتابیان بەهۆی دەرنەچوونەوە زۆر کەمن و ساڵانە لە دوو بۆ سێ حاڵەت زیاتر نییە".

گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە دەشڵێت: "ئامۆژگاری ئێمە بۆ ئەو قوتابییە خۆشەویستانە ئەوەیە کە کەوتن و دەرنەچوون کۆتایی دونیا نییە، تەنیا ئەوان نین کە دەرنەچوون، بۆیە پێویستە ئەمە بکەنە دەرفەتێک بۆ بەخۆداچوونەوە و بۆ ساڵانی داهاتوو بە خوێندنی باشتر و دەرچوونیان لەم قۆناغەدا قەرەبووی بکەنەوە، هەروەها داوا لە دایک و باوک و کەسوکاری قوتابیانیش دەکەین کە لەکاتی دەرنەچوونی کچ و کوڕەکانیاندا ڕووبەڕوویان نەبنەوە و گوشاری دەروونی زیاتریان نەخەنەسەر، بەڵکو هانیان بدەن بۆ ئەوەی ئەم خەم و بێتاقەتییەیان بڕەوێننەوە و ئامۆژگارییان بکەن تا لە ساڵەکانی دواتر باشتر بخوێنن و پلەی باش بەدەستبهێنن".

رووداو تاراوگە
ژمارە (479) - دووشەممە 2017/10/30



## سوێد.. 23 هەزار کەس داوای مافی پەنابەری دەکەن

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

دەزگای کۆچی سوێد پێشبینی دەکات ئەمساڵ 23 هەزار و 500 کۆچبەر داوای مافی مانەوە لەو وڵاتە بکات، ئەوەش بە پێچەوانەی پیشبینییەکانی رابردوویانە کە چاوەڕێیان دەکرد ژمارەکە لەوە زیاتر بێ.

دەزگاکە پێشتر پێشبینی کردبوو ئەمساڵ 41 هەزار کۆچبەر داوای مافی مانەوە لە سوێد بکەن، بەڵام پێشبینییەکەیان کورتی هێناوە و دەڵێن چاوەڕوان دەکەن تاوەکو کۆتایی ساڵ 23 هەزار و 500 کەس داوای مافی مانەوە بکەن. بۆ ساڵی داهاتووش پێشبینی دەکەن 24 هەزار کۆچبەر داوای مافی مانەوە بکەن. پێشبینییەکانی دەزگاکە بۆ ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی پەنا لە ساڵی 2019–2021 دەگەنە سوێد، زیاتر لە 30 هەزار کۆچبەر دەبێت.

# قاچاخچییەکان کۆچبەرانی کورد دەدەنە دەست پۆلیس

**زامدار ئەحمەد**
**رووداو- زیندانی لۆبۆمێز، بولگاریا**



ئەو قاچاخچییەی بەڵێنی بە سەرکار ئەسوەد و هاوڕێکانی دابوو، نەیتوانی بەڵێنەکەی بباتەسەر و بیانگەیەنێتە ئەڵمانیا، بەڵکو لەنێو دارستانێکی بولگاریا جێیهێشتن، ئەوانیش وەکو کەسێکی سەرگەردان ملی رێگەیان گرتەبەر، بەڵام خۆیان لە زینداندا بینییەوە.

بەشێک لەو کۆچبەرە کوردانەی لە تورکیاوە بەرێدەکەون بەرەو وڵاتانی ئەوروپا، هەر زوو دەکەونە بۆسەی پۆلیسی ئەو وڵاتانەوە، بە تایبەتی لە بولگاریا و رۆمانیا. کۆچبەران هۆکاری گرتنەکەیان بۆ ئەو قاچاخچیانە دەگێڕنەوە کە ناتوانن بیانگەیەننە شوێنی مەبەست.

سەرکار ئەسوەد، 18 ساڵ، دوای ئەوەی لە تورکیاوە گەیشتە بولگاریا، لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەستگیر کرا و خرایە گرتووخانەی لۆبۆمێز لە سۆفیای پایتەخت. ئەو لە زیندانەوە چیرۆکی خۆی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی: "دوای ئەوەی گەیشتینە تورکیا، دوو هەفتە ماینەوە تاوەکو قاچاخچییەکمان دەستکەوت، وا رێککەوتین بە رێگەی وشکانی بمانگەیەنێتە بولگاریا، نزیکەی 30 کاژێر بەڕێوەبووین. کاژێر یەکی شەو گەیشتینە سۆفیای پایتەخت، لەنێو خاکی بولگاریا، تاوەکو گەیشتینە سۆفیا سێ جار ئۆتۆمبێلەکەیان گۆڕین، دواجار بەرەو ناوچەی قەرەجەکانی بولگاریا چووین و زۆر بەپەلە لە ئۆتۆمبێل دایانگرتین و نزیکەی 20 کەسیان خستە ژوورێکی بچووکی خانووی قەرەجەکانەوە. شەو لەبەر سەرما خەومان لێنەدەکەوت".

سەرکار و هاوڕێکانی پەیوەندی بە قاچاخچییەکەوە دەکەن و پێیدەڵێن شوێنەکەیان زۆر خراپە و خواردن و خواردنەوەیان دەستناکەوێ، ئەویش بەڵێنیان پێدەدات کە رێبەریان بۆ بنێرێ تاوەکو رێنوێنییان بکات بەرەو رۆمانیا.

سەرکار دەڵێت: "قاچاخچییەکە پێیگوتین هەوڵ دەدەم هەر ئەمرۆ بتانگەیەنمە رۆمانیا، بەڵام دوای سێ رۆژ ئینجا کەسێک تەلەفۆنی بۆ کردین و گوتی ئامادەبن و کاژێر نۆی شەو بەرێدەکەوین. ئێمەش بەپەلە خۆمان ئامادە کرد. تەکسی هات و بەرەو دەرەوەی سۆفیا لەگەڵی رۆیشتین. ئێمەی لەنێو دارستانێک دابەزاند و گوتی چاوەڕوان بن ئۆتۆمبێلێکی دیکە دێت لەدواتان. تاریکە شەوە و باران دەباریێ، تەواوی جەستەمان تەڕبووبوو، زیاتر لە 10 کاژێر چاوەڕێمان کرد، بەڵام کەس نەهات. بۆیە بەناچاری ئەو ناوچەیەمان بەجێهێشت و بەرەو پایتەخت گەڕاینەوە، بەڵام لە رێگا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراین".

سەرکار کە خەڵکی پشدەرە، لە زیندان بۆی روون بووەتەوە کە قاچاخچییەکە خۆی هۆکاری دەستگیرکردنیان بووە. سەرکار گوتی "لەزیندان بۆمان دەرکەوت کە قاچاخچییەکەمان رێبەری دەستنەکەوتبوو، بۆ ئەوەی ئێمەی پێ بفرۆشێ و بەرەو رۆمانیا بەڕێمانکات، لەبەرئەوە ئێمەی ناردە دەرەوەی شار تاوەکو دەستگیر بکرێین".

گوتیشی: "هەندێک لەو قاچاخچیانە کاتێک کۆچبەر داوای گەرەنتییان لێدەکات بۆ ئەڵمانیا، دەڵێت بەسەرچاو و پارەی خۆی وەردەگرێ، بەڵام دواتر بۆ کۆچبەران رووندەبێتەوە کە ئەو قاخاخچییە تەنیا دەتوانێ نەفەر بگەیەنێتە بولگاریا یان رۆمانیا، دواتر لەوێ بە گرتنیان دەدات و لە کۆڵ خۆیان دەکاتەوە".

هەندێک لە کۆچبەران بە ئاشکرا هەستیان بە فێڵی قاچاخچییەکان کردووە و دەڵێن رێبەر و قاچاخچییەکان بە ئەنقەست کۆچبەران بەو شوێنانەدا دەبەن کە کۆچبەر تێیاندا بە ئاسانی دەستگیر دەکرێن. حەیدەر عومەر، دوو مانگ لەچاوەڕوانیدابوو تا بەرێگەی ئاوی لە تورکیاوە بەرەو ئیتاڵیا بڕوات، بەڵام رێکنەکەوت و بەناچاری رێگەی وشکانی بەرەو بولگاریا هەڵبژارد. کاتێک (رووداو) قسەی لەگەڵ حەیدەر کرد، لە زیندانی بولگاریا بوو، ئەو گوتی: "لەوکاتەی کوردستانم بەرەو تورکیا جێهێشت، دەمویست بەرێگەی ئاوی بگەمە ئیتاڵیا، بەڵام بەختم نەبوو، دوو مانگ لە تورکیا چاوەڕێم کرد، چەندین قاچاخچیم گۆڕی، کەچی دەرفەتی رۆیشتن زۆر کەم بوو، لەبەرئەوە بە ناچاری بڕیارمدا بەرێگەی وشکانی بەرەو بولگاریا بڕۆم".

> قاچاخچیەکان پاش وەرگرتنی پارەکانیان، نەفەر لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوە و پۆلیسیان لێ ئاگادار دەکەنەوە
>
> کۆچبەرێک

حەیدەر کە تەمەنی 28 ساڵە، قەت ئەو رۆژەی لەبیر ناچێ کە زۆر بە ئاسانی رێبەرەکەیان ئەوانی خستە نێو دەستی پۆلیسی بولگاریا، حەیدەر گوتی: "لە ئەستەنبوڵەوە بەرەو ئەدرنە رۆیشتین، لە ئەدرنەوە بەپێ بەرێکەوتین تاوەکو چووینە سنووری یۆنان، 12 کاژێر لە سنووری یۆنان ماینەوە و رێمان کرد تا گەیشتینە سنووری بولگاریا، بە تەنیشت بنکەیەکی پۆلیسی بولگاریدا رۆیشتین، لەوکاتەدا پۆلیسی بولگاری بلاجیکتۆرێکی زۆر بەهێزیان لێدا و هاواریان کرد بوەستین. ئیدی خۆمان هەڵدایە چاڵاییەک و لەبەر تیشکی لایتەکە خۆمان ون کرد، رێبەرەکان گوتیان ئێوە لێرە بن کەمێکی دیکە دەرۆین، ئێمەیان لەوێ بەجێهێشت و خۆیان زۆر بەخێرایی رۆیشتن. زۆری نەبرد پۆلیس هات و هەموومانی دەستگیر کرد".

حەیدەر پێیوایە رێبەرەکان بە ئەنقەست ئەوانیان بە نزیک بنکەی پۆلیسدا بردووە "بەڕاستی رێبەرەکان رۆڵی زۆر خراپیان هەبوو لەوەی ئێمە دەستگیر بکرێین، چونکە دەکرا لەدووریی دوو کیلۆمەتر لەو بنکەی پۆلیسە بڕۆین".

لاوێن عەبدوڵا، کۆچبەرێکی دیکەی کوردە و لە گرتووخانەی لۆبۆمێزە لە سۆفیا، ئەویش چیرۆکی دەستگیرکردنەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی: "بە دەردەسەری گەیشتینە بولگاریا، پێنج شەو لە خانووی قەرەجەکاندا ماینەوە. دەمەو نیوەڕۆی رۆژی پێنجەم قاچاخچی ئاگاداری کردینەوە کە خۆمان ئامادە بکەین، تا بەرەو سربیا بەڕێمان بکات، لە خانووی قەرەجەکان رۆیشتین و لەنزیک سەنتەری شار ئێمەیان دابەزاند و گوتیان کەمێکی دیکە سەیارە دێت و دەڕۆن".

بەڵام لە جیاتی ئۆتۆمبێلی رێبەر، ئۆتۆمبێلی پۆلیس بەدوایاندا هات. لاوێن گوتی: "سێ کاژێر چاوەڕێی هاتنی سەیارەمان کرد، بەڵام لە ناکاو پۆلیس هات و دەستگیری کردین، دوای بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت کە قاچاخچییەکەمان پۆلیسی ئاگادار کردووەتەوە و بە گرتنی داوین، چونکە ئەو پێیوابوو ئەو بڕە پارەیەی لەسەری رێککەوتبووین کەم بوو، دەبووایە زۆربەی پارەکە بداتە رێبەرەکان بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە سربیا، بۆیە پۆلیسی ئاگادار کردبووەوە و ئێمەی بە گرتن دا".

# فەرزین لە ئیتاڵیا گۆڕ غەریب بوو



به دوو حکومەت نەیانتوانی تەرمی فەرزین بگەڕێننەوە کوردستان

**شوان سدیق**
**رووداو – کرۆتۆنی**

هیچ شتێک فەرزینی بە کوردستانەوە نەدەبەستەوە تەنیا قاچەکانی نەبێ، بۆیە ئەویش وەکو سەتان گەنجی ئەو وڵاتە بڕیار دەدات زێدی خۆی بەجێبهێڵێ، بەو ئومێدەی لە تاراوگە دوای خەونەکانی بکەوێ، بەڵام لە ئیتاڵیا گۆڕغەریب بوو.

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا، خێزانەکەی فەرزین مزەفەری تەمەن 23 ساڵ، کە دانیشتووی شاری سلێمانین، بڕیار دەدەن کوردستان جێبهێڵن و روو لە وڵاتێکی ئەوروپی بکەن. سەرەتا بەشێوەیەکی فەرمی دەچنە تورکیا و ماوەی 20 رۆژ لەوێ دەمێننەوە، دواتر لەگەڵ قاچاخچی رێکدەکەون بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە ئیتاڵیا، بەڵام لە رێگا بەرەوڕووی چارەنووسێکی نادیار بوونەوە و فەرزینی تێداچوو.

جەعفەر کە هاوسەفەری فەرزین بووە و ئێستا لە ئەڵمانیایە، بە (رووداو)ی گوت: "من و دایکم و باوکم و فەرزینی برام لە تورکیا بەرێکەوتین، بەڵام بەهۆی سەختیی رێگاکە و ترسی دەستگیرکردن لە یەکدی دابڕاین، دواتر من و فەرزین یەکدیمان دۆزییەوە و بە رێگای ئاویدا خۆمان گەیاندە ئیتاڵیا".

### باری تەندروستی تێکدەچێ.

فەرزین و جەعفەری برای رۆژی 2017/6/23 دەگەنە ئیتاڵیا و لە شاری کرۆتۆنیی پایتەختی هەرێمی کەلابریا نیشتەجێ دەبن، بەڵام دوای چەند رۆژێک، فەرزین باری تەندروستی تێکدەچێ و رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ.

جەعفەر چیرۆکی گیانلەدەستدانی براکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی: "لەگەڵ فەرزینی برام لە تورکیا لە باوک و دایکمان دابڕاین، پاشان ئێمە بەرێگای ئاوی هاتینە ئیتاڵیا، هەتا گەیشتینە ئیتاڵیاش براکەم هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەبوو، پاش چەند رۆژێک نەخۆشکەوت لە نەخۆشخانەی شاری کرۆتۆنی داخڵیان کرد".

بە گوتەی جەعفەر، کارەساتەکە لە نەخۆشخانەکە دەستیپێکرد، جەعفەر گوتی "براکەم لەبەر ئازاری پشتی بەردەوام دەینالاند، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێنەدەکرد، چونکە ئێمە پەنابەر بووین ، هیچ گرنگییان پێنەدداین".

جەعفەر کە لەسەرەتاوە تاوەکو رۆژی مردنی لەگەڵ براکەی بووە، دەڵێت براکەی لە کوردستان نەخۆشیی دڵی هەبوو، بەڵام چارەسەری کردبوو. سەبارەت بە هۆکاری نەخۆشکەوتنیشی لە ئیتاڵیا، جەعفەر گوتی "براکەم لە رێگا زۆر هیلاک بوو بۆیە وای لێهات، قاچاخچییەکان ژمارەیەکی زۆر کۆچبەریان خستبووە نێو بەلەمێکەوە، ئەویش پێشتر نەخۆشیی دڵی هەبوو، پێموایە هەر بەهۆی سەختیی رێگاکە وای لێهات".

بە گوتەی جەعفەر، براکەی دوای ئەوەی نەخۆشکەوتووە، هەر لە سەرەتاوە پشتگوێخراوە و چارەسەری پێویست نەکراوە، تەنانەت سەرەتا بردوویانەتە نەخۆشخانەیەک کە تایبەت بووە بەو بەساڵاچووانەی رەوشی دەروونییان تەواو نییە، پاشان کە زانیویانە باری تەندروستی زۆر ناجێگیرە، ئینجا رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری کرۆتۆنییان کردووە.

فەرزین ماوەی نزیکەی سێ مانگ لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە تا دواجار لە رۆژی 2017/10/2 لە نەخۆشخانەی گشتیی کرۆتۆنی گیانی دەردەچێ، بەڵام چیرۆکەکەی لەگەڵ مردنەکەی کۆتایی نایەت و زیاتر لە 10 رۆژ لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە، چونکە کەسوکارەکەی دەیانویست تەرمەکەی ببەنەوە کوردستان و لەوێ بینێژن، بەڵام پارەی گەڕاندنەوەی تەرمەکەیان نەبوو. هەروەها لە ئیتاڵیاش داوای پارەیەکی زۆریان دەکرد بۆ دابینکردنی زەویی گۆڕەکەی و ناشتنی تەرمەکەی.

جەعفەر کە پاش بەخاکسپاردنی تەرمی براکەی چووەتە ئەڵمانیا، لەوبارەوە دەڵێت "سەرەتا حەزمانکرد تەرمی فەرزینی برام بنێرینەوە کوردستان، بەڵام زیاتر لە 10 هەزار یۆرۆی دەویست، ئێمەش ئەو پارەیەمان نەبوو، دواتر ویستمان لە ئیتاڵیا بەخاکی بسپێرین، لەوێش داوای پارەیان دەکرد، ئێمەش گوتمان ئەو پارەیەی ئێوە داوای دەکەن نیمانە، کاتێک زانییان رەوشی ئابووریمان خراپە و پارەمان نییە، دوای 10 رۆژ تەرمەکەیان داینەوە و لە گۆڕستانێک لە کرۆتۆنی بەخاکمان سپارد".

جەعفەر گلەیی لە باڵیۆزخانەی عێراق و کونسوڵخانەی هەرێمی کوردستان لە رۆما دەکات و دەڵێت: "بەداخەوە کە براکەم نەخۆش بوو هیچ هاوکارییان نەکردین، کاتێکیش کۆچی دوایی کرد داوامان لێکردن هاوکاریمان بکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکەی، بەڵام بەدەنگمانەوە نەهاتن".

پاش کۆچی دوایی کوڕەکەیان، کەسوکاری فەرزین لە ئەڵمانیا یەکیانگرتووەتەوە، جەعفەریش ئیتاڵیای بەجێهێشتووە، چونکە بە گوتەی خۆی "ئیتاڵیا بە کەڵکی ئەو نایەت، چونکە هیچ رێز لە پەنابەر ناگرن، جگە لەوەش ئێستا بە دەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنێ و ناتوانێ کۆمەکی کۆچبەران بکات".

سەبارەت بە گیانلەدەستدانی کوڕەکەی، مزەفەر جەعفەری باوکی فەرزین بە (رووداو)ی گوت: "بەداخەوە کوڕەکەم بەهۆی کەمتەرخەمی بەرپرسانی تەندروستیی ئیتاڵیاوە مرد، چونکە هیچیان بۆ نەکرد. بەداخەوە کە دەڵێن لێرە مافی مرۆڤ هەیە، ئەگەر ئەوە راست بێ دەبێ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری مردنی کوڕەکەم بکرێ".

### 6000 کۆچبەر لە دەریادا خنکاون

قوربانییەکانی گەڕان بەدوای "ژیانێکی باشتر" بەردەوامە. کۆچبەرانی ئاسیا و ئەفریقا لە رووی قوربانییەوە ژمارەی پێوانەییان تێپەڕاندووە. ماڵپەڕی "کۆرێئێری"ی ئیتاڵی بڵاوی کردەوە کە ساڵی رابردوو 5000 کۆچبەر لە دەریای ناوەڕاستدا خنکاون. هاوکات ماڵپەڕی "ریپوبلیکا"ی ئیتاڵی راپۆرتێکی بەناونیشانی "پەنابەران و ئەو رووداوانەی چاوەڕوانیان دەکات" بڵاوکردووەتەوە و رایگەیاندووە کە ئەمساڵ 1089 کۆچبەر لە دەریای ناوەڕاستدا خنکاون، لەگەڵ 1002 رووداوی مردنی دیکە لە نێوان ئەفریقا و ئەوروپا بەپشتبەستن بەئاماری رێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ کاروباری کۆچبەران (IOM).

# بۆ ئاوارە تەنیا خۆراک و شوێنی حەوانەوە بەسە؟

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

پسپۆڕانی دەروونی هۆشداری دەدەن لەوەی تەنیا خۆراک و شوێنی حەوانەوە بەس نین بۆ ئەوانەی ماڵ و حاڵی خۆیان لە ناوچەکانی کەرکووک و خورماتوو بەجێهێشتووە، بەڵکو دەبێ پلانێک هەبێ بۆ پاراستنیان لە نەخۆشی و گرفتە جۆراوجۆرە دەروونییەکان، بەڵام بەرپرسانی کەرتی تەندروستی دەڵێن بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئاوارەکان بەنێو شار و شارۆچکەکاندا بڵاوبوونەتەوە، ناتوانرێ وەک پێویست خەم لە تەندروستییان بخورێ.

محەممەد، لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی لەناو خوێندنگایەکی گەرمیان نیشتەجێ بوون. جگە لەوەی خوێندنگاکە پڕە لە خێزانی ئاوارەبووی خورماتوو، محەممەد دەڵێت: "هەر سێ منداڵەکەم تووشی سکچوون و ڕشانەوە هاتوون".

محەممەد و خێزانەکەی بەشێکن لەو شەپۆلی ئاوارەبوونەی پاش 16ی ئۆکتۆبەر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمەوە، ڕوویان لە شارەکانی کوردستان کرد.

هۆشەنگ محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، بە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاندووە "بەهۆی هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە کەرکووک، خانەقین، زومار و ڕەبیعە، 168 هەزار و 372 کەس ئاوارە بوون".

زۆربەی ئاوارەکان لەلایەن هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، خزم و دۆستانیان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان داڵدە دراون، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاویان لە کەمپ و خانووی تەواونەکراو و شوێنە گشتییەکاندا نیشتەجێکراون و لە بارێکی زۆر خراپدان".

پێناسەی زانستی بۆ زاراوەی "تەندروستبوون" ئەوەیە کە "کەسەکە باش بێ لە هەر سێ ڕووی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی". دیارە کە کەسانی ئاوارە لە هەر سێ ڕووەکەوە تووشی گرفت دەبن و پێناسەی "تەندروستبوون" یان بەسەردا ناچەسپێ.

پسپۆڕێکی تەندروستیی کۆمەڵ دەڵێ کەسانی ئاوارە دەبێ زیاتر لە کەسانی ئاسایی خەم لە پاراستنی تەندروستییان بخورێ. عەبدولفەتاح هەورامی، کە دکتۆرای لە پزیشکی کۆمەڵدا هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "هەموو ئاوارەکان لە مەترسیی نەخۆشی و گرفتی تەندروستی جۆراوجۆردان بەراورد بە کەسانی ئاسایی، بەڵام لەنێو ئاوارەکانیشدا هەندێک هەن کە بەتایبەتی لە مەترسیدان، وەکوو منداڵان، خانمی دووگیان، کەسانی بەتەمەن و ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە".

پسپۆڕەکە دەڵێ سەرەتا دەبێ ئامارێکی ورد هەبێ سەبارەت بەو توێژانەی بەتایبەتی لە مەترسیدان لەنێو ئاوارەکان. "کرداری دروست لە بڕیاری دروستەوە دێ، بڕیاری دروستیش بەبێ داتا و زانیاریی دروست مەحاڵە. بۆیە هەنگاوی هەرە گرنگ ئەوەیە ڕووپێوییەکی فراوانمان هەبێ لەسەر ئاوارەکان".

د.عەبدولفەتاح دەڵێ پێویستە سەرنجێکی تایبەت لەسەر کوتانی منداڵان و چاودێریی دایکانی دووگیان بێ "منداڵ کە ئێستا لە کوتان بێبەش بوو، لە داهاتوودا ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشییەکان زیاترە، خانمێکی دووگیان کە چاودێریی پێویست ناکرێ، خۆی و کۆرپەکەی لە ڕووی تەندروسییەوە مەترسییان لەسەر دەبێ. منداڵان لە جەنگ و ململانێ و سیاسەت ناگەن و بۆ جێگای یاریی خۆیان دەگەڕێن، بۆیە دەبێ شوێنی گونجاویان بۆ دابین بکرێ، ئەگەر نا تووشی لادان و پەرگیری دەبن".

ئەو پزیشکە بە پێویستی دەزانێ لە ڕێگای هۆشیارکردنەوەی ئاوارەکان و دابەشکردنی کەرەستەکانی خاوێنکردنەوە و دابینکردنی خواردن و خواردنەوەی خاوێنەوە ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان بگیرێ "کردەیەکی وەک دەستشووشتن هەم ئاسان و هەم هەرزانە، بەڵام ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەیە لە گواستنەوەی نەخۆشییە گوازراوەکانی وەک ئەنفلۆنزا و هەڵامەت و تەنانەت سکچوون".

داواش دەکات سەرنجێکی تایبەت بخرێتە سەر کەسانی بەتەمەن "ئەم توێژە چەندین نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە و ئەستەمە لە دۆخی ئاوارەییدا دەرمانەکانیان بەردەست بێ و خۆراکی تەندروستیان دەستبکەوێ و چاودێری نەخۆشییە درێژخایەنەکانیان بکرێ".

ئەو هەروەها داوا دەکات لایەنی دەروونیی ئاوارەکان بە هەند وەرگیرێ و کاری جددی بکرێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە دەروونێکی دروستەوە بگەڕێنەوە "ئەوان کە جۆرەها کارەساتیان بینیوە و ئێستاش لە شوێنی خۆیان هەڵکەندراون و خۆیان و خێزانەکانیان لە مەترسیدا دەبینن، پێویستیان بە دڵنەوایی و چارەسازیی دەروونی هەیە".


بەهۆی هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی 168 هەزار و 372 کەس ئاوارە بوون (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## ئاوارەکان ناچنە کەمپەکان

بەشێکی بەرچاوی ئاوارەکانی کەرکووک و خورماتوو ناچنە کامپەکان و ڕوودەکەنە نێو شارەکانی هەرێمی کوردستان.

د. ئیبراهیم تۆفیق، سەرپەرشتیاری لیژنەی ئاوارەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت: "دەتوانم بڵێم 90% دەچنە نێو شار و شارۆچکەکان، ئەوەش وادەکات زۆرینەیان لەو پلانە تەندروستییانە بێبەش بن کە تایبەت بە ئاوارەکان پێشکەش دەکرێن".

د.ئیبراهیم دەڵێ لە کامپە بچووکەکان بنکەی تەندروستییان کردووەتەوە، لە کەمپە گەورەکانیش مەڵبەندی تەندروستیی 24 کاژێری هەن، هەموو کەمپێکیش لانیکەم ئامبولانسێکی تێدایە بۆ گواستنەوەی حاڵەتە پێویستەکان بۆ نەخۆشخانەکان.

### یەک ملیار کەس لە جیهاندا ئاوارەن

ئاوارەبوون یەکێکە لە تەحەددییەکانی بەردەم ڕێکخراوی جیهانیی تەندورستی. بەپێی ئامارەکانی ئەو ڕێکخراوە، ئێستا لە سەرتاسەری جیهاندا ملیارێک کەس هەن کە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێهێشتووە. لەو ژمارەیە 250 ملیۆنیان لەنێو سنووری وڵاتی خۆیانن و 760 ملیۆنیان چوونەتە وڵاتانی دیکە. تەندروستیی جیهانی (کە دامەزراوەیەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە) دەڵێ لەنێو ئەو ژمارەیەدا 65 ملیۆن کەس بەزۆر لە شوێنی نیشتەجێبوونی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵکەندراون و دەرکراون کە 86%یان لە وڵاتە روو لە گەشەکان.



هونەر ڕێبوار

## کانۆلا و خەسوو

لە بەشی ڕووداوەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات، ژنێکی گەنج لەگەڵ مێردەکەی بە شەلەشەل هاتە ژوورەوە و گوتی: ئۆف دکتۆر، بەریوومەتەوە، پشتم شکاوە، دەستم بۆ ناجولێ!

ڕۆژانە نەخۆشی لەم شێوەیە دەبینرێن کە حاڵەتێکی دەروونییان هەیە و دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی جەستەیی، کاتێک دێنە نەخۆشخانە، پزیشک دوای پشکنین دڵنیا دەبێتەوە کە حاڵەتێکی مەترسیداری نییە و تەنیا هەوڵ دەدات سەرنج لەسەر نەخۆشەکە کەمبکاتەوە تاوەکو خۆی دێتەوە باری ئاسایی، هەروەک هەندێکجار پزیشک چەند ڕێگەیەکی تایبەت بەکاردەهێنێ کە دەتوانێ نەخۆشەکە هەستێنێتەوە.

دەستم کرد بە پشکنینی دەستی و پشتی، دوای ئەوەی زانیم لە پشتی و دەستی هیچ نیشانەیەکی بەریەککەوتن، سووربوونەوە، ڕووشان، ئەستووربوون و برین نییە، پاش ئەوەی زانیم جوڵەی ماسولکە و جومگەکانی تەواوە، کاتێک زانیم نەخۆشەکە هیچ سڕبوونێک لە پەلەکانی خوارەوەی نییە کە نیشانەی زەبر بەرکەوتنی پشتی پیشانبدات، ئیدی دڵنیابووم نەخۆشەکە شکان و تەنانەت ئازارێکی زۆریشی نییە، چونکە دوای مەشغوڵکردن و قسە لەگەڵکردنی، نەخۆشەکە لەبیری چووبوو کە ئازار پیشان بدات، ئەمە لە کاتێکدایە پێشتر بە دەستلێدان هاواری دەکرد.

پزیشک لە کۆلێژی پزیشکی فێر دەکرێت کە چۆن پشکنینی دەستی بۆ نەخۆش بکات لەکاتی شکان، دەتوانێت ئازارێکی زۆر و نیشانەکانی شکان لە نیشانەکانی ئازارێکی دەستکرد جیابکاتەوە.

دوای ئەنجامدانی پشکنینی دەستی، پێمگوت: تۆ هیچت نییە و تەنیا ئازارێکی کەمت هەیە بەهۆی بەربوونەوەت، ئەمەش تەنیا ئازارشکێنێکی سەرەتایی پێویستە و بە پشوودان چاک دەبێتەوە. هەر ئەوەم گوت و کە زانی خۆی ناتوانێت قەناعەتم پێبکات، هێرشەکەی فراوان کرد و بانگی هاوژینەکەی کرد: ئەوە دکتۆر دەڵێت هیچت نییە، چۆن دەبێت؟ هاوژینەکەی داوای ئەشیعەی دەکرد.

ئەمە یەکەم نەخۆش نییە و دوا نەخۆشیش نییە کە داوای ئەشیعە دەکات، تەنانەت زۆربەی نەخۆشەکان بۆ ئەشیعە دێن و نایانەوێ پشکنینیان بۆ بکرێت، زۆرجاریش لەبەر قەرەباڵخی و تاوەکو حاڵەتەکانی دیکە زۆر دوانەکەون لە چارەسەر، ناچار ئەشیعەیەک دەنووسرێت. ژووری ڕووداوەکانی نەخۆشخانە بەوە دەناسرێتەوە لە چەند خولەکێکدا پڕدەبێت لە نەخۆش، بۆیە منیش ئەشیعەیەکم بۆی نووسی. زۆری پێنەچوو ئەشیعەکەی گرت و هاتەوە.

سەیری ئەشیعەی نەخۆشەکەم کرد و گوتم خاتوون هیچ کێشەیەک لە پشتت نییە، تەنیا زەبر بەر ماسولکەکانت کەوتووە و ئازاری دەبێت، بەڵام بە دەرمانی ئازارشکێن چاک دەبێت، بە تووڕەییەوە سەیرێکی هاوژینەکەی کرد و گوتی: ئێستا دکتۆر دەڵێت هیچت نییە، چی بە خەسووم بڵێم، وەڵڵا من کانولا و موغەزییەکم هەر دەوێت، گوتم خاتوون ئێرە شوێنی نەخۆشە، ئێمە ناتوانین جێگەی نەخۆشێک بە کەسێکی ساخ پڕبکەینەوە، ئێرە لە کاژێرێکدا پڕ دەبێت لە نەخۆش و تۆش هەم کارمەندێک ماندوو دەکەی و هەمیش کانوولا و موغەزییەک بە زیادە خەرج دەکەی.

ژنە گەنجەکە کە زانی من کانولا و موغەزییەکەی بۆ نانووسم، ناچار بە پیاوەکەی گوت: بڕۆ دەبێت بچین لە دەرەوە بە پارەش بێت هەر کانولا و موغەزییەکمان دەستبکەوێت و پیشانی ماڵەوەی بدەین.

یەکێک لە حاڵەتە دەروونییەکان لە پزیشکیدا بە مالینگەرین ناودەبرێت، ئەوەیە کەسێک بە مەبەست یان بە هەڵە سکالایەکی پزیشکی جەستەیی یان دەروونی گەورە دەکات، ئەمەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی شتێک کە ڕەنگە پارە، دەرمان، سزا، کار، بەدەستهێنانی مۆڵەت، دوورکەوتنەوە لە کار بێت. تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا کەسەکە هەوڵدەدات پلەی گەرمی جەستەی بەرزبکاتەوە بە ڕێگەیەک، یان ڕەنگی میزی بگۆڕێ بە خواردنی دەرمانێک.

# وەرزش تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک کەمدەکاتەوە

ڕووداو- DPA

کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە، دەڵێ وەرزشکردن ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک بەڕێژەی 30% کەمدەکاتەوە.

وەرزش هەروەها لە تووشبووانی شێرپەنجەی مەمکدا لەشداهێزران و ماندووبوونی بەردەوام کەمدەکاتەوە کە گرفتێکی بەرچاوی تووشبووانی ئەو جۆرەی شێرپەنجەیە. جگە لەوە، ئەوانەی دەرمانی کیمیایی وەردەگرن بۆ کۆنترۆڵکردنی شێرپەنجەکەیان، ئەگەر وەرزش بکەن ئەوە کەمتر تووشی لێکەوتە نەرێنییەکانی ئەو دەرمانانە دەبن.

هەروەها وەرزش گرنگە بۆ جەنگان لە دژی ئەو خەمۆکی و دڵەڕاوکێیەی تووشی نەخۆشانی شێرپەنجەی مەمک دەبێ.

توێژینەوەی زانستیش دەریخستووە ئەوانەی تووشی شێرپەنجە دەبن و چارەسەر دەکرێن، ئەگەر وەرزش بەشێوەیەکی بەرنامەدار بکەن، ئەوە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شێرپەنجەکەیان زۆر کەم دەبێتەوە.



# خواردنی چەور جەستە وێران دەکات

ڕووداو- تایم

هەمبەرگر و فینگەر و خواردنە خێراکانی دیکە، بوونەتە ژەمی ناسراوی ئەم سەردەمە. بەڵام ئایا ئەمە نەریتێکی تەندروستانەیە؟ گۆڤاری تایم پرسیاری کردووە کە پاش خوارنی ژەمە چەورەکان چی لە جەستەماندا ڕوودەدات؟

ئایلا بارمەر، پسپۆڕی خۆراکناسی بەمجۆرە لێکەوتەکانی خواردنی ژەمی چەور ڕووندەکاتەوە:



## 1 کۆئەندامی هەرس ماندوو دەکات:

چەورییەکان وەک ئەوەی لە خواردنە سوورەوەکراوەکاندا هەن، بارگرانییەکی زۆر بۆ کۆئەندامی هەرس دروستدەکەن. لەنێو هەر سێ جۆرە سەرەکییەکەی خۆراکدا (کاربۆهیدرات، پرۆتین و چەورییەکان)، چەوری لە هەموویان هێواشتر هەرس دەبێ. چەورییەکان پێویستیان بە چەندین ئەنزیمی گەدە و زراو هەیە بۆ ئەوەی پارچەپارچە ببن و سادە بکرێنەوە. گوشاری دەروونی و هەندێک دەرمان، بڕی ئەو ئەنزیمانە لە کۆئەندامی هەرسدا کەمدەکەنەوە، ئەوەش وادەکات بەشێک لە خەڵکی نەتوانن وەک پێویست چەورییەکان هەرس بکەن، بۆیە پاش خواردنی چەوری هەست بە ئێڵنج، دڵتێکهەڵاتن و بای ڕیخۆڵەکان دەکەن.

## 2 سکچوون و پیسایی چەور:

کاتێک خواردنە چەورەکە لە گەدەدا وەک پێویست هەرس نابێ و بە نیوەچڵی دەگاتە ڕیخۆڵەکان، ئەوە وا دەکات تووشی پێچ پێداهاتنی ڕیخۆڵەکان و سکچوون ببی، لە توالێتیش پیساییەکی چەور دەبینی، چونکە چەورییە هەرس نەبووەکە هەڵنامژرێ لە ڕیخۆڵەکاندا و ناچار بەشێوەی سکچوون خۆی لێ ڕزگار دەکات.

## 3 باڵانسی میکرۆبیی ڕیخۆڵەکان تێکدەدات:

لە ڕیخۆڵەکانی ئێمەدا هاوسەنگییەک لەنێوان بەکتریا و زیندەوەری دیکەدا هەیە کە زۆربەیان بەسوودن و گرنگن بۆ پاراستنمان لە چەندین نەخۆشی و باری نەخوازراوی تەندروستی. چەورییە سروشتییەکانی نێو چەرەس و ماسی و ڕۆنی ڕاستەقینەی زەیتوون دڵخوازی زیندەوەرە سوودبەخشەکانی ڕیخۆڵەن، هەرچی ڕۆنە دەستکردەکانە، وەک ئەوەی لە خواردنە سوورەوەکراوەکاندا هەیە، هیچ بە دڵی ئەو زیندەوەرانە نییە و ژینگەکەیان لێ تێکدەدا و باڵانسی فرەجۆرییەکەیان دەگۆڕێ. ئەوەش چەندین گرفتی تەندروستی لێدەکەوێتەوە، هەر لە گرفتە هۆرمۆنییەکان تاوەکوو تێکچوونی کۆئەندامی بەرگری.

## 4 لەوانەیە زیپکە دروستبکات:

مەرج نییە هەر خواردنی چەورت خوارت زیپکە لەسەر پێستت هەڵتۆقن، بەڵام خۆراکناسەکان دەڵێن خواردنی چەور یەکێکە لە ڕێگاخۆشکەرەکان بۆ دروستبوونی زیپکە. دەرکەوتووە زیپکە بەزۆری بەهۆی تێکچوونی باڵانسی هۆرمۆنی و باڵانسی بەکتریایی جەستە ڕوودەدات. خواردنە چەورەکانیش کار لە هەردوو بوارەکە دەکەن و بەوەش ناڕاستەوخۆ دەبنە هۆی دروستبوونی زیپکە.

## 5 ئەگەری تووشبوونت بە شەکرە و نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات!

توێژینەوەیەکی زانکۆی هارڤارد لە ساڵی 2014 دەریخستووە ئەو کەسانەی هەفتانە 4-6 ژەمی سوورەوەکراو و چەور دەخۆن، ئەگەری تووشبوونیان بە شەکرەی جۆری دوو بە ڕاددەی 39% و نەخۆشیی دڵ بە ڕاددەی 23% زیاد دەکات.



رەققە لەپاش رەوینەوەی هەوری داعش

# داعش "یاریگای رەش"ی رەققەی رەشتر کرد


یاریگای رەش دوایین خاڵ بوو کە داعش لە رەققە بەدەستیەوە دا
فۆتۆ: (AFP)

**رووداو- هەولێر**

زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر رزگارکردنی رەققە لە چەکدارانی داعش تێدەپەڕێ، بەڵام تارماییەکانی ئەو گروپە هەتا ئێستاش لە شوێنە گشتییەکاندا دەبینرێت. هیچ شوێنێکی رەققە هێندەی "یاریگای رەش" یادەوەری رەشی لە مێشکی دانیشتووانی رەققەدا جێنەهێشتووە کە بەشێکیان وەکوو چیرۆکێک بەسەر دیوارەکانی یاریگاکەوە ماون.

یاریگای رەش لەساڵی 2006 دروستکراوە و بەهۆی چیمەنتۆی رەشی دیوارەکانی ئەو ناوەی لێنراوە، بەڵام دوای ئەوەی داعش لە 2014 دەستی بەسەر شارەکەدا گرت، ئەو یاریگایەی کردە گرتووخانە و شوێنی ئەشکەنجە و سەربڕین و لەسێدارەدانی خەڵک، بۆیەش ناوی "یاریگای رەش" لە زەینی خەڵکی شارەکەدا مانایەکی نوێی وەرگرتووە.

عیسا خابوور، 42 ساڵ، دانیشتووی رەققە، چەندینجار لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیرکراوە، پێنج رۆژیش لەو گرتووخانەیە ماوەتەوە. عیسا بە ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکی گوتووە: "ئێرە پێش هێرشەکانی داعش شوێنی یاریی تۆپی پێ بوو، بەڵام پاش هاتنی داعش یاریگاکە وەکوو گرتووخانە بەکاردەهێنرا و بەوە ناوی دەرکردبوو کە شوێنی سەربڕینی خەڵکە". بەگوتەی ئەو، 80%ی ئەوانەی لەم گرتووخانەیە بەندکرابوون، کوژراون.

ژووری خۆگۆڕینی یاریزانان، حەمامەکان و هۆڵەکانی لەشجوانی لە ژێرزەمینی یاریگاکە کراون بە ژووری بچووک کە لەژێر کۆنترۆڵی دەزگای هەواڵگریی داعش، ناسراو بە "ئەمنیەت" بوون. دیوارەکانی ژێرزەمینی یاریگاکە پڕن لە دروشمی چەکداران و بەندکراوان کە بە زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و رووسی نووسراون.

یەکێک لەو نووسراوانەی کە سەرنجی زۆربەی دەزگا میدیاییەکانی جیهانی راکێشاوە و گومان دەکرێت لە لایەن یەکێک لە پاسەوانان یان بەرپرسانی گرتووخانەکەوە نووسرابێت، باسی هۆکارەکانی دەستگیرکردن دەکات و لە چوار خاڵدا کورتیان دەکاتەوە کە بریتین لە:

> ## پێش داعش لە مەیدانی نەعیم ئاسکرێممان دەخوارد، بەڵام داعش کردی بە مەیدانی کوشتن
>
> ژنە فەرماندەیەکی هەسەدە

یەکەم: تاوانت کردووە و لەکاتی تاوانەکە دەستگیرکراوی.

دووەم: تویتەرت بەکارهێناوە و GPS شوێنی بەکارهێنانی تویتەرەکەی دیاریکردووی.

سێیەم: لە سەرچاوەی هەستیاری دابینکردنی ئینتەرنێتەوە ڤیدیۆ یان وێنەت ئاپلۆد کردووە، لە کاتێکدا دەبووایە داوای مۆڵەت لە ئەمیرەکان بکەی.

چوارەم: گومانلێکراو بووی، پۆلیس هەمیشە هۆکار و بەڵگەی لەبەردەستە بۆ ئەوەی ئەمە بکات! گرنگ نییە چیت کردووە یان نەکردووە، پۆلیس پاساوێکی هەبووە بۆ ئەوەی بتهێنێتە ئێرە.

وەکوو خابوور بۆ ماڵپەڕە ئەمریکییەکەی باس دەکات "لەم گرتووخانەیەدا رێگە نەدەدرا قسە لەگەڵ هیچ کەسێک بکەیت، لێرە بە کێبڵ لە خەڵکیان دەدا، خەڵکیان بە بنمیچەوە هەڵدەواسی. تونسیەکان بەرپرسی ئەشکەنجەدان بوون".

لەنێو رێڕەوە تاریکەکانی گرتووخانەکەدا بۆنی خاک و چیمەنتۆ و خوێن تێکەڵبوون، سیمی ئاسن و کێبڵی پلاستیکی کەوتوون و لە هەندێک لە ژوورەکانیش ئامێرەکانی ئەشکەنجە خوێنی کۆنیان پێوە ماوە.

لەسەر دیواری گرتووخانەکەی ژێر یاریگاکە، ناوی بەندکراوەکان، ژمارەی رۆژەکانی دەستبەسەربوونیان و رێکەوتی کوژران یان ئازادکردنیان نووسراوە. لەسەر یەکێک لە دیوارەکان نووسراوە: "حوسام ئەلخواج لە 2016/2/25 کوژرا" لەسەر دیوارێکی دیکە نووسراوە "ئەبو ماریا 113 رۆژ". ئەبو حوسێن بە زمانی رووسی نووسیویەتی: "کابووس"، لە ژێر ئەمەوە ژمارەیەک ناو بە عەرەبی نووسراون.

عەلی، تەمەن 21 ساڵ، خەڵکی رەققەیە، چەند مانگێک پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی رزگارکردنی رەققە شارەکەی جێهێشتبوو. ئەو ئێستا لە کەمپێکی ئاوارەکان لە عەین عیسایە و بە گوتەی خۆی زیاتر لە 10 جار لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیرکرابوو. عەلی دەڵێت: "لەو گرتووخانەیە بە چاوەکانی خۆم بینیم کە خەڵکیان دەکوشت، ئەشکەنجەیان دەدان، دەستیان دەبڕین و سەریان لە لەشیان جیا دەکردنەوە".

یاریگای رەش تەنیا گرتووخانە نەبووە، بەڵکو بنکەی سەرەکیی مەشقی سەربازی و عەمباری چەک و تەقەمەنی داعشیش بوو. بۆیەش ئەوە تەنیا رۆژنامەنووسەکان نەبوون کە حەزیان لە سەردانی یاریگاکە بوو، بەڵکو هێزەکانی ئەمریکاش چوونە گرتووخانەکە. چەکدارانی هێزەکانی سووریای دیموکرات دڵخۆش نین بەمە. زاگرۆس، چەکدارێکی هەسەدە، لە دیمانەیەکی (دەیلی بیست)دا دەڵێت: "ئەوان (واتە سەربازەکانی ئەمریکا) لە شاری رەققەدا شەڕیان نەکرد، ئەوان لە پشتەوە پشتگیریی ئێمەیان دەکرد، بەڵام ئێستا هاتوون و دەیانەوێت گرتووخانەکە ببینن".

یاریگای رەش دوایین خاڵ بوو کە داعش لە رەققە بەدەستیەوە دا. لە دوایین رۆژەکانی رزگارکردنی رەققەدا، چەند چەکدارێکی داعش لەناو یاریگاکەدا مانەوە. بە گوتەی ژمارەیەک شایەتحاڵ کە بۆ ئاژانسەکان دواون، ئەو چەکدارانە سەتان کەس لە دانیشتووانی شارەکەیان لەناو گرتووخانەکەدا وەکوو بارمتە یان قەڵغانی مرۆیی راگرتبوو.

بەڵام یاریگای رەش تاکە شوێنی ئەشکەنجە و سەربڕینەکانی داعش نەبووە. مەیدانی نەعیم لە نێوەڕاستی رەققە ناوەندێکی دیکەی دیمەنە توندوتیژەکانی داعش بووە کە دواتر هێزەکانی سووریای دیموکرات بۆ راگەیاندنی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی رەققە بەکاریان هێنا.

فەرماندەیەکی ئافرەت لە هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە خەڵکی رەققەیە، بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە: "من لە رەققە دەژیام، لە سەردەمی پێش داعش دەهاتینە ئەو مەیدانە بۆ ئەوەی ئایسکرێم بخۆین و پیاسەیەک بکەین، بەڵام لەگەڵ هاتنی داعش کوشتن بوو بە دیمەنی زاڵی ئەو مەیدانە. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو داعش منداڵەکانی دەهێنایە ئێرە بۆ ئەوەی سەیری دیمەنەکانی کوشتن بکەن".

لە هێرشەکانی 2014ی داعشدا بۆ سەر شنگال، هەزاران ئافرەتی داعش بە کۆیلە گیران کە بەشێکی زۆریان ئاودیوی سووریا کران. بە گوتەی فەرماندەکەی هەسەدە، لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی رەققە دەیان کەس لەو ئافرەتانە دۆزراونەتەوە و ئازادکراون. عایشە حەداد، مامۆستای ئینگلیزی لە رەققە، دەڵێت بەشی زۆری ئەو ئافرەتە ئێزدییانە بە ئەمیرەکانی داعش دەفرۆشران و زۆر بە دەگمەن لەسەر جادە دەبینران.

### شارێک لە مین

ئەوەی لە رەققەی پاش دەسەڵاتی داعش سەرنجی ئاژانسە میدیاییەکانی راکێشاوە تەنیا ئاستی وێرانکارییەکان نییە، بەڵکو چۆڵبوونی شارە. بە گوێرەی راپۆرتێکی تایبەتی (سی ئێن ئێن)، بە دەگمەن هاووڵاتییەکی مەدەنی لە شارەکەدا بەرچاو دەکەوێت. جیهان شێخ ئەحمەد، گوتەبێژی هەسەدە، بە (دەیلی بیست)ی راگەیاند "داعش شارەکەی مینرێژ کردووە". بۆیەش بڕیاریان داوە بۆ ماوەی دوو مانگ سەرقاڵی پاککردنەوەی شارەکە بن و دواتر دەست بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە بکەنەوە.



## باشووری سووریا..

# گۆڕەپانی تازەی ململانێی ئەمریکا و رووسیا

**رووداو- هەولێر**

تاوەکو دوو ساڵ لەمەوبەر، سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا فرەلایەن بوو، رووخاندنی رژێمی ئێستا، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کاتی، شەڕی گروپە توندڕەوەکان و تەنانەت کۆنترۆڵکردنی ئێرانیش بەشێک بوون لە پرۆژەکە، بەڵام ئێستا سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا لەسەر دوو خاڵ چڕ بووەتەوە: یەکەمیان شەڕی دژی داعشە و ئەوەی دیکەیان هەوڵی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامە لە باشووری رۆژئاوای سووریا. شارەزایان دەڵێن هەوڵی یەکەمیان سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەوەی دووەمیان مەترسی گەورەی لەسەرە.

ناوچەی ئارامی باشووری رۆژئاوای سووریا بەرهەمی چەندین مانگ دانوستاندنی سێ لایەنەی دیپلۆمات و فەرماندەکانی ئەمریکا، رووسیا و ئوردنە و زۆربەی کۆبوونەوەکانیشی لە عەممان بوون. ناوچەی ئارامی باشووری رۆژئاوای سووریا یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی دانیشتنی دووقۆڵیی سەرۆکی ئەمریکا و رووسیا بوو، بەڵام بەگوتەی بەرپرسانی هەرسێ لایەنی دانوستاندنەکە، هەوڵەکە تەنیا لە چوارچێوەی کۆمەڵێک هەنگاوی تەکتیکیدا ماونەتەوە.

یەکێک لەو مەترسییانەی لەسەر ئەو هەوڵە سێ لایەنەیە دروستبووە، ئەوەیە کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵەوە ئەمریکا چیدی یارمەتی دارایی پێشکەش بە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لەو ناوچەیە ناکات. جیا لەمەش گفتوگۆکانی تایبەت بە ناوچەی ئارام هیچ دانوستاندنێک لەبارەی چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان رژێمی سووریا و ئۆپۆزیسیۆن لەخۆناگرێ.

بەگوێرەی راپۆرتێکی دامەزراوەی سەدە (The Century Foundation)ی ئەمریکی، لەگەڵ نزیکبوونەوە لە مانگی کانوونی یەکەم، بەرپرسانی ئوردنی ترسیان لێ نیشتووە و نازانن سیاسەتی داهاتووی واشنتن بۆ ئەو ناوچەیە چی دەبێ.

زۆربەی گروپە چەکدارەکانی ئەو ناوچەیە لەژێر چەتری بەرەیەکی هاوبەشدا بەناوی "بەرەی باشوور" کاردەکەن. ئەو هێزانە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئوردن، هاوکاری و پشتگیری لە ئەمریکا، بەریتانیا، سعودیە، ئیمارات و چەندین وڵاتی دیکە وەردەگرن. ئوردن نیگەرانە لەوەی ئەگەر ئەمریکا هاوکارییەکانی بوەستێنێ، وڵاتانی دیکەش سارد دەبنەوە.

هێزە جیاجیاکانی ناو ئەو بەرەیە ئامانج و سیاسەتی تایبەت بە خۆیان هەیە و تەنانەت هاوکارییەکانیش بە جیا وەردەگرن.

سام هێلەر، لێکۆڵەر لە دامەزراوەی سەدە، دەڵێت هێزی چەکدارانی بەرەی باشوور بەشێک لە هاوکێشەی رێککەوتنی ناوچەی ئارامی نێوان ئەمریکا و رووسیا بووە. بۆیەش "کشاندنەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا هەڕەشە لە سیاسەت و نیازەکانی ئەمریکا بۆ ئەو ناوچەیە دەکات".

بەرەی باشوور لە نێوان 10 بۆ 30 هەزار چەکداری هەیە، بەشی زۆریشیان بۆ مووچە و تێرکردنی خۆیان و خێزانەکانیان پشت بە هاوکاریی دارایی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەبەستن. هێلەر پێیوایە نەمانی ئەو سەرچاوە داراییە نەک هەر رەوشی سەر سنوورەکانی نێوان ئوردن و سووریا تێکدەدات، بەڵکو دەشێت گروپەکانی ناو ئەو بەرەیە ناچار بکات چەکەکانی خۆیان بە گروپە توندڕەوەکانی وەکوو قاعیدە یان میلیشیا شیعەکان بفرۆشنەوە.

پارچە پارچەبوونی بەرەی باشوور تەنیا مەترسی ئەوەی دروستنەکردووە کە رەنگە رۆژێک لە رۆژان ئەو بەرەیە هەڵوەشێتەوە، بەڵام وای کردووە هێزە نێودەوڵەتییەکان نەتوانن پلانێکی یەکانگیریش بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی سووریا دابنێن. لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە دەڵێت ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە ئەنقەست هێزەکانی ئەو ناوچەیەیان بە پارچە پارچەیی هێشتووەتەوە، بۆ ئەوەی هەرکام لە وڵاتانی هاوکار بتوانن نفوز و دەسەڵاتی خۆیان لەو ناوچەیە بپارێزن.

> ## ئەمریکا دەبێت ئەو ناوچە ستراتیژییە لەدەستی هێزەکانی نزیک لە خۆی و وڵاتانی عەرەبی سوننەدا بهێڵێتەوە
>
> لێکۆڵەرێکی ئەمریکی

هێلەر پێیوایە ئەو ناوچەیەی سووریا پێویستی بە ئەنجوومەنێکی هاوبەشە کە بتوانێت گوزارشت لە دەنگە جیاجیاکانی ئەو ناوچەیە بکات. جیا لەمەش لەگەڵ کەوتنی ئۆپۆزیسیۆن لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی سووریا و دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سووریا، حکومەتەکەی بەشار ئەسەد کات و هێزی زیاتری لەبەردەست دەبێت بۆ ئەوەی لە رێگەی سەربازی یان سیاسییەوە بەرەی باشوور لەبەریەک هەڵوەشێنێ، لە کاتێکدا ژمارەیەک لە فەرماندەکانی هێزە جیاجیاکانی بەرەی باشوور رایانگەیاندووە کە حکومەتی سووریا هەر ئێستاش کۆمەڵێک کەناڵی لەگەڵ هەندێک لایەنی ناو بەرەکە دروستکردووە بۆ ئەوەی بتوانن لە خاڵە سنوورییەکانی نێوان سووریا و ئوردنەوە بازرگانی بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، رووسیاش دانوستاندنی لەگەڵ هەندێک نوێنەر و فەرماندەکانی شارۆچکە و ناوچەکانی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی باشوور و حکومەت دەستپێکردووە، مۆسکۆ دەیەوێت لە رێگەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ناوچەیە خۆی وەکوو زامنکاری ماف و دەستکەوتەکانی ئەو گروپانە لە داهاتوودا پیشان بدات. رووسیا لە کۆتایی ئەیلولی 2015ەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ هاتووەتە ناو شەڕی نێوخۆی سووریا و لایەنگری لە مانەوەی حکومەتی ئێستای سووریا دەکات، بەڵام مۆسکۆ چەندینجار پێشنیازی ئەوەی کردووە کە سیستەمی سیاسیی داهاتووی سووریا لامەرکەزی دەبێت نەک وەکوو ئەو سیستەمەی پێش 2011 هەبوو.

بەبۆچوونی هێلەر، ئەمریکا دەبێ واز لە سیاسەتی بەشەڕدانی ئۆپۆزیسیۆنی باشوور و حکومەتی سووریا بهێنێ، لەبری ئەمە بیر لەوە بکاتەوە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی سووریادا مسۆگەر بکات. ئەمە لەلایەکەوە دەستی رووسیا لەو ناوچەیە کورت دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە یەکێک لە ستراتیژیترین ناوچەکانی سووریا لەدەستی هێزەکانی نزیک لە ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکەدا دەهێڵێتەوە، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بە مەرجەکانی ئەمریکا و وڵاتە هاوپەیمانە سوننەکان رازی دەبن، لەبەر ئەوەی لە باکوور تورکیا پشتی تێکردوون و تاکە رێگەیان بۆ پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە ئەو ناوچەیەیە کە ئێستا لە باشوور بەدەستیانەوە ماوە.

وەکوو لە دوو ساڵی رابردوودا دەرکەوتووە، ئەمریکا بەشێوەیەکی سەرەکی دەستی لە سووریا شۆردووە. زۆربەی هاوکارییە ئاشکراکانی ئەمریکا لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) چڕکراوەتەوە، ئەم هاوکارییانە هەر ئێستاش کێشەی گەورەیان لە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و ئەنقەرەدا دروستکردووە، لەبەر ئەوەی تورکیا پێیوایە هەسەدە سەر بە پەکەکەن.

بەڵام بەبۆچوونی سام هێلەر، ئەمریکا هێشتاش دەرفەتی ئەوەی لە باشووری سووریا بەدەستەوە ماوە کە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی لە سووریا بپارێزێت، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە خاڵی پێکەوەبەستنەوەی سووریا و وڵاتانی عەرەبی سوننەیە کە زۆربەیان نایانەوێت ببنەوە بە دراوسێیەکی راستەوخۆی حکومەتی سووریا و میلیشیا شیعەکانی لایەنگری ئەسەد.


بەرەی باشوور نزیکەی 30 هەزار چەکداری هەیە و لە چەندین لاوە هاوکاری وەردەگرن



هۆگر ئیبراهیم حەکیم*

# "رزگاریی نیشتمانی" یان کودەتای سپی؟

دوای رووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر، زۆربەی هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، بەشێک لەو گۆڕانکاریانە چاوەڕوانکراو بوون و بەشێکیان دووربوون لەپێشبینییەکان. بەگۆڕانی ئەو واقیعە، هەر لایەنە و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی، رێگەچارەی جیاواز پێشکەش دەکەن. یەکێک لەو هەوڵانە بانگەشەی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی، لەکاتێکدا ئەو دوو لایەنە نزیکەی دوو ساڵە لەرێگەی شاشە ئەلیکترۆنییەکانەوە بەشدارییەکی لاواز و شەرمنانەیان لەپرۆسەی سیاسیدا هەبووە. لێرەدا گرنگە بزانین حکومەتی رزگاری نیشتمانی چییە؟ ئایا ئەو حکومەتە لە چ ئانوساتێک و لە چ دۆخێکدا دروست دەبێت؟ ئایا هەر بەڕاستی مەبەست لەو حکومەتە رزگارکردنی نیشتمانە؟ ئامانجەکانی ئەو دوو لایەنە و لایەنەکانی دیکە چییە لەو قۆناغەدا؟

حکومەتی رزگاریی نیشتمانی بەر لەوەی هەر شتێک بێت، رێگەچارەیەکە بۆ دەربازبوون لە قەیران. بەمانایەکی دیکە، هەنگاوێکە بۆ بەگەڕخستنی گشت توانا و وزەی نەتەوەیەک لەپێناوی رزگارکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان لەکاتی دروستبوونی قەیران و کارەساتی گەورە کە رووبەڕووی نیشتمان بووەتەوە لە سەرجەم بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. ئەم چەمکە بۆ یەکەمین جار لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بەکارهات، ئەو کاتەی لە چەندین لاوە هێرشی کرایە سەر. ئەم جۆرە حکومەتە لە رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانیشدا هەندێ جار تیشکی دەخرێتە سەر، بۆ نموونە بەشی حەوتەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان رێگەی داوە بەدروستکردنی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی لەو وڵاتانەی تووشی پشێوی و دۆخێکی قەیراناوی زۆر بوونە و لەژێر حوکمی بەندی حەوتدان و ناتوانن بەئاسانی حکومەت پێکبهێنن، بەتایبەتی ئەگەر ئەم حاڵەتی بێ حکومەتییە بووە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی زۆر و سەقامگیریی ناوچەکەی خستە مەترسییەوە.

بەشێوەیەکی گشتی دوو فاکتەری سەرەکی هەن بۆ پەنابردنە بەر پێکهێنانی ئەو جۆرە حکومەتە، فاکتەری دەرەکی و فاکتەری ناوەخۆ. ئەوەی پەیوەستە بەفاکتەری دەرەکییەوە، بوونی لەشکرکێشی یان جەنگێکی درێژخایەنە و تێیدا وڵات بەرەو هەرەسهێنانی یەکجارەکی چووبێت، لەم دۆخەدا هەموو لایەنەکان هەوڵ دەدەن لەرێگەی دروستکردنی حکومەتێکی کاتییەوە ئەو قۆناغی هەرەسە تێپەڕێنن. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە فاکتەری ناوخۆییەوە، بریتییە لە نەبوونی دیدگایەکی نیشتمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەم دۆخە وا باوە لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دروست دەبێت، کاتێک ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ناتوانێ بەشێوەیەکی دروست حکومەتێک دابمەزرێنێ، بۆیە تا کاتی پێکهێنانی حکومەت، لایەنەکان رێکدەکەون بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی بۆ رزگارکردنی نیشتمان لە قەیرانێکی یاسایی و سیاسی. ئەوەی لە هەردوو دۆخەکەدا خاڵی هاوبەشە، ئەوەیە کە حکومەتی رزگاریی نیشتمانی حکومەتێکە سەرجەم لایەنەکان تێیدا بەشدار دەبن بەشێوەیەکی یەکسان، واتە لایەنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش هەمان رۆڵ و پێگەیان دەبێت لەو حکومەتەدا.

## ئۆپۆزسیۆن و حکومەتی فەیسبووک

لە سیستەمە دیموکراسیە هاوچەرخەکاندا، هەمیشە لەپاڵ سیاسەتی حکومەت، گرنگی بە سیاسەتی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش دەدرێت، بەو پێیەی کە دەشێ ئەوەی ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنە، بەیانی ببێتە دەسەڵات. پێگەی ئۆپۆزسیۆن هەندێ جار نزیک دەبێتەوە لە چەمکی حکومەتی سێبەر، واتە حکومەتێکی ئامادە بۆ هەر گۆڕانکاریەک لە دەسەڵات و جێگۆڕکێی رۆڵەکان. بەڵام ئەگەر سەیری ئەزموونی ئۆپۆزسیۆن بکەین لە هەرێمی کوردستان، دەبینین ژێرخانێکی پتەوی نییە و زادەی ململانێی دەسەڵاتی ناوخۆیی حیزبەکان بووە. بۆیە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە ماوەی رابردوو کاری کردووە، ئەجێندایەکی روون و دیدگایەکی ستراتیژیی وای نەبووە کە مایەی ئەوە بێت متمانەی لەسەر دروستبکرێت بۆ رزگاربوون لە قەیرانە بەردەوامەکانی هەرێمی کوردستان. هەموو ئەو حیزبانەی بە حیزبی هەڵبژاردن بەناوبانگن، سروشتێکیان هەیە کە بەردەوام بەدوای دەنگی زیاترەوەن، بۆیە دەبینین دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانیش، ئەوان هەر تای هەڵبژاردن بەرینەداون.

گەر سەیری وێنە گەورەکەی پرۆسەی سیاسی چەند ساڵی رابردوو بکەین، دەبینین پانتایی کارکردنی ئەو لایەنانەی بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنبوون دەکەن، پانتاییەکی ئەلیکترۆنی بووە. واتە ئەوەندەی کاریان لەسەر تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان کردووە، ئەوەندە لەسەر ئەرزی واقیع جوڵەیان نەبووە. تەنانەت لە قۆناغی زۆر هەستیاری ئەو چەند ساڵەدا، بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی ئەلیکترۆنی ئیکتیفایان کردووە. بە مانایەکی دیکە، ئەگەر بمانەوێ دیدگای ئەو لایەنانە بزانین بۆ حوکمڕانی، دەبێ سەیری رووپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەین. کەواتە شانۆی کارکردنی لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە بەتایبەت فەیسبووک. فەیسبووک حکومەتی بەردەوامی ئەو لایەنانەیە و هەموو رەهەندەکانی حوکمڕانی خۆیان لەوێ تاقیکردووەتەوە. تەنانەت هەموو گوتارە ستراتیژی و گرنگەکانی خۆیان لەوێوە راگەیاندووە، بەشێوەیەک وازیان لە هەموو پێگە و ناوەندە فەرمیەکان هێناوە و پاشەکشەیەکی تەواویان بۆ ئەو دونیایە کردووە.

## رزگاریی نیشتمانی یان کودەتای سپی؟

لەدواهەمین بەیاننامەی هاوبەشی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و بەرهەم ساڵحدا، یەکێک لە خاڵەکانی داوای دامەزراندنی حکومەتی رزگاری نیشتمانی دەکات، هاوکات لەگەڵ ئەو خاڵەدا، هەندێ داواکاریی دیکە خراوەتە ناو بەیاننامەکە، هەر یەکێک لە خاڵەکان تەگەرەیەکە بۆ پێکهێنانی ئەو حکومەتە. بەشێوەیەک ئەگەر خاڵەکانی ئەو بەیاننامەیە بچنە بواری جێبەجێکردنەوە، زەمینەی دروستکردنی ئەو حکومەتە لەباردەچێ. نابێ لە پرۆسەی رزگاریی نیشتمانیدا ئەجێندا و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی هیچ لایەنێک تێکەڵ بکرێت، بۆ نموونە دەرکردن و پەراوێزخستنی هەر لایەنێک لەو قۆناغەدا رەهەندی نیشتمانی لە پرۆسەکە دادەماڵێت. لە هەموو نموونەکانی دروستکردنی ئەو جۆرە حکومەتەدا خاڵی هاوبەش بریتییە لە کۆبوونەوە لەدەوری بەرژەوەندییەکی هاوبەش، هەر کاتێک لایەنێک ویستی بەهۆی لاوازیی دەزگا حوکمڕانییەکان ئیرادەی خۆی بسەپێنێ لەبری ئەوەی لەرێگەی حکومەتێکەوە نیشتمان رزگار بکا، ئەوە کودەتایەکی سپی بەسەر دەسەڵاتدا دەکات. راستە دوای ریفراندۆم حکومەتی هەرێم کەوتە ناو قەیرانێکی تازەوە، بەڵام بۆشایی کارگێڕی و سیاسی دروست نەکرد و کۆمەڵگەی بەرەو هەرەس نەبردووە و تا ئێستاش ئەو حکومەتە بەشێوەیەکی فەرمی لەکارەکانی بەردەوامە. کەواتە ئەم حاڵەتە لەسەر هەرێمی کوردستان جێبەجێ نابێت، چونکە لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت و ئەم یاسایەش تا ئێستا کاری پێدەکرێت.

کەواتە ئەوەی لێرەدا هەستی پێدەکرێت کودەتایەکی سپیە، دەتوانین بڵێین ئاماژەکانی ئەو کودەتایە لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت، لەوانە:

– بازدان بەسەر یاسا کارپێکراوەکان، بەو شێوەیەی ئەو سێ لایەنە دەیانەوێت حکومەتی رزگاریی نیشتمانی پێ پێکبهێنن، پێشێلکارییەکی یاسایی تەواوە بەرامبەر یاسای ئەنجوومەنی وەزیران و یاسای ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان.

– بازدان بەسەر سیستەمی سیاسیدا، بەوەی بەیەک هەنگاو دەیانەوێت هەم خۆیان حکومەت وەرگرن و هەم سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا یەکلایی بکەنەوە لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم. پرسی سیستەمی سیاسی پێویستە لەرێگەی دەستوورەوە یەکلایی بکرێتەوە نەوەک لەرێگەی بەیاننامەی چەند لایەنێکی سیاسی.

– زاڵبوون بەسەرنەیارە سیاسییەکان، واتە ململانێ سیاسییەکان لەرێگەی قۆستنەوەی پرۆسەیەکی نیشتمانی یەکلایی بکەیتەوە، ئەمەش جۆرێکە لە کودەتای سپی.

– بازدان بەسەر رێکارە دیموکراسییەکان، دروستکردنی حکومەتێک لەدەرەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن دەرچوونە لەو رێکارانەی گەرەنتین بۆ دەستاودەستی دەسەڵات.

***ماستەر لە زانستە سیاسییەکان**

# روونکردنەوەیەک لە عەدنانی حەمەی میناوە

## د.بەرهەم بە کەس ناخەڵەتێ

لە ژمارە 478ی 2017/10/23ی هەفتەنامەی (رووداو)دا و لەلاپەڕە (19)، رۆژنامەنووس رێبوار کەریم وەلی شرۆڤەیەکی لەسەر رووداوە گەرمەکانی ماوەی رابردووی کوردستان بڵاوکردەوە و کۆمەڵێک زانیاری هەڵەی خستووەتەڕوو، لەبەرئەوەی ناوی بەندە و چەند هەڤاڵێکی تر لە بەشێکی شرۆڤەکەیدا هاتبوو، بە باشم زانی ئەو هەڵانە بۆ بەڕێزیان و خوێنەرانی (رووداو) و هاووڵاتیانی کوردستانیش راست بکەمەوە، هەرچەندە نووسەر خۆی لە کەسانی باڵادەست و بە زانیاری نزیکە و ئیتر بە هەر هۆیەک بێ، یان هەر مەرامێک لە پشت بڵاوکردنەوەی زانیارییە هەڵەکانیەوە هەبێ بۆ من گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ راستکردنەوەی زانیارییەکانیەتی هەم بۆ خۆی و هەم بۆ خوێنەرانی رووداو و خەڵکی کوردستان، بۆیە ئەم روونکردنەوەیە لە دووتوێی چەند خاڵێکدا دەخەمە روو:

1–سەبارەت بە هەڵوێستمان لە پرۆسەی ریفراندۆم، دەکرێ شرۆڤەکار لە برادەرانی خۆیان، لە وەفدی دانوستانکاری پارتی بپرسێ کە بۆچوونی ئێمە چی بووە، بە حوکمی ئەوەی لە وەفدی دانوستانکاری یەکێتی بووم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم: من لەوانە بووم کە لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمان بوون بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە، لانیکەم بۆ ئەوەی ریفراندۆم بە یاسایەک رێکبخات و رێوشوێن و کاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە دیاری بکات و کەس لەسەر دواخستنی ئیحراج نەبێ، چونکە بڕوام وابوو کاتی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم گونجاو نییە و جەختیشم لەسەر بەهەند وەرگرتنی هەڵوێستی وڵاتانی دۆست و دراوسێ کردۆتەوە.

2–شرۆڤەکار لە بەشێکی تری شرۆڤەکەیدا سەبارەت بە ناوخۆی یەکێتی بە یەقینەوە باس لە دابەشبوون دەکات، گوایە (عەدنانی حەمەی مینا، عەوڵا بۆر، مەحمود سەنگاوی، حامیدی حاجی غالی) کە بە فەرماندە نزیکەکان لە بەرهەم ساڵح ناسراون، سەرەڕای بەرگری پێشمەرگە، ئەوان جەبهەکانیان چۆڵ کردووە، ئەو زانیارییانەی خستوویەتیە روو دوورن لە راستییەوە و لە قسەی بێ بنەما بەولاوە هیچی تر نییە، نازانم لە بێ ئاگاییەتی ئەوانەی نووسیوە یان (لغرض في نفس يعقوب) چونکە:

ا –حامیدی حاجی غالی نە بەرپرسی هیچ جەبهەیەک بووە و نە لە جەبهەش بووە تا چۆڵی بکات!

ب – نە من (عەدنانی حەمەی مینا) نە کاک مەحمود سەنگاوی لە جەبهەی دوزخورماتوو نەبووین، بەڵکو دووریی نێوان سەنگەرەکانی ئێمە و دوزخورماتوو پتر لە 100 کم دەبێت.

ج – کاک مەحمود سەنگاوی لێپرسراوی میحوەری گەرمەسێرە کە دەکاتە سنووری خانەقین – جەلەولا بەرەو نەفتخانە و مەندەلی.

د– سنووری ئێمەش نەقشبەندی – گبج بوو بەرەو دەریاچەی حەمرین، دەکرێ شرۆڤەکاری بەڕێز بێتە سنوورەکە و بزانێ ئێمە لە نەقشبەندی تا ئێستا ماوین یان خەڵەتێنراوین و ناوچەکەمان چۆڵ کردووە؟

ە– پێشم وانییە شرۆڤەکار ئەوەندە بێئاگا بێت، لەو دابەشبوونەی باسی دەکات "نەزانێ کاک عەوڵا بۆر لێپرسراوی میحوەری دوزخورماتوو" لە بەڕێز د.بەرهەم نزیک نەبووە و نییە.

3– ئێمە نە هەڵخەڵەتێنراوین و نە هەڵدەخەڵەتێنرێین و نە بەشداری هیچ سەفقەیەکی لەو جۆرە بووین و دەبین، بەڵام وەک پێشمەرگەیەک لە بواری کارەکەی خۆماندا، هەمیشە بە راشکاوی بۆچوونی خۆمان لەسەر مەسەلە هەنووکەیی و پێشهاتەکان خستۆتەڕوو، بەر مەبنای (تقدير موقف)، جا ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار بۆچوونەکەی سەلماندبێ یان نا، بۆ نموونە لە کۆبونەوەی 10/2ی فەرماندە سەربازییەکانی سنووری کەرکوک – گەرمیان، بە یەکێتی و پارتیەوە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە کەرکوک بە ئامادەبوونی کاک مەسعود بارزانی، سەبارەت بە هەڕەشەکانی حکومەتی عێراق و رەوشی کەرکوک و ناوچەکانی تر بە راشکاوی رای خۆمان دەربڕی، هەرچەندە پێم خۆش نییە قسەی ناو کۆبوونەوەکان بگێڕمەوە، بەڵام بۆ مێژوو ناچارم قسەی ئەو رۆژەم بخەمە روو کە لەو کۆبوونەوەیەدا گوتم: "ئەم دۆخەی ئێستا هەیە لە ناوچەکە راگەیاندنی شەڕە، دەبێ بۆ پاراستنی ناوچەکە بەرنامەی گونجاو دابنرێ و هەوڵ بدرێ رێگە لە شەڕ بگیرێ، ئێمە لە شەڕ نەترساوین و ناترسین و شەڕ دەکەین، بەڵام کە شەڕ ببێ بەم دۆخ و نائامادەییەی ئێستامانەوە، دەبێ بزانین کەرکوک و دوز و خانەقینمان لەدەست دەچێ".

هەروەها گوتم: "ئەگەر بەنیازی ئەوەین شەڕ بکەین، پێویستە بەو ئیمکانیەتەی کە هەیە بەرنامەی بەرگری دابنرێ و خۆمان بە زوویی ئامادە بکەین"، ئەم قسانەم بە ئاشکرا لە بەرچاوی هەمووان کرد و بە نووسراویش پێشکەشی بەڕێزیانم کرد، ئیتر بۆ پێشنیارەکەمان بە هەند وەرنەگیرا و بەم دۆخەیان گەیاندین، ئەوە وەڵامەکەی لای سەرکردایەتی سیاسی و بڕیاربەدەستانی هەرێمە.

4 – سەبارەت بەو قسەیەی کاک حامیدی حاجی غالی بەڕێزیان باش خوێندنەوەیان بۆ نەکردووە، لەبەرئەوەی کاک حامید باسی لە پێشنیارێکی ئێمە کردووە بۆ کۆبوونەوەی لووتکەی دوکان کە ئەگەر کۆبوونەوەی دوکان راستەوخۆ تەبەنی پێشنیارەکەی ئێمەی بکردایە، ئەوا کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی تر بەبێ خوێنڕشتن و خاک لەدەستدان چارەسەر دەکرا، ئێستا هەم دۆخی کەرکووک باش دەبوو، هەم دوز و ناوچەکانی تریش وایان بەسەر نەدەهات، چونکە پێشنیارەکەی ئێمە ئەمە بوو:

– دانانی سەرکردایەتییەکی سەربازیی هاوبەش لە پێشمەرگە و هاوپەیمانان و سوپای عێراق بۆ کەرکووک و بارەگاکەی لە کەیوەن بێ بۆ سەرپەرشتیکردنی دۆخی ئەمنی و ئاسایشی کەرکوک

– هیچ هێزێکی سەربازی نەهێنرێتە ناو شاری کەرکوک

– کێشەکانی هەرێم و بەغدا لە رێگەی دایالۆگ و لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێ

– نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا هاوکار و پشتیوان بن بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە.

ئەوە راستیی هەڵوێستی ئەوانەن کە بە فەرماندە سەربازییەکانی نزیک لە دکتۆر بەرهەم ناوت هێناون (کە شانازی بە هاورێییەتیەوە دەکەین). جا نازانم لە کوێ هەڵخەڵەتێنراوین تا کاریگەریمان لە هەڵخەڵەتاندنی کاک بەرهەمدا هەبێ؟

دەکرێ لەم میحنەتە گەورەیەدا هەرکەس هەڵوێستی دەربڕی ئێوە تۆمەتبارانی بکەن؟ دەزانم بەڕێزتان دڵنیان لەوەی کە د.بەرهەم ساڵح بە راشکاوی رای خۆی بە بەرزترین دەسەڵاتی ئەم هەرێمە لەسەر ریفراندۆم و ئەنجامەکەی وتووە، باش ئەوەش دەزانن کە د.بەرهەم بە کەس هەڵناخەڵەتێنرێ.


شرۆڤە و بۆچوون
روودا و
ژمارە ( 478 ) - دووشەممە 2017/10/23
رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

دکتۆر بەرهەمیش هەڵخەڵەتێندراوە!

1

چەند رۆژێکە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو خیانەتەی کە لە مەتبەخی سیاسیی سلێمانی و بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی قاسم سولەیمانی ئامادە کرا، میدیا و ناوەندەکانی راسپێردراو، دەیانەوێ ئەوە بخەنە مێشکی خەڵکەوە کە هەموو ئەوەی روویداوە (سەرباری ئەوەی کە هەر هەموویان پێش 25ی ئەیلول پشتیوانییان دەربڕی و چوون بە ئاشکرا دەنگی بەڵێشیان دا)، ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی بارزانییە. بەڵام ئەو مەسەلەیە زۆر لەوە گەورەترە کە دوو کاڵفامی سیاسی بتوانن وا بە ئاسانی کەرکوک تەسلیم بکەن.

ئەمڕۆ زۆر ئاشکرایە کە لە دابەشبوونەکانی ناو یەکێتیدا کێ لەگەڵ کێیە، بە فەرماندە سەربازییەکانیشەوە کە هەندێکیان بە ئاشکرا لە ماوەی رابردوودا، لەدژی بنەماڵەی تاڵەبانی، لەبەرەی بەرهەم ساڵحدا بوون و گەورەترین کارەساتی مرۆییش لە دوزخورماتوو روویداوە کە چوار فەرماندەی مەیدانیی ئەو بەرەیە: (عەدنانی حەمەی مینا، عەوڵابۆر، مەحموود سەنگاوی و حامیدی حاجی غالی) بە فەرماندە نزیکەکان لە دکتۆر بەرهەم ناسراون و سەرباری بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە، جەبهەکانیان چۆڵ کردووە. ئەوانە یان دەبێ رازیکرابن، یان ئەوەتا دەبێ "هەڵخەڵەتێندرابن" هەروەک حامدی حاجی غالی لێدوانی داوە. بەڵام ئەگەر هەڵخەڵەتاندن بێت (دەبێ دکتۆر بەرهەمیشیان هەڵخەڵەتاندبێت)، بۆ دەبێ خێرا دوای 16ی ئۆکتۆبەر ناوی دکتۆر بەرهەم بۆ پێکهێنانی کابینەی ئینتیقالی یان حکومەتی رزگاریی نیشتمانی لە هەموو لایەکەوە بهێنرێت؟ دکتۆر بەرهەم دژی دوو ئیدارەییە و باوەڕی بە راستگۆیی بارزانی هەبووە لە مەسەلەی دروستکردنی دەوڵەتدا (سەرباری تێبینییەکانی)، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی سلێمانی بە سەرپەرشتی قاسم، مالیکی و برێت مەککگۆرک (عەرابی دروستکردنی بەرەی نەخێر و بڵاوکردنەوەی رەشنووسی نامەیەکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە هەرگیز بۆ بارزانی نەنێردرا)، دەگوزەرێ، جگە لە بانگەشە بۆ دوو ئیدارەیی، بۆنی هیچی دیکەی لێ نایەت و پێویستە دکتۆر بەرهەم نەکەوێتە ناو ئەو تەڵەیەوە.

پارتی نە دوو ئیدارەیی و نە حکومەتی ئینتیقالیش قەبوڵ ناکات. دوو ئیدارەیی لەلایەن ئەمریکا و عەبادیشەوە رەتکراوەتەوە و هیچ پاساوێکیش بۆ پێکهێنانی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی نییە. یەکەمیان ئەوەیە کە نێچیرڤان بارزانیش وەکو هەمووان داوای بەدیلێکی متمانەپێکراوی دەکرد بۆ ئەنجامنەدانی گشتپرسی، بەڵام کە بەدیل نەگەیشت، ئەویش وەکو هەمووان پشتگیریی لێ کرد. دووەمیان ئەوەیە کە کابینەی هەشتەم خۆی حکومەتێکی بنکەفراوانە و هەموو تێیدا بەشدارن! بۆ وەزیر و پەرلەمانتارەکان ناگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان؟ کێ رێی لێگرتوون؟ ئینجا پرۆسەی سیاسی لە کوردستان فەشەلی نەهێناوە، هەڵبژاردنمان لەبەردەمدایە و دەرگاش بەسەر هاوپەیمانییەکان بۆ داهاتوو کراوەتەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان

لە کۆتاییەکانی ساڵی 1983دا سەدام قسە لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملۆ دەکات کە نێوەندگیرییەک لەنێوان ئەو و مام جەلالدا بکات بۆ راگرتنی شەڕ و دەستپێکردنی گفتوگۆ. قاسملۆ قەناعەت بە مام جەلال دەکات کە وەفدێک بنێرێتە بەغدا تا لە نیەتی راستەقینەیان بۆ گفتوگۆ دڵنیابن. فەرەیدون عەبدولقادر لەگەڵ خۆیدا دەبات و بەنێوبژیوانیی قاسملۆ لەگەڵ تارق عەزیز یەکەم دیدار لەنێوان بەغدا و یەکێتی ڕێکدەخرێت. تارق عەزیز وەکوو راسپاردەی سەدام بۆ مام جەلال، بە نوێنەرەکەی یەکێتی دەڵێت: عێراق لە شەڕێکی سەختدایە و مەترسی لەسەر سەروەریی نیشتمانەکەمان هەیە، ئێوە هاووڵاتی عێراقین و ئەرکتانە پارێزگاری لەم نیشتمانە بکەن، کەچی لەم بارودۆخە دژوارەدا هەزاران لاوی ئەم وڵاتەتان هەڵخەڵەتاندووە و داوتانە بەو کێو و شاخانەدا و پەلاماری سوپای عێراق دەدەن، ئەگەر بێنەوە و لەگەڵمان ڕێکبکەون، چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ دەکەن و ئێمەش پاداشتی ئەو چاکەیەتان دەدەینەوە و مافەکانتان دەسەلمێنین، خۆ ئەگەر هەر سووربن لەسەر ئەوەی دەیکەن، ئەوە حەزدەکەم پێتان بڵێم کە ئێمە و ئێران رۆژێک دێت ڕێکدەکەوین، سوپایەکی پڕچەکی بەهێزمان هەیە و ئەوکات هەمووی دەهێنینە سەرتان و هەرچی گوند و شار و شارۆچکەتان هەیە لەگەڵ زەوی تەختی دەکەین و بەچەکی کیمیایی لێتان دەدەین.

وەفدەکە دەگەڕێتەوە و پەیامەکە بە مام جەلال دەگەیەنن، مام جەلال دەڵێت ئێمە ئامانجێکی راست و رەوامان هەیە، دەستبەرداری مافی میللەتەکەمان نابین، هەموو ڕێگەیەکی خەباتی بۆ دەگرینەبەر، پێویست بوو گفتوگۆ دەکەین و لەکوێش پێویست بوو شەڕ دەکەین. رۆژگار هات و چوو ئێران و عێراق ڕێککەوتن و هەموو کوردستان کرا بە خۆڵەمێش، ئەنفال کراین و بەچەکی کیمیایی لە میللەتەکەمان درا. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا دەبوو ئەوکاتەی هەڕەشەی بەسوتماککردنی کوردستان کرا، مام جەلال بڕیاری ئاشبەتاڵی بدایە و تەسلیم بوویا؟ ئەوکاتەی بە چەکی کیمیایی هەڵەبجە بۆردومان کرا و میللەتەکەمان ئەنفال کرا، دەبوو بڵێین چ پێویست بوو درێژە بە شۆڕش بدرێت و هەق وابوو تەسلیم بووناین‌ەتەوە بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات؟ یاخود ڕێگەی دروست هەر ئەوەبوو کە خەبات درێژەی پێدرا، کوردستان هەستایەوە و مام جەلال لە شوێنی سەدام بوو بە سەرۆک کۆمار و سەدامیش ئیعدام کرا؟

ئەمە بۆ دۆخی ئێستاش هەر راستە، ئەو عەقڵیەتەی عێراقی پێ بەڕێوەدەچێت هەمان عەقڵیەتی حوکمڕانە نەفرەتلێکراوەکانی پێشترە، تەنها جیاوازییان (ئەوان سوننە و ئەمان شیعەن). هەردوولایان یەک دونیابینی سیاسی و یەک تێڕوانینیان هەیە بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ کورد و قبوڵکردنی جیاوازی. ئەوەی لە دوای رووخانی سەدام وەک مافی کورد لە دەستووردا چەسپا و ماوەیەک درێژەی کێشا، قبوڵکردنی حاڵەتی ئەمری واقیع بوو، ئەگینا هیچکات نەیانشاردووەتەوە کە بڕوایان بەو یاسا و ڕێسایانە نییە و لە 14 ساڵی رابردووشدا ئەوە تەنها لایەنی کوردی بووە عێراقی بە وڵاتێکی فیدراڵی پێناسە کردووە، ئەوان نەک دانیان پێدا نەدەنا، هەمیشە لە دەرفەتی ئەوەش دەگەڕان رۆژێک بێت و بتوانن هەڵیبوەشێننەوە. بۆیە بۆ ئەم دۆخەی کە ئێستا دروست بووە، زۆر ناواقیعیە بگوترێت کە عێراق هەڕەشەی کرد، پێویست بوو کورد تەسلیم بێت تا ئەم شەڕە روونەدات.

ئەوەی هەرێمی کوردستان دەستی بۆ برد، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەدەر لەوەی مافی گەلی کوردستانە و خوێن و قوربانییەکی زۆری لەپێناودا دراوە، لە هەمانکاتدا وەکوو ڕێگەیەکی ناچاریی پەنابردن بوو بۆ دەروازەیەک کە خۆی لە عێراق پێ رزگار بکات، چونکە مەعلوم بوو دوای ئەوەی سوننە بەو دەردە بران، کورد وەک نەتەوە و هەرێمی کوردستانیش وەک کیانێکی نیشتمانی دەکرایە ئامانجی شیعەکان. بەتایبەتیش لە دوای هاتنی داعشەوە زیاتر هەست بەو مەترسیە دەکرا، لە سێ ساڵی رابردوودا نەک هەر چاودێرانی ناوخۆ، تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیش گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان و چەندین ناوەند و دەزگای توێژینەوەی ئەمریکی و ئەورووپی راپۆرتی زۆریان لەوبارەیەوە بۆ رای گشتی بڵاوکردووەتەوە کە دوای داعش عێراق لەگەڵ کورد شەڕ دەکات.

هێشتنەوەی حەویجە لەژێر دەستی داعش بۆ دوای هەموو شەڕەکانی دیکە، ئاماژەی روون بوو کە عێراق مەبەستی بوو ئەو هێزانەی بۆ رزگارکردنی حەویجە دەیهێنێتە ناوچەکە، شەڕی گرتنەوەی کەرکووک و ناوچەکانی تری کوردستانیشی پێ بکات. سیناریۆی تەسلیمکردنی تەلەعفەر و دیارنەمانی هەزاران چەکداری داعش لە ناوچەکانی نزیک کەرکووک، بەڵگەی روونن کە هاوکێشەیەکی نوێی هەرێمایەتی و بەغدا لەسەر کوردستان هەیە. ئەگەر پاساوەکە ریفراندۆم بوو، بەسرکردنی ئەنجامی ریفراندۆم پێویست بوو دۆخی نێوان هەرێم و بەغدا ئاسایی ببێتەوە، بەڵام بەغدا ریفراندۆمی وەک پاساوێک پێویست بوو بۆ نیەتە شاراوەکانی کە نەک هەر کشانەوەی هەرێمە وەک دەگوترێت بۆ پێش شەڕی داعش، یان ئەوەی ئێستا دەڵێت: کشانەوەی کورد بۆ پێش 2003 ، لە راستیدا ئامانجەکە شتێکی ترە. لەساڵی 1991 وە سنوورەکان لە نزیک خانەقینەوە تا پێشخابور بەدەستی کوردستانەوە بووە، ئێستا بەغدا وەک هەنگاوی یەکەم دەیەوێ تەواوی ئەو سنوورانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەڵکوو ئامانجەکە نەهێشتن و سڕینەوەی هەرێمی کوردستانە وەک چۆن ناوچەکانی سوننەیان وێرانکرد. لە کاتێکدا ئەوان نە ریفراندۆمیان کردبوو، نە نیازی سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان هەبوو لە عێراق. ئەم پەلامارانەی بەغدا هەر روویان دەدا، بەڵام بۆچی وا بەزوویی کوردستان تووشی شکست هات؟ بۆچی لە دۆخێکی وا هەستیاردا درز کەوتە ناو یەکڕیزیی هێزی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکان؟ کەرکووک بۆچی بەو شێوەیە جێهێڵدرا؟

جیهان بۆ گوێی لێنەگرتین و کەس بە دەنگ هاوارمانەوە نەهات، دۆستەکانمان بۆ پشتیان تێکردین؟ ئەمەیان پەیوەندی بە دۆخی ناوخۆیی کوردستان و هێزە سیاسییەکان و سەرکردەکانی خۆمانەوەیە. بەپلەی یەکەمیش بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەو حوکمەی چەندین ساڵە بەشی زۆری جومگەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی لە دەستی پارتیدایە. کەڵەکەبووی کێشەکانی رابردوو، غروری پارتی لە چارەکردنیان، پاشەکشێی دیموکراسی لە داخستنی پەرلەمان و مانەوەی بارزانی لە دەرەوەی ڕێکاری یاسایی و ئیجماعی سیاسی، هێشتنەوەی دەزگا ئەمنییەکان لە دەستی حیزب و یەکنەخستنی هێزی چەکدار و مانەوەی لە دەرەوەی دامەزراوەیەکی حکومی و نیشتمانی، ئەوە دەرئەنجامەکانێتی کە بینیمان. ئەگەر بەغداش ئەم شەڕەی نەهێنایەتە سەرمان، بەهۆی ئەو فەسادە سیاسی و ئیداری و مالییەی رابردووەوە کوردستان هەر نەیدەتوانی بەم جۆرە درێژە بکێشێ.

ئەم شکستە دەرفەتی ئەوەی دروستکردووە تا سەرلەنوێ کوردستان بینا بکەینەوە، بەمەرجی پێکەوەبوونی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پێکەوە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، ئەگەر ئەوە نەکەین، بەدڵنیاییەوە بەرگەی هەنگاوەکانی تری بەغدا ناگرین، کە کارکردنە بۆ نەهێشتنی هەرێمی کوردستان و گۆڕینی سیستەمی سیاسی عێراق بۆ دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز کە شوێنی ژیانی بۆ کورد تێدا نامێنێتەوە.

---



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# دەستبەتاڵی لە چوارچێوەی "هەرێم"دا

گشتپرسییەکەی 2017/9/25 ئێمەی خستە بەردەم کۆمەڵێک کشوفاتی نوێ بۆ بیرکردنەوەی سیاسیانەمان لەو دۆخەی کە تێیداین و لەو قۆناغە سیاسییەی وەک "گەل و نەتەوە"یەک لە باشووری کوردستان پێی گەیشتووین.

گوتاربێژانی ریفراندۆم هەمیشە دەیانگوت: "ئێمە چیدی نامانەوێت ژێردەستەی عێراق بین"، گوتارێکی شۆڕشگێڕانەی پۆپۆلیستانە کە پێویستە لێی بپرسین: ئایا ئێمە لە باشووری کوردستان لە چ قۆناغێکی سیاسیدا دەژین، ئەو قۆناغە سیاسییەی ئێمەی تێداین هەمان قۆناغی سیاسی کوردە لە رۆژهەڵاتی کوردستان یان لە باکوور یان لە رۆژئاوا؟ ئایا بەڕاست ئێمە ژێردەستەین؟ لۆژیکییە گوتاری ئێمە هەمان گوتاری رۆژهەڵات و باکوور بێت؟

تێگەیشتن لەوەی ئێمە لە چ قۆناغێکی سیاسیداین زۆر گرنگە بۆئەوەی لەوە تێبگەین کە ئایا ئێمە دەبێت لەم قۆناغەدا چی بکەین و چ جۆرە پرۆژەیەک سەرپێ بخەین، ناسینەوەی قۆناغەکەی خۆمان هاوکاریمان دەکات لەوەی ئاخۆ ئێمە دەبێت سەرقاڵی چی بین و چ جۆرە خەبات و گوتارێک سەرپێ بخەین.

بۆئەوەی وەک کوردی باشوور لە قۆناغی بوونی خۆمان تێبگەین، دەبێت سەرەتا تەماشای ئەو چوارچێوە سیاسییە ئیدارییە دەستوورییە بکەین کە بوونی سیاسیانە و یاساییانەی ئێمەی تێدا بەرجەستە بووە.

بێگومان ئێمە وەک کوردی باشوور لە چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی بەنرخداین کە ئەویش چوارچێوەی فیدراڵیزمە.

فیدراڵیزمی باشوور ئەو چوارچێوە سیاسی و ئیداری و دەستوورییە بەنرخەیە کە گوتاری دەوڵەتخوازی و عەقڵی سیاسیی ئێمە نەیتوانیوە خوێندنەوەی واقیعیانەی بۆ بکات و بیبینێت و لێی تێبگات و قەدری بزانێت.

گوتاری دەوڵەتخوازی و ئەو گوتارەی لە پشت ریفراندۆمەوە بوو، بەشێوەیەک قسەی دەکرد وەک ئەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا خاوەنی هیچ پێناسە و چوارچێوەیەکی سیاسی نەبێت، ئەو گوتارە گوتاری شاخ بوو، بەڕاستی گوتاری پێش راپەڕین بوو!

هەمان گوتار ئەمڕۆ دێت و بێئەوەی واقیعی خۆی ببینێت و بێ ئەوەی دەسکەوتەکان ببینێت، داوای جیابوونەوە لە عێراق دەکات، بێگومان بێ ئەوەش کە حسابێکی وردی بۆ دەرئەنجامەکانی ئەم هەوڵە کردبێت-کە ئەوە جێی باسی ئەم وتارە نییە و روونە کورد چی لەدەستدا بەهۆی ئەم گوتارە و بەهۆی ئەو هەوڵە بۆ جیابوونەوە لە عێراق-.

بێگومان من جیابوونەوە هەروەک مانەوە بە مافێکی دیموکراتیانەی خەڵکی کوردستان دەبینم، بەڵام قسە لێرەدا لەسەر ئەو چوارچێوە سیاسی و یاسایی و دەستوورییە گرنگەیە کە کوردی عێراق لەدوای رووخانی سەدامەوە لە عێراقدا لێی بەهرەمەند بوون، بەڵام گوتاری سیاسی کوردی عێراق دێت و ئەم دەسکەوتە گرنگە وەک نەبوویەک هەژمار دەکات و نایبینێت.

ناکرێت تۆ خاوەنی چوارچێوەیەکی سیاسی و ئیداریی دانپێدانراو بیت بەناوی "هەرێمی کوردستان" بەڵام خۆت بە ژێردەستە بزانیت! ئەمە تێکشکانی دنیابینی تۆ و دەستبەتاڵیی تۆ نیشاندەدات کە نازانیت لەم هەرێمەدا چی بکەیت، لەکاتێکدا دەتتوانی زۆر شت بکەیت.

ئەگەر لە فۆرمی دەوڵەتی فیدراڵی تێبگەین، ئەوا ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە کوردی باشوور لە قۆناغی ئێستادا بەجۆرێک لەجۆرەکان سەربەخۆیە و ئەو چوارچێوە سیاسی و یاسایی و دەستوورییەی عێراقی لەسەر دامەزراوە، بەتەواویی عێراقی لە دەوڵەتێکی مەرکەزیی یەکپارچەوە گۆڕیوە بۆ فۆرمێکی دیکەی ئیداری و سیاسی کە کورد بەشبەحاڵی خۆی گەورەترین سوودمەند بووە لەم عێراقە نوێیە و دەشیتوانی زیاتر سوودمەند بێت، ئەگەر بهاتبایە کوردی عێراق گەلێکی دەستبەتاڵ نەبووایە و خاوەنی پرۆژەی ژیاریی خۆی بووایە.

بەم پێیە کوردی باشوور کە ناوە یاسایی و فەرمیەکەی لە چوارچێوەی عێراقدا بریتییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، چوارچێوەیەکی تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیە و دەشیتوانی لە چوارچێوەی عێراقدا نەک هەر پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات، بەڵکو بوونی خۆیشی بەرەوپێشتر بەرێت، بەشێوەیەک لەڕووی سیاسی و ژیاری و ئیدارییەوە پێش عێراق بکەوێت.

(بەرەوپێشبردنی خۆ و خۆبەهێزکردن لە چوارچێوەی فیدراڵیزمدا) ئەمە ئەو ئارگۆمێنتەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە عێراق نەیتوانیوە وەک فاکتێک بیکات بە بنەمای ئیشکردن و ستراتیژی خۆی لەپاش 2005وە.

لەم چوارچێوەیەدا نەک هەر کورد بۆی هەبوو چوارچێوەی حوکمڕانی خۆی بپارێزێت، بەڵکو بۆشی هەبوو چاو ببڕێتە ناوچەکانی دیکەی عێراق و ئەو ناوچانەش وەک ناوچەی جێ تەماحی خۆی تەماشا بکات.

هەروەک چۆن ئەو ئۆپشنە بۆ حکومەتی ناوەندی کراوەیە و هەندێک مەترسی داگیرکردنەوەی جارێکی دیکەی کوردستان دەکەنە پاساوی هەوڵە ناوەختەکانی جیابوونەوە، بەهەمان شێوە ئەو ئۆپشنە بۆ کوردیش کراوەیە، لە دەوڵەتێکی فیدراڵی وەک عێراقدا بردنەوە بۆ بەهێزترینە.

کەواتە کورد لە هەرێمی کوردستان دەیتوانی لە پێگەی حوکمڕانیی خۆیەوە کە فیدراڵیەت پێی بەخشیوە، چاوی تەماح ببڕێتە ناوچەکانی دیکەی عێراقیش، هەروەک چۆن ئەو دەرفەتە بۆ حکومەتی ناوەندییش راستە.

بەڵام کوردی عێراق لەبری ئەوەی خۆی لەناو عێراقدا بکاتە هێزێکی حساب بۆ کراو، بەپێچەوانەوە ستراتیژی هەڵهاتن و پشتکردنە عێراق و راکردنی لەبری رووتێکردن و پەلاماردان هەڵبژارد.

هەرچەندە سیاسییەکانی کورد پێیانوایە بە هەوڵەکانیان بۆ جیابوونەوە لە عێراق ستراتیژی بەهێزکردنی کوردستانیان پەیڕەو کردووە، بەڵام رەوتی رووداوەکان دەریخست کوردی عێراق پەلەی کردووە لەم هەنگاوە و ئەو حساباتەشی هەڵە بووە کە پێیوابووە بەتەنها بە جیابوونەوە لە عێراق دەتوانێت مانەوە و بەردەوامی و بەهێزبوونی خۆی دەستبخات.

هەموو ئەو دەوڵەتانەی داوای ئەنجامنەدانی ریفراندۆم و جیانەبوونەوە لە عێراقیان لە هەرێمی کوردستان دەکرد، وەنەبێ هەموو ئەمە لە بەرژەوەندیی عێراق گوترابێت، بەپێچەوانەوە، ئەو وڵاتانە حەزیان بە عێراقێکی بەهێز نییە، بۆیە هەمیشە دەخوازن کورد لە چوارچێوەی عێراقدا وەک فاکتۆرێکی بێهێزکردنی دەوڵەتی مەرکەزی بمێنێتەوە.

گوتاری دەوڵەتخوازی ئەوەندە نادیدەگیر و دەستبەتاڵ بوو بەرامبەر هەرێم وەک قەوارەیەکی سیاسی ئیداری، تیۆریزەی ئەوەی بۆ دەسەڵاتداران دەکرد کە دەبێت هەموو پرۆسەکانی دیموکراتیزەکردن و کۆی کێشەکانی دیکەش هەناردەی پاش بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەی بەدەوڵەتبوون بکرێت و دەیانگوت: "تا دەوڵەت نەبێت دیموکراسیت نابێت". ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی تێنەگەیشتن و دەستبەتاڵی بوو.

---



هیلال ئیبراهیم

# ئەنجامی گشتپرسی کەی هەڵدەوەشێتەوە؟

گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ڕەسمیە بەدەست هاووڵاتیانەوە لە باشووری کوردستان. ئەوە گرنگترین بەڵگەی مێژوویی سەدەی بیستەمە بۆ کورد.

ئەو بەڵگەیە کە بەدەنگدانی خەڵکی کوردستان بەدەستهاتووە، بەهایەکی قانوونی، ئەخلاقی و مێژوویی هەیە، لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا، گەلی کوردستان بەشێوەیەکی ئازادانە و لەچوارچێوەی قانوودا ئەو بڕیارەی دا (نامانەوێ لەگەڵ عێراق بژین، دەمانەوێ بەسەربەخۆیی بژین) لەبەر ئەوە، هەموو خەڵکی کوردستان خاوەنی ئەو بڕیارەن، هیچ دەسەڵاتێک توانای هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارەی نییە گەلی کوردستان خۆی نەبێت.

ئەو (کاغەز، وەسیقە، بەڵگە)یە، بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و لەچوارچێوەی یاسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکاندا ڕێکخرا و بەدەست هات، هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان و زۆربەی زۆری ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دانیان بە سەربەخۆیی گەلاندا ناوە.

هەرلەبەر ئەوەش، دەوڵەتان و گەلانی دنیا بەشێوەی ڕاستەوخۆ ناتوانن پێچەوانەی پرەنسیپ و بنەما سەرەکیەکانی ئازادی، مافی مرۆڤ، پاراستنی شکۆ و ئیرادەی مرۆڤ بوەستنەوە کە بەها باڵاکانی دەستووری زۆرینەی وڵاتانی خۆیان پێکدێنێ. لەڕاستیدا پێداگری و فشاری جیاجیا لەسەر ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم لەو ڕوانگەیەوە بوو کە دەوڵەتان و گەلانی دنیای خستە بەردەم دوو بژارەی سەختەوە: پشتیوانیکردنی بەها و پرەنسیپەکانیان یان ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی بنەما و پرەنسیپە بنەڕەتییەکان؟

هێشتا دەوڵەت و گەلان خۆیان لەسەر وەڵامی ئەو تاقیکردنەوە سەختە لەسەر دۆسیەی (مافی چارەنووسی گەلان) ساغ نەکردووەتەوە. هەر لەبەر ئەوە پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و کەتەلۆنیا دووبارە پرسی ئازادیی گەلانی هێنایەوە نێو ناوەندە جیاجیاکانی جیهان. سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکی وڵاتان و نەتەوە و گەلان، کوردستان و کەتەلۆنیا و زۆر گەلی دیکە کە داخوازی مافی چارەنووسیان خستووەتە ڕوو، چاوەڕێی وەڵامی تاقیکردنەوە گرنگەکە دەکەن.

## چۆن ریفراندۆمی سەربەخۆیی سڕ دەکرێت؟

سەبارەت بە پێشنیازی (سڕکردنی ریفراندۆم) ئەگەر تێبینیمان کردبێت، حکومەتی هەرێم پێشنیازی سڕکردنی کردووە نەک خۆی ئەو بڕیارە بدات، چونکە بڕیاری سڕکردنی ریفراندۆم و کارنەکردن بە ئەنجامەکەی، یان دواخستن و سڕکردنی، لە دەسەڵاتی پەرلەماندایە نەک حکومەت. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەنگاوێک بۆ وتووێژ پێشنیازی سڕکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆمی کردووە، پاشان ئەم پێشنیازە بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی قانوونی هەبێت، پێویستە بخرێتە بەردەم پەرلەمان و پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەبارەوە بکات، لەو کاتەدا ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازی سڕکردنی ریفراندۆم ڕەتبکەنەوە، ئەوە پێشنیازەکەی حکومەتی هەرێم هیچ بەهایەکی قانوونی نامێنێت، ئەگەریش لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانەوە قبوڵ کرا، ئەوا کارکردن بە ئەنجامەکانی سڕ دەکرێت. کاتێک پەرلەمانی کوردستان پێشنیازێکی لەو شێوەیەی بچێتە بەردەست، ئەوا پێویستە (کات) دیاری بکرێت تا ماوەی چەند کارکردن بە ئەنجامی ریفراندۆم دەوەستێنرێت، لەبەر ئەوەی ریفراندۆم بۆ گەیشتن بە ئامانجێک ئەنجامدراوە، ئەگەر داخوازی و پێشنیاز بۆ وەستاندنی کارکردن بۆ ئەو ئامانجە بکرێ، ئەوا پێویستە (کات، ماوە) دیاری بکرێت بۆ دووبارە چالاککردنەوە و بەدیهاتن و کارکردن بە ئامانجەکە. لەبەر ئەوە پێشنیازی سڕکردن مەبەست لێی ئەوەیە کە ئێستا کار بەو بەڵگەیە ناکرێت، بەڵام لە هەلومەرجی سیاسی و مێژوویی دیکەدا گەلی کوردستان دەتوانن کار بەو بەڵگە ڕەسمیە بکەن کە زۆرینەی زۆری خەڵکی کوردستان دەنگیداوە بە سەربەخۆی کوردستان.

## ریفراندۆمی سەربەخۆیی چۆن هەڵدەوەشێتەوە؟

سەبارەت بە ڕێگاکانی هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم، تەنیا یەک کات دەتوانرێت ئەو بەڵگەیە هەڵوەشێنرێتەوە: ئەوکاتەی بەهەمان پرۆسەی یاسایی خۆیدا بڕوات کە وەسیقەکەی پێ بەدەستهاتووە، چونکە مافی بڕیاری چارەنووسی گەل لەلایەن گەل خۆیەوە دەدرێت. دەزگا دروستکراوەکانی گەل وەک پەرلەمان هێزی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری گەلیان نییە (ئەمە یەکێکە لە پرەنسیپە گرنگ و بنەڕەتییەکانی ئازادی و ئیرادەی گەلان).

پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم پێویستە لەلایەن حکومەت یان ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیاز بکرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان. بە ڕوونی داوای هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بکرێت، پاشان پەرلەمان وتووێژی لەبارەوە بکات و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ڕازی بن بە ئەنجامدانی دووبارە گشتپرسی، پاشان هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکانی دووبارە دەنگدان بۆ ئەو دووبارە گشتپرسیە ئەنجام بدرێن. ئەو پرسیارە بخرێتە بەردەمی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و پرسیان پێ بکرێت:

– لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆمی سەربەخۆیین یان لەگەڵی نین؟

یان پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێت لەگەڵ مانەوەن لەگەڵ عێراق یان دەتانەوێ سەربەخۆ بن؟

لە دووبارە گشتپرسیدا دەبێ زۆرینەی (+50 1)ی خەڵکی کوردستان دەنگ بدات لە بەرژەوەندیی ئەو گۆڕانکارییە بە هەڵوەشاندنەوە یان مانەوە لەگەڵ عێراقدا. ئەمەش شتێکی مەحاڵە، چونکە دووبارە گشتپرسی و دەنگدان بۆ گەڕانەوە بۆ نێو دەستی ستەمکاری دوورە لە عەقڵ و ئەخلاق و مێژووی کورد و خەڵکی کوردستانەوە.

زۆر بەکورتی گەلی کوردستان (وەرەقەیەکی ڕەسمی) پێیە و بڕیارێکی مێژوویی داوە کە دەیەوێ بە سەربەخۆیی بژی. گەیشتن بەو ئاواتە تەنها لەسەر کات وەستاوە، ئەگەرنا رۆژێک لە رۆژان ئەو خەونە دێتەدی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بارزانی لەکوێ هەڵەی کرد؟

1

جارێ پێش هەموو شتێک پێناسەی "ریفراندۆمی شکستخواردوو" لەلایەن میدیای سلێمانی و هاوبووقەکانیانەوە، پێناسەیەکی هەڵەیە، ریفراندۆم کاتێک شکستی دەخوارد کە نەکرابایە، دەنگی نەخێر سەرکەوتبا یان ئەوەتا ئەنجامەکەی هەڵوەشێنرابایەوە! کە ئەم سێ حاڵەتە نەبووبێت، بە چ پێوەرێک دەگوترێ شکستی خواردووە تا هەمان شتیش بخرێتە پاڵ ئەوانەی بڕیاریان لە ئەنجامدانی دا؟! جگە لە چەند هەرزە و لومپەنێک (کە وەکو فاحیشەی سیاسی درێژە بە ژیانیان دەدەن)، تەنانەت دوژمنانی کوردستانیش تانەیان لە ئەنجامی ریفراندۆمەکە نەداوە. بۆیە دەستەواژەی "شکست" بەشێوەیەکی سیستەماتیک بۆ داپۆشینی "خیانەت" لە خاک و گەلی کوردستان بەکاردێنن. ریفراندۆم نەشکرابایە، ئەوەی ئێستا روودەدات بە چەند مانگ تەئخیرەوە هەر رووی دەدا، بۆیە بارزانی پێداگر بوو لەسەر ئەوەی پێش ئەوەی حەشدی شیعی و پاسداری ئێرانی رووی لوولەی چەکە ئەمریکییەکانیان لە کوردستان بکەن، ئەو دۆکیۆمێنتە مێژووییە بۆ دوای هەڵوەشانەوەی وڵاتی بەناو عێراق بەدەست میللەتەکەیەوە بێت. رێفراندۆم نەشکرابایە، بەرەی خیانەت وەک چۆن لە رابردوودا هەڕەشەیان لەبارزانی کرد کە ئەگەر پاڵپشتی لە کاندیدی ئەوان بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار نەکات، بەرەکانی جەنگ بۆ داعش چۆڵ دەکەن! ئەمڕۆش هەمان شتیان هەر دەکرد، بەڵام بە کەمێک تەئخیرەوە! ئێران، تورکیا و ئەمریکاش لە بەرامبەر ئەو شەڕفرۆشییە هەر ئەوەیان دەکرد کە ئێستا دەیانکرد، چونکە هەمووی ساڵێک پێش ئێستابوو کە هێرۆ برایم ئەحمەد داوەتنامەی فەرمیی بۆ عەبادی نارد بۆئەوەی بێت نەوتی کەرکووک لەدەست بنەماڵەی بارزانی دەربێنێت! رەنگبێ یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانی بارزانی ئەوە بووبێ کە لەدوای تاڵەبانی هەموو هەوڵێکی دا، تا ئەم بنەماڵەیە وەکو شەریکی حوکمڕانی لە کوردستاندا بهێڵێتەوە. هەر بە فیتی ئەوانیش گۆڕان لە کایەی سیاسی وەدەرنرا و، دوای ئەوە ئەوانیش زۆر زیرەکانە رۆڵیان بۆ یەک بەیەکی خانەوادەکەیان لەناو حکومەت و دەزگای ئەمنیدا دیاری کرد.

بارزانی و پارتی لە کایەی سیاسیدا، باجێکی گەورەیان بۆ هێشتنەوەی نازناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هێشتنەوەی ماڵباتی تاڵەبانی دا. لە 2013دا ماڵباتی تاڵەبانی بۆ مانەوەی خۆیان، ماوەی سەرۆکایەتییان بۆ بارزانی درێژ کردەوە تا بتوانن بە پارە و پشتیوانیی بارزانی خۆیان رێکبخەنەوە، بارزانی عەیبدار بکەن (دژایەتیشی بکەن و پێی بگوترێ سەرۆکی ماوە بەسەرچوو)، پاشان نەیارە سیاسییەکانی خۆیان دەرپەڕێنن. بۆیە بەجێهێشتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەرفەتێکە بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە و گێڕانەوەی نەزمێکی تازە کە زامنی یەکگرتوویی کوردستان بێت.

---

## سلێمانی یانەی دۆڕاوەکانە

2

ئەوەی ئێستا لە سایەی پشتیوانیی ئەمریکا، ئێران، بەریتانیا و تورکیا لە یەک کاتدا بۆ عەبادی و میلیشیاتی شیعەی سەر بە ئێران لواوە، زوو یان درەنگ کۆتایی دێت و وەرەق هەڵدەگەڕێتەوە. رەگی هەموو ئەو حزب و سیاسەتمەدارانەش کە پشتیان بەو دۆخە بەستووە و لەو خەیاڵەدا دەژین بتوانن بە مانۆڕێکی لەو شێوەیە بارزانی و پارتی لە گۆڕەپانی سیاسی و نەتەوەیی بسڕنەوە، وشک دەبێ. کاڵفام و هەرزەی سیاسی ئەو کەسانەن کە چاویان لە ئاست ئەو هەموو زوڵم و غەدرە داپۆشیوە و دڵیان بەوە خۆشە کە پێشمەرگەی پارتی بەرامبەر حەشدی شیعی، حیزبوڵڵا و پاسداری ئێرانی تێکبشکێ! ئەوان لەوە غافڵن کە ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر کردیان، دوا بزمار بوو کە لە تابووتی مەدرەسەی جەلالیزمیان دا و، لەگەڵ تاڵەبانی ئەویشان خستە ژێر گڵەوە، چونکە پارتی باش دەیزانی چی دەنێژێت. بە شکۆ، لێبوردەیی و بەبەرداکردنی بەرگی نەتەوایەتیەوە ئەم کارەی کرد.

پارتی و بارزانی قەت هەموو هێلکەکانیان نەخستووەتە سەبەتەیەکەوە، ئەوانەی تا دوێنێ پارتییان بە داردەستی تورکیا لەناوچەکە دەزانی، دیتیان کە قودرەتی مناوەری سیاسیی بارزانی و بەتایبەتیش (نێچیرڤان بارزانی) چەندە، کاتێک رۆژێک دوای رادەستکردنی کەرکوک، کۆمپانیای زەبەلاحی رۆسنەفت، بێ ئەوەی حیسابی بۆ نەوتی کەرکووک کردبێت، ئەو گرێبەستە ستراتیژییەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کرد. ئەوان لەبری رەشوەیەکی ناچیز، نەوتی کەرکووکیان تەسلیمی بریتش پێترۆلیۆم کرد و خاکیان فرۆشت (ئەڵبەتە کەس لە فەیلەسوفەکانی سلێمانی جورئەتی باسکردنیان نییە)، بەڵام لەسەر دەستی نێچیرڤان بارزانی، خەونی هەموو خاوەن رەگەزنامە بەریتانییەکانی بنەماڵە حاکمەکانی سلێمانی زەڕبی سفر بوو. ئەوان بە حیسابی خۆیان نەوتیان لەبەردەستی بارزانی دەرهێناوە، بەڵام ئەوە نابینن کە چ دەنگدەر و هەوادارێکیان لەدەستداوە! رق و تووڕەیی خەڵکی کەرکوک، خورماتوو و خانەقین لەو نیشتمانفرۆشانە وا بەئاسانی دانامرکێتەوە و میللەت لە داهاتوودا دەزانێ چۆن تۆڵەی ئەو خیانەتە "پۆستمۆدێرنە"یان لێ دەکاتەوە.

---

## (رووداو) چەکە تۆقێنەرەکەیە

3

گەورەترین شانازیی ژیانی پیشەییم بەشدارییە لە دامەزراندن و دواتر کارکردن بۆ تۆڕی میدیایی رووداو. چونکە ئامانجی خاوەنی ئەو پرۆژەیە هەر لە رۆژی یەکەمەوە، دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتێک بوو لەناو مێدیایی کوردستاندا، نەک بۆ خزمەتی کەسێک یان گرووپێکی سیاسی، بگرە میدیایەکی هێندە گەورە و کاریگەر بێت کە نەک هەر سنووری دەستکردەکانی سایکس- پیکۆ بسڕێتەوە، بەڵکوو لەپاڵ دەستکەوتەکانی دیکەی گەلانی کوردستان لە بنیاتنان و سیماکانی ژیانی شارستانی، میدیای کوردستانیش بگەیەنێتە ئاستی شایستەی خۆی. ئامانج ئەوە بوو، هەواڵ و زانیاری وەک شێوە باوەکەی کە هەمیشە لە رۆژئاواوە بۆ ئێمە دەهات، پێچەوانە بکەینەوە. رووداو ئەمڕۆ لەپاڵ ئەوەی براندێکی جیهانییە، هەڵگری شانازیی پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانییە لەناو دڵ و مێشکی هەموو کوردستانیاندا. هاوکات قوتابخانەیەکیشە بۆ ئەو میدیا لۆکاڵیانەی کە بیانەوێ ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە. ئەمە بە غروور پێناسە مەکەن، بەڵام راددەی دژایەتیکردنی داگیرکەران و نەیاران بۆ (رووداو) ئەوە دەسەلمێنێ کە کوردستان چ چەکێکی تۆقینەری هەیە.

---



رێبوار کەریمی

# غەدرێکی مەزن لە پێشمەرگە

دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران و عێراق و تورکیە تەنیا بە شکستی سیاسی و سەربازیی کورد ڕازی نابن، ئەگینا دەبووایە تا ئێستا وازیان بهێنایە. ئەوەی ئەوان دەستیان داوەتێ بریتییە لە "شەڕی موتڵەق". "شەڕی موتڵەق" چەمکێکی بەناوبانگی ناو تێرمینۆلۆژیای شەڕە، کە تیۆریسیەنی کلاسیکی شەڕ، کارڵ ڤۆن کلاوسڤیچ، دایهێناوە. مەبەستی کلاوسڤیچ لە چەمکی شەڕی موتڵەق، شەڕێکە کە ئەنجامدەرەکانی هیچ سنوورێکی سیاسی و ئەخلاقی لەبەرچاو ناگرن. شەڕی موتڵەق واتە شەڕی تەفروتوناکردنی هێز و ئیرادەی دوژمن بەهەر شێوازێک کە ڕێی تێبچێ.

کاتێک کە پێشینە، سروشت و سیاسەتی ئەو دەوڵەتە جەببارانەی داگیرکەری کوردستان لەبەرچاو بگرین، جەوهەری سیاسەتی وەحشیانەی ئەوان دژی گەلی کورد، ئاسان دەناسرێتەوە. لە ئاوزگەی بیماری ئەواندا، پرسی سەربەخۆییخوازیی گەلی کورد، پرسی مان و نەمانی دەوڵەت-نەتەوە لەرزۆک و سەقەتەکانیانە، هەر بۆیە ئەوەی ئەوان بە کوردی دەفرۆشن، شەڕی مان و نەمانە: شەڕی موتڵەق. کورد بە ڕیفراندۆمی سەربەخۆییخوازانەی خۆی، تابوویەکی مێژوویی شکاند. ئەو هێڵەی بۆ ئەوان هێڵی سوور بوو، کورد بە دیمۆکراتیکترین شێوە لە ڕیفراندۆمدا بەزاندی. هەربۆیە لەم شەڕە نوێیەدا، ئەوان بە تەمان تەنیا کاتێک واز بهێنن کە لە تێکشکانی تەواوەتیی ئیرادە و بڕوابەخۆیی گەلی کوردستان دڵنیا ببنەوە و وای لێ بکەن هەرگیز پشتی پێ ڕاست نەکرێتەوە.

پاش نسکۆی گەورەی ئۆکتۆبەر و خۆگرتنەوەی دووبارەی هێزە چەکدارەکان، ئێمە چەندین شەڕی بەرگریکارانەی ئازایانەمان لە هێزی پێشمەرگە بینیوە. بەوەشەوە، نابێ ئەم شەڕە نابەرابەرە تەنیا بە هیوای هێزی پێشمەرگە بەجێ بهێڵدرێ. داشکانە یەک لە دوای یەکەکانی سەرکردایەتیی سیاسیش، بەدەر لە هەر حیکمەتێکی ئەو داشکاندنانە، تەنیا دوژمنە دڕەکان یاخیتر و هارتر دەکات. لەم شەڕە موتڵەقەدا کە داگیرکەران بەتەمای تەفروتوناکردنی ئیرادەی سیاسیی گەلی کوردستانن، واپێویستە کە کورد بە هەموو هێزی نەتەوەیی خۆیەوە بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات. هێز تەنیا لە دەسەڵاتی ڕەقدا نییە.

ژەنەڕاڵی ئاڵمانی، ئێریک لودێندۆف کاتی خۆی گوتبووی؛ ئیتر سەردەمی "شەڕە شەرافەتمەندانەکان" بەسەر چووە. بەبڕوای لودێندۆف، چیدی شەڕ —وەک کلاوسڤیچ دەیگوت— درێژەی سیاسەت نییە. لودێندۆف دەڵێ؛ ئێستا ئیتر ئەوە سیاسەتە کە دەبێ خزمەت بە شەڕ بکا. ئەوەی لودێندۆف مەبەستیەتی بیڵێ، ڕێک شتێکە وەک ئەوەی ئەم ڕۆژانە بەسەر کوردستان هاتووە: شەڕێک کە تەنیا لە کردەی بەریەککەوتنی هێزە جەنگاوەرەکانی مەیدانی شەڕدا قەتیس نابێ، بەڵکو هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگە و هەموو ئەندامانی ئەو گەلەی لە شەڕەوە گلاوە، گیرۆدەی خۆی دەکات. ئەوەی لودێندۆف باسی دەکات "شەڕی سەرتاپاگر" یان "شەڕی تۆتاڵە". کاتێک دوژمن بە ستراتیژی شەڕی موتڵەقەوە ئاوقای تۆ دەبێ، هێڵی بەرگری پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگە، واتە لەسەر ئاستی شەڕێکی سەرتاپاگر، بەرەورووی پەلاماردەران ببێتەوە.

ئەوە ئیتر ئەوپەڕی تراژیدیایە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، سیاسەت لە جێی ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک بۆ "شەڕی سەرتاپاگر" ڕێکبخات، بۆ خۆی بووەتە هۆی "شێوایی سەرتاپاگر"ی کۆمەڵگە. بەوەشەوە، ئێمە، وەک کۆمەڵگە؛ وەک نەتەوە، پێویستە لە دەرەوەی جغزی هاوکێشە سیاسییەکان دەستوبردی زیاتر بکەین. میدیا، کەسایەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی —بێگومان بە پاڵپشتی لایەنە سیاسییە بەرپرسیارەکان-، دەتوانن نەخشێکی مێژوویی لەم ساتەوەختە هەستیارانەدا بگێڕن. چەکێکی زۆر گرینگ کە ئێمە هەتا ئێستاش، لێزانانە و بەگوێرەی پێویست، کەڵکمان لێ وەرنەگرتووە، دەنگی ڕاستەوخۆی گەلە. دەنگی دلێری جەماوەر لەسەر شەقامەکانی کوردستان، دەتوانێ مێژووخوڵقێن بێت!

ئەو هێزەی حیماسەی مێژوویی ڕیفراندۆمی تۆمارکرد، هێشتاش ئەوەندەی کەراماتی نەتەوەیی هەیە بجووڵێ و لەسەر شەقامەکان بخرۆشێ و؛ پەیامی نەتەوەیەکی ستەملێکراو- کە لە جێی هەموو دنیا شەڕی تێرۆریزمی کردووە- بە گوێی دنیای ڕۆژئاواییدا بدا. ئەمریکا و ڕۆژاوا، بە مل-لارکردن و دەست پانکردنەوەی ژێربەژێر و پشتپەردەی چەند سیاسییەک هەستیان نابزوێ؛ تەنیا بە خۆپێشاندان و خرۆشی گەورەی جەماوەری ڕادەچەنن. بە هاوپشتیی میدیا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، بە حەملەی میدیایی هەماهەنگ و بەهێز، شەقام دەخرۆشێ. ئەم خرۆشە، دەبێ ڕووی پەیامەکانی، بە پلەی یەکەم، لە ڕۆژاوا بێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سۆزەی بۆ پرسی کورد لەئارادایە، بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئەمریکایی و فەرانسەیی زۆرترین ئیستعدادیان بۆ بیستن و تێگەیشتنی خێرا لەم پەیامە پڕەخنە و سکاڵایە هەیە. گەیشتنی ئەم پەیامە دەبێتە کاریگەرترین کارتی فشار بۆ دەستوبردکردنی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان دژ بەو گەلەکۆمەگییە ناوچەییەی دەوڵەتە دڕندەکانی ناوچەی ئێمە دەستیان داوەتێ.

کورد ئەزموونی کۆڕەوە مێژووییەکەی هەیە، کە چۆن جووڵەی ملیۆنیی کۆمەڵگا دنیای هێنایە سەر خەت. ڕێفراندۆمیش ڕووداوێکی مێژووخوڵقێن بوو لەو چەشنە. حیکمەتی هەر دوو ڕووداوەکە لەو هێزەدا بوو کە جووڵەی ملیۆنان کەس بە پرۆسەی سیاسی بەخشیبوو. ئێستا ئیتر ناشێ و ناچێتە ئەقڵەوە میللەتێک کە مانگێک پێشتر لە ڕێفراندۆمێکی ئازادانەدا، بە ڕێژەی نزیک بە 93% داوای مافی سەربەخۆیی کردووە، میللەتێک کە لە یادەوەریی یەک چارەکە سەدە پێشتریدا کارەساتی جینۆساید تۆمارکراوە، ڕۆژانە کوشتار و ماڵکاولی و ئاوارەیی و لاقەکرانی وڵات و هاووڵاتییەکانی ببینێ، کەچی وەک مریشکی پەلبەستراو، دەستەوستان و بێدەسەڵات، دۆش دامابێت. لە هەناوی ئەو میللەتە برینداره بێدەنگەدا، دەنگێک، هاوارێک هەیە کە ئەگەر بەشێوەیەکی شێلگیرانە بهێندرێتە سەر شەقامەکان، کاریگەرتر لە هەر شەڕ و دیپلۆماسییەک، دەتوانێ هەر بەچەند ڕۆژ، سەرنجی بیروڕای جیهانی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و ناوەندەکانی دەسەڵات وادار بە کاردانەوەی خێرا بکات.

لەم چرکە چارەنووسسازانەدا نابێ لە ئاست چارەنووسی هەرێم و پاشەڕۆژی، دەستەوستان دابنیشین. خۆپێشاندانی گەورەی جەماوەری لەسەر شەقامەکانی کوردستان، تەنیا بۆ ئەوە نییە کە دنیای دەرەوە لە ئاست هێرشی هەمەلایەنەی هێزە ناوچەییەکانی دژی کورد، بێتە سەر خەت. خۆپێشاندانی گەورە و بەردەوامی جەماوەری، بۆ ئەوەشە کە دەنگی ڕاستەوخۆی جەماوەر و ئیرادەی خەڵکی کوردستان، هێڵە سوورەکان بۆ ئەوانەش دیاری بکات کە لە دانوستانەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، نوێنەرایەتیی کورد دەکەن. خرۆشی گەورەی جەماوەری هۆکارێکی گرینگ دەبێ بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیش چیتر ڕێگا بە خۆی نەدا، لەسەر حیسابی خەڵک، پاشەکشە لە ماف و دەسکەوتە ستراتیژییەکانی گەلی کوردستان بکات. لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر بەغدا و دنیای دەرەوەش هەست بکەن کۆمەڵگەی کوردستان و جەماوەرێک کە دەنگی بە سەربەخۆیی داوە، تووڕە و لەسەرهەستە، ڕەنگە ڕێگا بە خۆیان نەدەن هەموو داوایەک بەسەر ئەوانەدا بسەپێنن کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکەن. کاتێک لە دوای ڕێفراندۆمی سەربەخۆییەوە، لە دوای داگیرکرانەوەی نیوەی خاکی نیشتمان و ئەو هەموو غەدر و تەعەددایەشەوە کە لە کەرکووک و توزخورماتوو لە ژن و منداڵی بێتاوانی کورد کراوە، هێشتاش شەقامەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک ورتەیەکیان لێوە نایەت، ئەمە مانایەکی ترسناک بەدەستەوە دەدا، ئەویش ئەوەیە کە پێشمەرگە پشتی جەبهەکەی چۆڵکراوە! ئەو بێدەنگییەی شەقامی کوردستان، نەک هەر دەبێتە هۆی دابەزاندنی زیاتری مۆراڵی پێشمەرگە، بەڵکو هێرشبەرانیش ئەوەندەی تر بێمنەت و دڕندەتر دەکات. شۆڕشەکانی کورد بە شاخەکانەوە مابوو. لەدوای ڕێفراندۆمەوە، شەقام جێی شاخی گرتووە. با لە پێناوی پارێزگاری لە کەرامەتی نەتەوەییماندا، شەقامەکان پڕ بکەین لە ئیرادە و هاواری گەلێک کە ئەگەر لە ناوخۆیدا ئێسکی یەکتریش بشکێنێ، هێشتاش سەر بۆ داگیرکەر شۆڕ ناکات!

---

# بۆچی پشتی کورد بگرین

جارد ئێم هیڵ*

لای من جێگەی بێئومێدییە کە دەبینم تاوەکو ئێستاش ئەمریکا پشتگیری و هاوکارییەکی تەواوی سەربەخۆیی کوردستانی نەکردووە. دوایین جار کە لەسەر ئەم بابەتە نووسیم، پشتگیریی تەواوەتی خۆمم بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەربڕی، ئەوەش لەسەر بنەمای ئاشنایەتی و تێکەڵاوی خۆم بوو لەگەڵ ئەو گەلە سەرسوڕهێنەرە. ئێستاش لەم وتارەدا هەوڵدەدەم ئەوەندەی زانیاری و تێگەیشتنم رێگەم پێبدات، باسی ئەوە بکەم کە بۆچی ئەمریکا دەبێ پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات. ئارگۆمێنتەکانی من لەسەر بنەمای یاسایی، ئەخلاقی و ستراتیژی دەبن.

لایەنە یاساییەکەی بۆ پەرەگرافی دووەمی مادەی 140ی دەستووری عێراق دەگەڕێتەوە. بەپێی ئەو مادەیە، حکومەتی عێراق دەبووایە لە 2007 گشتپرسییەک لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی عێراق ساز بکات، بۆ ئەوەی لەو گشتپرسییەدا خەڵکی ناوچەکە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن کە ئایا دەیانەوێ بەشێک لە هەرێمی کوردستان بن یان وەکوو پارێزگایەک لەگەڵ بەغدا بمێننەوە. بەڵام ئەمە روونەدا. سەرەتای ئەمساڵ بەغدا رازی بوو لەسەر ئەوەی مادەی 140 کارا بکاتەوە، بەڵام ئەمجارەشیان شکستی هێنا.

دوای ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلوولدا گشتپرسییەکی لە هەموو کوردستان سازکرد. رەنگە کەسانێک هەبن بڵێن ئەم گشترسییە زۆر رادیکاڵ بووە. رەنگە هەولێر توانیبای گشتپرسییەکی بەرتەسکتر تەنیا بۆ ئەو خەڵکانە بکات کە لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە دەژیان و پرسیار لە خەڵک کرابا ئاخۆ دەیانەوێت پارێزگاکەیان بەشێک لە هەرێمی کوردستان بێت؟ بەڵام ئایا ئێمەی ئەمریکی (وەکوو لە راگەیاندنی سەربەخۆییماندا هاتووە) نازانین "لە رەوتی رووداوەکاندا زۆر جار پێویستە گەلێک ئەو پەیمان و گرێبەستە سیاسییانە هەڵبوەشێننەوە کە ئەوانی بە لایەنێکی ترەوە بەستووەتەوە و لەناو دەسەڵاتەکانی سەر زەویدا قەبووڵی بکەین کە ئەو خەڵکە پێگەیەکی یەکسان و جیایان هەبێت کە یاساکانی سروشت و خوای سروشت پێی بەخشیون"، بەتایبەتیش کاتێک ئەو یاسایەی لەناو دەستووری پەسەندکراودا ئەوانی پێکەوە بەستووەتەوە بە ئاشکرا پشتگوێ خراوە؟

جیا لەمە، بەغدا بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی خۆی، ئەوەندەی دیکە بناغەی یاسایی خۆی لاواز کرد، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە بۆ بەشە پیسەکەی هێرشەکان، پەنای بردە بەر میلیشیای سەر بە لایەنێکی بیانی. ئایا ئەمە وەکوو بەکارهێنانی "بەکرێگیراوی بیانی نییە بۆ ئەوەی کوشتار و وێرانکاری بکەن؟ دەتوانم باسی زۆر شتی دیکە بکەم، بەڵام بۆ ئێستا هەر ئەوەندە بەسە.

لە زۆر رووەوە دەکرێت باسی لایەنی ئەخلاقی مەسەلەکە بکەین، بەڵام باسکردنی دوو دانەیان بۆ خاڵی مەبەستی ئەم بابەتە بەسن. یەکەمیان ئەوەیە کە لەسەرووبەندی هێرشەکانی داعشدا هەموو جیهان دەست لەسەر دەست دانیشبوون و ئەو سوپایەش کە ئێستا کورد دەچەوسێنێتەوە، دەستیان بە راکردن کرد، لەو کاتەدا کورد لەبەردەم ئەو خراپە و نەگریسیانەدا وەستایەوە کە داعش ئەنجامی دەدان. هێزە کوردییەکان بۆ خزمەتکردن و پاراستنی ئەو ناوچانە هەنگاویان ناو کە سوپای عێراق نەیتوانی خزمەتیان بکات و بیانپارێزێت. پێشمەرگە کەمینە ئایینی و ئەتنییەکانی پەنادا، پاراستنی و ئازادی کردن. لەو رووەوە کورد بنەمایەکی ئەخلاقی بەرزتر لە هی بەغدای هەبوو.

دووەم لایەنی ئەخلاقی مەسەلەکە ئەوەیە کە کورد ماوەیەکی درێژە هاوپەیمانی ئەمریکایە. ئەوان لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی بیابان و جەنگی عێراقدا پشتگیریی هەوڵەکانی ئەمریکایان کرد. کورد لە شەڕی دژی داعشدا کاریگەرترین هێزی پیادەی ئێمە بوون. رەنگە هەندێک کەس لەدژی کوردستان بڵێن کە ئەنقەرە هاوپەیمان و بەغداش دۆستی ئەمریکایە. من ئەمە بە قسەی پڕوپووچ دەزانم. من دەپرسم کەی بوو دوایین جار کە تورکیا بەراستی پشتگیری لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کرد؟ حکومەت و خەڵکی تورکیا هەڕەشەیان لێکردووین و داوایان کردووە کۆتایی بە رێککەوتنی درێژخایەنی بەکارهێنانی بنکەی ئاسمانیی ئەنجەرلیک بهێنین. ئایا هاوپەیمان ئەم شتانە دەکات؟ لە پەیوەندی لەگەڵ بەغداشدا دەپرسم ئایا حکومەتی عێراق جگە لە رژێمێکی دارەدەستی ئێران هیچی ترە؟

دادپەروەری وەها دەخوازێت کە ئەمریکا لە پشت کورد بێت، کە دۆستی راستەقینەی ئێمەن، بناغەی ئەخلاقی ئەم هەڵوێستەش ئەوەیە کە ئەوان داعشیان بە ئاڵا رەشەکەیانەوە تووشی ترس کرد.

هۆکارە ستراتیژییەکەشی ئاسانە. ئەمریکا لە دەرەوەی ئیسرائیل پێویستی بە هاوبەشێکی راستەقینەیە لە ناوچەکەدا، چونکە ئیسرائیل لەڕووی سیاسییەوە دەستی بەستراوە. کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ رێک دەکرێت ئەم هاوبەشە راستەقینەیە بێت. کوردستان دەتوانێت بەربەستێک بێت لەبەردەم فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا. جیا لەمە، لە کاتێکدا تورکیا هەڕەشەی داخستنی ئینجەرلیک دەکات، ئایا کوردستانی سەربەخۆ رێگە خۆش ناکات بۆ ئەوەی لە هەولێرەوە بانگهێشتێک بۆ دانانی بنکەیەکی چاودێریی چالاکییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بکاتەوە؟ بەڕای من بەڵێ ئەمە رێگەخۆشکەرە بۆ ئەو بانگهێشتە.

*** جارد ئێم هیڵ کاپتنێکی سوپای ئەمریکا بووە و لە ساڵانی 2007 بۆ 2008 لە عێراق بووە و ئەستێرەی برۆنزی بۆ خزمەتەکانی وەرگرتووە و ئەم وتارەی تایبەت بۆ بەشی ئینگلیزیی پۆرتاڵی رووداو نووسیوە.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## گۆنول دیلان بخوازی قازانج دەکەی

10 »


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






**کۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**کۆلێژی زانستی**
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

**کۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

**کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

**کۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ

www.familymallarbil.com

E-mail: info@familymallarbil.com

Phone Number: 009647505618484